# زیانەکانی تاوان
# وخۆپاراستن لێی

## مافی لەبەر گرتنەوەی پارێزراوە بۆ

www.ali-xan.com

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب بە کوردی: | زیانەکانی تاوان وخۆپاراستن لێی. |
| نوسەر: | مامۆستا علی خان |
| خستنە سەر کاغەز: | شەیما موحەممەد |
| دیزاینی ناوەوە: | سایتی: www.ali-xan.com |
| بەرگ: | شەیما |
| زنجیرە: | پەروەردە |
| بڵاوکردنەوەی: | کتێبخانەی ئامۆژگاری، سلێمانی. |
| نۆرە وساڵی چاپ: | یەکەم ١٤٤١ - ٢٠٢٠ |
| تیراژ: | ١٠٠٠ دانە |
| ژمارەی سپاردن: | (٨٧٩)ی کتێبخانە گشتیەکانی پێ دراوە. |

## بەرهەمی سایتی

www.ali-xan.com

لە چاپ دان وبلاو کردنەوەی

## کتێبخانەی ئامۆژگاری

سلێمانی، دارە سوتاوەکە، بەرامبەر کەشتی نوح

ktebxanayamozhgary

maktabaalnasiha

07701499711

علي خان

# زیانەکانی تاوان وخۆپاراستن لێی

لە کتێبەکانی ئیبن قەییمەوە رَحِمَهُ ٱللَّهُ وەرگیراوە

خستنە سەر کاغەز
**شَیْمَاء مُحَمَّد**

کتێبخانەی ئامۆژگاری

بسم الله الرحمن الرحيم

به ناوی خوای خاوەن بەزەیی، وبەزەیی کار

# پێشەکی

الحمدللــه رب العــالمين، والصــلاة والســلام عــلى أشرف الأنبيــاء والمرسلين، نبينا محمد، وعلى آله وصحبه أجمعين.

أما بعد:

گومــان لەوەدا نــيە کە خۆشــی وبەخــتەوەری وخۆشــحاڵی وئاسودەیی وئارامی مرۆڤ لەوەدایە کە بەردەوام دڵـی پڕ بێت لە ئیمان وخۆشویستنی خـوای پەروەردگـار وودورکەوتـنەوە لە تـاوان وسەرپێچیکردنی فەرمانەکانی، بەتایبەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کە لای مرۆڤەکـان تـاوان وسـەرپێچیکردن شـیرین بـووە وعیبـادەتی پەروەردگار قورس بوە لەلایان.

منیش بە باشم زانی کە هەستم بە نوسینەوەی دوو موحـازەرەی مامۆســتای بەرێــز: «مامۆســتا علــی خــان» -خــوا بیپارێزێــت-، بەناونیشــانی «زیانەکــانی تــاوان وخۆپاراســتن لێــی»، چــونکە زۆر بەسوود بوو بەلامەوە، ومامۆستاش خـۆی پێـداچونەوەی بـۆ کـردوو وهەندێك دەستکاری کرد.

شێوازی موحازەرەکەی مامۆستاش ئاوهایە: وتەکەی ئیـبن قـەییم دەهێنێت، پاشان ڕاڤە وشیکردنەوەی بۆ دەکات.

بەهیـوای ئەوەی ببێـتە مـایەی سـود وقـازانج بـۆ موسـڵمانان، هەروەها ببێتە تێشویەك بۆ قیامەتی منیش.

داواكارم لە خوای پەروەردگار ئەم كارەم لێ قبوڵ بكات، ونـیەتم خاڵص بكات تیایدا تەنها بۆ خۆی.

وآخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين.

**شيماء محمد**

# ڕێخۆشکار

الحمد لله رب العـالمين، والصـلاه والسـلام علـى نبينـا محمـد، وآلـه وصحبه، أما بعد: بەڕێزان: ئەوەی ئەمڕۆ هەستی پێ دەکرێ بریتیە لـە: بـە سـووك وكـەم تەماشـا كردنـی تـاوان، ونـەڕوانين لـە سـەرەنجام (عاقیبەتـ)ـی تاوان وزیانەكانی، هەروەها فەزڵی ڕزگار بـوون لـە تـاوان وڕێگاكانی.

جا پشتیوان بەخوا ئەم دوو بابەتەتان بۆ دەگوشێرم:

باسێكیان تایبەتە بە زیانەكانی تاوانەوە.

ئەوی تریشیان تایبەتە بەوەی چی وا لە مرۆڤ دەكات ڕزگاری بێت لە تاوان ودووركەوێتەوە لێی. بۆ ئـەوەی دڵـی بێـدار بێـت، چونكـە لـە ڕاستیدا كلیلی ئەم تەوەری دووەمە: بێداری وساغی دڵە -خـوای گـەورە دڵ ودەرونی من وئێوەش ساغ بكات ونەجاتمان بدات-.

جا بەڕێزان داوام لێتانە دڵتان لام بێت.

داوای دوەمم: كەس وا نەزانێت بەوم نیە وبەوەی تەنیشتیمە نەخێر وا بزانە بە تۆمە.

خوای گەورەش ئاگـای لـە دڵەكانـە ومەبەستیشـمان لـە قسـەكانمان ئامۆژگاری وبێدار كردنەوەی دەروونی خۆمانـە، پاشـان ئامۆژگـاری بـرا وخوشكانمان بۆ ئەوەی ڕاچەڵەكێن. خوای پـەروەدگاریش دەفـەرموێت: {وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنْفَعُ الْمُؤْمِنِينَ} [الذاريات:٥٥] واته: «ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بیریان بخـەوە، چونكـە بیرخسـتنەوە سـود بـە ئیمانـداران دەگەیەنێت».

ئێوەش -بە ویستی خـوا- موسـڵمانن، و-پشـتیوان بـە خـوا- حـەزی خێرتـان هەیـە وتێدایـە، ئـەو قسـانەی منـیش دەیكـەم -إن شـاء اللـه- زانیاریەكی زیاتر ناخاتـە سـەر مەعلوماتـەكانی ئێـوە، بـەڵام ئـەو تـەپ

وتۆزە لا ئەدا کە سەر ئەو زانستە شەرعیەی گرتوە کە هەتانە وکەمتەرخەمیتان تێدا کردووە.

ئەوەمان کە دەزانێت حەرامە لەگەڵ دایك وباوك خراپ بیت، کەچی لەگەڵیشیان خراپە! بەڵام کە یادی دەخەینەوە، ڕادەچەڵەکێت -إن شاء الله- ودەڵێت: بە ڕاستی من زانیومە بەڵام قەت بیرم لێی نەکردۆتەوە، ئیتر بە ئاگا دێتەوە.

هەروەها ئەوەی ئەزانێت دەست بردن بۆ ماڵی حەرام، حەرامە، ئاگرە، بەڵام لەوانەیە بیری لێ نەکردبێتەوە یان لە بیری ڕۆیشتبێتەوە ودەستی بۆ بردبێت، ئەوسا هۆشی دێتەوە ودەڵێت: خوایە تەوبە.

بەڕێزان: دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کێشەی هەموو خەڵك بریتیە لە تاوان!

وەك قەتادە -رحمە اللە- دەفەرموێ[1]: «إِنَّ الْقُرْآنَ يَدُلُّكُمْ عَلَى دَائِكُمْ وَدَوَائِكُمْ، أَمَّا دَاؤُكُمْ فَذُنُوبُكُمْ، وَأَمَّا دَوَاؤُكُمْ فَالِاسْتِغْفَارُ». واتە: «خوای بەرز وپیرۆز لە قورئان دا دەرد ودەرمانەکەی خۆتانی بۆ دیاری کردون؛ دەردتان تاوانە، دەرمانەکەشتان تەوبە وداوای لێبوردنە، پاك بونەوەیە لەو تاوانەی ئەنجامتان داوە».

ولە ئەبو دەرداوە هاتووە ئەفەرموێ: «أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِدَائِكُمْ وَدَوَائِكُمْ؟ أَمَّا دَاؤُكُمْ فَحُبُّ الدُّنْيَا، وَأَمَّا دَوَاؤُكُمْ فَذِكْرُ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ»[2]. واتە: «پێتان بڵێم چی دەردی ئێوەیە وچیش دەرمانتانە؟ دەردی ئێوە خۆشەویستی دونیایە، ودەرمانەکەشتان یاد کردنی خوای میهرەبانە».

---

[1] أخرجه البيهقي في «شعب الإيمان» (٦٧٤٥). وقال: «وَقَدْ رُوِيَ هَذَا بِإِسْنَادٍ مَجْهُولٍ مَرْفُوعًا»، ثم أورده بعده. وأخرجه ابن أبي الدنيا عن «سَلَامِ بْنِ مِسْكِينٍ» في كتاب «التوبة» (٩١) مكتبة القرآن.

[2] أخرجه البيهقي في «شعب الإيمان» برقم: (١٠١٦٣) بلاغًا.

# زیانەکانی

# تاوان

# زیانەکانی تاوان کردن

یەکێ لەو زانا بەڕێزانەی لەسەر ئەم بابەتە شتێکی بە پێز وپوخت وجوانی نوسیوە بریتیە لە: ئیبن قەییم رحمە اللە کە پێی ئەڵێین: پزیشکی دڵان، ئەویش لە کتێبی: «الداء والدواء»ـە بەنرخەکەیدا[١].

بەم تەوەرە دەست پێ دەکەین بۆ ئەوەی سەرەتا بزانن تاوان چەند زیانبەخش وشوم وکاریگەریەکەی خراپی هەیە، کە ئەمەتان بۆ ڕوون بوویەوە وئەمەتان بیر کەوتەوە وحەز وئارەزوی وازهێنانتان بۆ دروست بوو، دەڕۆینە سەر تەوەری دووەم -پشتیوان بە خوا-، بۆ ئەوەی هەمووی خۆی لەو زیان وشوومیانە بپارێزێت.

جا سەرەتا بە پێناسەی تاوان دەست پێ دەکەین:

تاوان: بە کورتی بریتیە لە شکاندنی فەرمان پێ کراوێك یا کردنی ڕێگری لێکراوێك.

بریتیە لە شکاندنی سنوری خوا وسەرپێچی کردنی وتوڕە کردنی.

وخۆ دوورخستنەوە لە خوای باڵا وبەهەشت وڕەزامەندی وی. وخۆ نزیك کردنەوە لە دۆزەخ.

تاوان کردن ئەو کارەیە دڵ رەق دەکات. ئەگەرچی شتانێکیش هەن لە حەڵاڵەکان موسڵمان بەرەو دڵ رەقی دەبەن ئەگەر زۆر ئەنجامی بدات.

---

(١) ئەم کتێبە هەر هەمووی شەرح کراوە لە وانەکانی دواى نوێژی بەیانیان لە مزگەوتی قازی محمد ودەتوانیت لێرەوە لە سایتی: « www.ali-xan.com » گوێبیستی بیت: www.ali-xan.com/daa-wa-dawaa .

ئەمانە هەمووی بە پێناسەی تاوان وەری بگریت.

ئیبن قیم رَحِمَهُ ٱللَّهُ ئەڵێ: «وللمعاصي من الآثار القبيحة المذمومة والمضرّة بالقلب والبدن والدنيا والآخرة ما لا يعلمه إلا الله»[1]. «تاوان، گەلێك شوێنەوار وكاریگەری زەرەرمەندی هەیە بۆ سەر دڵ ودەروون ولاشەش، هەم بۆ دونیا ودوارۆژ، هەم بۆ دین وهەم بۆ ژین».

جا بەدبەختی بۆ کەسێك كارێك بكات زیان دەدات لە دڵ ودەرون ولاشەشی، لە دونیایی ولە دوارۆژیشی. زیان وزەرەر لەوە گەورەتر هەیە؟!

لەبارەی ئەو شوێنەوار وكاریگەریە خراپانەی تاوانەوە ئەفەرموێ:

## یەکەمیان: بێ بەش بوون لە زانستی شەرعی

«فمنها: حرمان العلم: فإنَّ العلم نور يقذفه الله في القلب، والمعصية تطفئ ذلك النور».

بێ بەش بوون لە زانستی شەرعی: تاوانكار لە فێربونی زانست بێ بەش ومەحروم دەبێت، جاری وا هەیە موسڵمان زانستێكی لە بیرەوە دەچێت بەهۆی تاوانەوە، هەندێ لە سەلەف دەفەرمون[2]: «دوای چل

---

(١) بڕوانە: کتێبی: «الداء والدواء» (ل ١٣٢) لمحمد بن أبي بكر ابن قيم الجوزية، ت: محمد أجمل الإصلاحي. ط ١، عالم الفوائد - ١٤٢٩ هـ.

(٢) دەقەکەی: «عَنْ أَبِي عَبْدِ اللَّهِ الْجَلَّاءِ [وسُمِّيَ بِذَلك لِأَنَّه كَانَ يَجْلُو القُلوبَ بِكَلَامِه]. قَالَ: كُنْتُ أَمْشِي مَعَ أُسْتَاذِي يَوْمًا فَرَأَيْتُ حَدَثًا جَمِيلًا فَقُلْتُ: يَا أُسْتَاذِي تَرَى يُعَذِّبُ اللَّهُ هَذِهِ الصُّورَةَ؟ فَقَالَ: وَنَظَرْتَ؟ سَتَرَى غِبَّهُ. قَالَ: فَنَسِيتُ الْقُرْآنَ بَعْدَ ذَلِكَ أربعين سَنَةً» بڕوانە: کتێبی: «صيد الخاطر» لجمال الدين أبى الفرج عبد الرحمن ابن الجوزي، ط: دار القلم، (ص ٣٩) وذكرها فيه أكثر من مرة. وفي: «مرآة الزمان في تواريخ الأعيان» و«عجالة المحتاج إلى توجيه المنهاج» وغيرهما: «عشرين سنة».

ساڵ قورئانم لە بیرەوە چوو، وا هەست دەکەم بە هۆی تاوانێکەوە بوو پێش چل ساڵ ئەنجامم داوە».

شافیعی دەفەرموێ:

بە وەکیعم وت: بیرم گۆڕاوە — وتی: تاوانە لێتی تێکداوە
هەروا پێی وتم: زانست نورە — نوریش لە تاوانکارەوە دوورە

ئەڵێ: سکاڵام بردە لای وەکیعی مامۆستام، پێم وت: شتم لە بیر دەچێتەوە، وەك ئەوسا نەماوە، ئەویش فەرمووی: واز لە تاوان بهێنە، هەروەها وتی: عیلم نورە، نوری خوایش بە کەسی سەرپێچی کار نادرێت.

هەروەها مالك پێی دەڵێت: هەست دەکەم خوا نورێکی خستۆتە دڵتەوە، بە تاوان مەیکوژێنەوە.

وزەحاکی کوڕی موزاحیم ئەڵێ[1]: «هیچ کەسێك نیە قورئانی لە بیر بڕواتەوە دوای لەبەرکردنی مەگەر بە هۆی تاوانەکانیەوە بووە».

هەروەها ئیبن مەسعود ئەفەرموێت: «وا دەبینم کابرا زانستەکەی لە بیر دەچێتەوە بە هۆی تاوانێکەوە کە ئەنجامی دەدات»[2].

---

**(١)** دەقەکەی: «ما من أحد تعلم القرآن ثم نسيه إلا بذنب يحدثه؛ وذلك بأن الله تعالى يقول: ﴿وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ﴾ [الشورى:٣٠]، ونسيان القرآن من أعظم المصائب». أخرجه ابن أبى شيبه فى «مصنفه» برقم: (٣٠٦١٨)، وأبو عبيد في «فضائل القرآن» رقم: (ص ١٠٤). ووكيع بن الجراح في «الزهد» رقم: (٩٥).

**(٢)** دەقەکەی: «إِنِّي لَأَحْسَبُ الرَّجُلَ يَنْسَى الْعِلْمَ كَانَ تَعَلَّمَهُ، لِلْخَطِيئَةِ يَعْمَلُهَا». أخرجه الدارمى فى «مسنده» (٣٧٩/١) برقم: (٣٨٨)، والطبراني في «الكبير» (١٨٩/٩) برقم: (٨٩٣٠)، أبو نعيم فى «الحلية» (١/ ١٣١)، وأبو داود فى «الزهد» برقم: (١٦٩). وزهير بن حرب فى «العلم» (١٣٢).

هەروەها پیاوێك پرسیار لە مالك دەكات ئەڵێ: چی باشە بۆ شت لە بەر كردن، ئەویش فەرموی: ئەگەر شتێك باش بێت، بریتیە لە وازهێنـان لە تاوان»[١].

## دووەم: بێ بەش بوون لە ڕۆزی یان کەمبوونەوەی

«ومنها: حرمان الرزق. وفي المسند: «إنّ العبد لَيُحْـرَم الـرزقَ بالـذنب يصيبه». وكما أنّ تقوى الله مَجلَبة للرزق، فترك التقوى مجلبة للفقر. فما استُجْلِبَ رزقُ الله بمثل ترك المعاصي».

کەم بوونەوەی ڕۆزی وبێ بەش بوون لێی، وەك لە فەرموودەیەك دا هاتووە پەیامبەر ئەفەرموێ: «إِنَّ الرَّجُلَ لَيُحْرَمُ الرِّزْقَ بِالذَّنْبِ يُصِيبُهُ، وَلَا يَرُدُّ الْقَدَرَ إِلَّا الدُّعَاءُ، وَلَا يَزِيدُ فِي الْعُمُرِ إِلَّا الْبِرُّ»[٢]. واتە: «کەسی وا هەیە لە ڕۆزیەك بێ بەش دەبێت بە هۆی تاوانێکەوە ئەنجامی داوە».

جا چۆن تەقوای خوا ڕۆزی هێنەرە، لە خوا نەترسانیش بـە هـەمان شێوە ڕۆزی بڕ وهەژارخەرە. جا بەندە هـیچ ڕۆزی هێنـەرێکی دەسـت ناکەوێت کاریگەر بێت بە قەد وازهێنان لە تاوان.

مەحروم بوونیش لە ڕۆزی دوو جۆرە:

**یەکەمین**: بن بڕکردن ونەهێشتنی، یان کەمکردنەوەی.

---

**(١)** دەقەکەی: «سَأَلَ رَجُلٌ مَالِكَ بْنَ أَنَسٍ: يَا أَبَا عَبْدِ اللَّهِ هَلْ يَصْلُحُ لِهَذَا الْحِفْـظِ شَيْءٌ؟ قَـالَ: إِنْ كَانَ يَصْلُحُ لَـهُ شَيْءٌ فَـتَرْكُ الْمَعَـاصِي». أخرجـه الخطيـب في «الجـامع لأخـلاق الـراوي وآداب السامع» (٢/٣٥٨) (١٧٨٣)، وابن المقرئ في «معجمه» (ص ١١٨) (٣٠٤).

**(٢)** أخرجـه ابـن حبـان في «صـحيحه» (٨٧٢)، وابـن ماجـه في «سـننه» (٩٠)، وأحمـد في «مسنده» (٢٢٨٢١)، وابن أبي شيبة في «مصنفه» (٣٠٤٨٧). وقال محققو المسند: «حسـن لغـيره دون قوله: «إن الرجل...»» اهـ. وقـال البوصـيري: سـألت شـيخنا أبـا الفضـل القـرافي عـن هـذا الحديث فقال: «حسن». «حاشية السندي» (١/٤٧).

**دووەمیش**: پیت وقووت وفەڕ (بەرەكەت) نەهێشتنی.

عەبدوڵای كوڕی عەبباس ئەفەرموێ[(١)]: «چاكە كردن ڕووناكیەكی هەیە لە دەم وچاو دا، نورێكی هەیە لە دڵ دا، وفراوانی هەیە لە ڕۆزی دا، وهێزی لاشەیە، هەروەها خۆشەویستت دەكات لە دڵی خەڵكدا، تاوان كردنیش ڕوو ڕەش دەكات، ودڵ تاریك دەكات، لاشە بێ هێز دەكات، وڕۆزی كەم دەكات، وڕق لێبوونی تاوانبار دەخاتە دڵی خەڵكیەوە»... پەروەردگاری داناش ئەفەرموێ: {وَلَو أَنَّ أَهلَ القُرَى ءامَنُوا وَاتَّقَوا لَفَتَحنَا عَلَيهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاء وَالأَرضِ} [الأعراف:٩١]، واتە:

---

(١) دەقەكەی: «إنّ للحسنة ضياءً في الوجه، ونورًا في القلب، وسعة في الرزق، وقوةً في البدن، ومحبةً في قلوب الخلق. وإنّ للسيئة سوادًا في الوجه، وظلمةً في القلب، ووهنًا في البدن، ونقصًا في الرزق، وبغضةً في قلوب الخلق». أورده ابن القيم في روضة المحبين أيضًا (ص٥٩٥) ط المجمع ونسبه إلى أنس أيضًا. وقال محقق «الداء والدواء» ط المجمع (١٣٥) وما بين هاتين المعقوفتين فمن عندي [ ] قال: «لم أقف عليه. وقد ورد نحوه عن الحسن البصري ومالك بن دينار وإبراهيم بن أدهم [وسليمان التيمي، والحسن بن صالح] وأنس بن مالك مرفوعًا:

**فأما الحسن**: فأخرج قوله ابن أبي الدنيا في «التوبة» (١٩٧،١٩٣) والبيهقي في الشعب (٦٨٢٦) وغيرهما [كابن أبي شيبة] بلفظ «إن الرجل ليعمل الحسنة فتكون نورًا في قلبه، وقوة في بدنه. وإن الرجل ليعمل السيئة فتكون ظلمة في قلبه، ووهنًا في بدنه». هذا لفظ ابن أبي الدنيا، وسنده صحيح.

**وأما مالك بن دينار**: فأخرج كلامه أحمد في «الزهد» (١٨٧٦) بلفظ «إن لله تبارك وتعالى عقوبات في القلوب والأبدان، وضنكًا في المعيشة، وسخطًا في الرزق، ووهنًا في العبادة».

**وأما إبراهيم بن أدهم** فقال: «إن للذنوب ضعفًا في القوة، وظلمةً في القلب وإن للحسنات قوة في البدن ونورًا في القلب». أخرجه البيهقي في «الشعب» (٦٨٢٧).

[**أما أثر سليمان التيمي**: فقال «الْحَسَنَةُ نُورٌ فِي الْقَلْبِ وَقُوَّةٌ فِي الْعَمَلِ، وَالسَّيِّئَةُ ظُلْمَةٌ فِي الْقَلْبِ وَضَعْفٌ فِي الْعَمَلِ» أخرجه أبو نعيم في «الحلية» (٣٠/٣).

**أما أثر الحسن بن صالح** فقال: «الْعَمَلُ بِالْحَسَنَةِ قُوَّةٌ فِي الْبَدَنِ، وَنُورٌ فِي الْقَلْبِ، وَضَوْءٌ فِي الْبَصَرِ، وَالْعَمَلُ بِالسَّيِّئَةِ وَهَنٌ فِي الْبَدَنِ، وَظُلْمَةٌ فِي الْقَلْبِ، وَعَمًى فِي الْبَصَرِ»].

**وأما حديث أنس بن مالك**: فذكره ابن أبي حاتم في «العلل» (١٩٠٩) وقال: «هذا حديث منكر، وأبو سفيان مجهول»» اهـ. أخرجه أبو نعيم في «الحلية» (٢/ ١٦٠، ١٦١) وقال: «غَرِيبٌ مِنْ حَدِيثِ الْحَسَنِ عَنْ أَنَسٍ، لَمْ نَكْتُبْهُ إِلَّا مِنْ هَذَا الْوَجْهِ تَفَرَّدَ بِهِ عَمْرُو بْنُ أَبِي قَيْسٍ».

«ئەگەر خەڵکی شارەکان بڕوایان بە خوا بهێنایە وپارێزیان بکردایە، ئەوا بەرەکەتمان لە ئاسمان وزەویەوە بۆ دادەبەزاندن». جا خۆپـارێزی ڕۆزی زیاد دەکات وبەرەکەت وفەڕ دەهێنێـت. هـەروەها ئەفـەرموێ: {وَمَـن يَتَّقِ اللَّهَ يَجعَل لَّهُ مَخرَجاً وَيَرزُقهُ مِـن حَيـثُ لاَ يَحتَسِـبُ} [الطـلاق:٢]. واتە: «خۆی لە تاوان بە دوور بگرێت خـوا دەرووی لـێ دەکاتـەوە ولـە لایەکەوە ڕۆزی دەدات کە بە مێشکی دا نەهاتبێت». بە تایبەت ئەگەر تەماشای هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتە بکـەین زیـاتر ئـەم واتایـە ڕوون دەبێتەوە.

هەر لەو شتە بە پێزانەی جێی خۆیەتی لێرەدا باسی بکەین ئەوەیـە کە لە ژیاننامەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دا هاتووە: نزیك چواردە منداڵی بەجێهێشـتووە کـە لـە سـەرەمەرگ دا پێیـان وتـووە: چیـت بـۆ منداڵەکانت بە جێهێشتووە، فەرمووی: شتێکی وام بۆ بە جێنەهێشتوون مەگەر تەقوای خوای گەورە[1].

جا ئیبن جەوزی دەگێڕێتـەوە[2]: کـە یـەکێك لـە زانایـان ئامۆژگـاری مەنسـوری کـردووە، وپێـی وتـووە: عومـەری کـوڕی عەبدولعـەزیز بـە ڕەحمـەت بێـت وەفـاتی کـرد ویـازدە منـداڵی بـە جێهێشـت وهـەموو وەرەسەکەی حەڤدە دینار بوو؛ پێنجی خەرج کرا بۆ کفنەکـەی، شـوێنی

(١) بڕوانە: «جمهرة أنساب العرب» لابن حزم (ص ١٠٥). چونکە ئێستا دێـت ئـەڵێ: یـانزە. منداڵەکانی هیشامیش بەناوبانگە کە نۆزدەن. بۆ چیرۆکێکی نزیك لەمەش بڕوانە: «سيرة عمـر بن عبد العزيز» لعبد الله بن عبد الحكم المصري (ت ٢١٤هـ)، (ص ١٠١) ط عالم الكتب.

(٢) «**سيرة ومناقب عمر بن عبد العزيـز الخليفـة الزاهـد**» لابـن الجـوزي، (ص ٣٣٨) ط دار الكتب العلمية.

قەبرەکەشی بە دوو دینار، وباقیەکەشی بە سەر منداڵـەکانی دا دابـەش کرا، هەر منداڵێکیشی تەنها نۆزدە درهەمی بەر کەوت.

لەولاشەوە هیشامی کوڕی عەبدوملەلیك وەفاتی کرد ویـازدە کـوڕی بەجێهێشـت، کـە میراتەکـەی دابـەش کـرا هـەر یەکـەیان ملیـۆنێکی بەرکەوت.

لە کاتێك دا یەکێك لە منداڵـەکانی عومـەری کـوڕی عەبدولعـەزیزم بینی لە یەك ڕۆژدا سەد وڵاخی کردە ڕێی خوا بۆ تێکۆشـان، وە یـەکێك لە منداڵەکانی هیشامم بینی خەڵك خێری پێ دەکرد.

هیشامی کوڕی عەبدوملەلیك بۆ هـەر یـەکێك لـە منداڵـەکانی ئـەو هەمووە زێڕەی بە جێهێشتووە بەڵام بەتاڵ لە تەقوای خوا. ئەوە ئەبێت دواجار منداڵـەکانی عومـەری عەبدولعـەزیز لـە پێنـاوی خـوا ئەوەنـدە پارەیان زۆرە یارمەتی سوپای ئیسـلام دەدەن لـە جەنگـەکانی دا، بـەڵام منداڵـەکانی هیشـام ئـەڵێن: لـە سـەردەمی ئـەبو جەعفـەری مەنسـور سواڵیان کردووە وتوویانە: لە ڕێی خوا لـەو ماڵـەی خـوا پێـی داون بـێ بەشمان مەکەن.

## سێیەم وچوارەم: هەستکردن بە وەحشەت وناڕەحەتی

«ومنها: وحشة يجدها العاصي في قلبه بينه وبـيّن اللـه، لا يوازنهـا ولا يقارنها لذة أصلًا. ولـو اجتمعـت لـه لـذّاتُ الـدنيا بأسرهـا لم تـفِ بتلـك الوحشة. وهذا أمر لا يحسّ به إلا من في قلبه حياة...».

تاوانکـار لـە دڵـی دا هەسـت بـە ئـازار وتـەنیایی وسـاماکی وپەڕاگەندەییەکی بێ وێنە دەکات، هەست بـە نـاڕەحـەتی ونـاهۆگری دەکات، هەست دەکات ئەم دونیایەی لێ هاتۆتەوە بە یەکدا. چ لەگەڵ

خەڵك، وچ لەگەڵ خوادا. وەك خوا ئەفـەرموێت: {وَعَـلَى الثَّلَاثَـةِ الَّـذِينَ خُلِّفُوا حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنْفُسُـهُمْ} [التوبة: ١١٨] «ئـەم سـەر ئـەرزە بـەم فراوانیـە هـات بـە یـەك دا لـەو کەسانەی دواکەوتن وفەرمان شکێنیان کرد. بـەڵکو لـە خۆیشـیان بێـزار بوون». جا کاتێك تاوان ئەنجام دەدەیت وەحشەتێك لە دڵیدا دروسـت ئەبێت، وەحشەت تەنهاییە وپەرتیە، دژی هۆگری وکۆمەڵـە، بریتـی لـە تەنها کەوتن وپەڕاگەندەیی ووێڵ بوونی دڵ.

وەحشـەت ئەوەیـە تاوانکـار لـەناو خەڵکیـدا هەسـت بـە تـەنیایی دەکات، لە نێوان خۆی وخواشدا هەست بە ناڕەحەتیـەکی زۆر ئـەکات، ئەوسا دوعای ئەکرد هەسـتی ئـەکرد خـوا زۆر نزیکـە لێیـەوە، هەسـتی ئەکرد دووعاکانی بۆ زاتێك ئەکات نزیکە لێوەی، بەڵام ئێستا دووعا ئەکا هەستەکا مەودایەکی دوور هەیە لە نێوان خۆی وپەروەرینەکەی دا.

ئەو ناڕەحەتیەی تاوانکار هەستی پێ دەکات لە دڵیدا لەگەڵ خوادا، هەر خۆشیەك بخە تەنیشتی بەراورد ناکرێت لەگەڵیدا، بـەڵکو هـەرچی خۆشی دونیایە کۆ بکەرەوە دەرەقەتی ئەو ناڕەحەتیـە نایـەت. ئەمـەش شتێکە کەسێکی دڵ زیندوو هەستی پـێ دەکـات. مەگـەر زامـی گیـانی مردوو ئێش ئازاری تیایە؟ جا ئەگەر واز لـە تـاوان نـەهێنرێت تـەنها لـە ترسی ئەوەی موسڵمان تووشی ئەم ناڕەحەتیەی دڵ نەبێت «الوحشـة»، ئەوا بەسە بۆ کەسی ژیر کە واز لە تاوان بهێنێت.

جارێك پیاوێك سکاڵای ناخۆشی وناڕەحەتیـەکی کـرد کـە لـە دڵیـدا هەستی پێ دەکرد، ئەویش پێی وت:

گەر ناڕەحەتی دەستی تـاوانی ئاسودە ئەبی، بە واز هێنانی

تاوانت کـرد، خـەمباری کـردی ده چاکه بکە، با ئاسوده بـی

هەروەها لە نێوان خۆی وخەڵك دا، هەست بـە نـاڕەحەتیـەکی زۆر دەکات، بە تایبەت لەگەڵ کەسە چاکەکاندا، تا ئـەو نـاڕەحەتیـەی دڵـی زیاتر بکات زیاتر لێیان دوور دەکەوێتەوە، وبێ بەش دەبێت لـە سـوود لێ وەرگرتنیان.

بە گوێرەی نزیك بوونەوەی لە حیزبی شـەیتان نزیـك دەبێتـەوە لـە حیزبی ڕەحمان.

هەروەها لەو ناڕەحەتیە وای لێدێت، خەڵك باسی هەرشـتێ ئەکـەن واتێ ئـەگات مەبەسـتیان ئـەوە، هـەر قسـەیەك ئەکـەی بـە خـۆی تـێ دەگات. تاوان وای لێ کردووە، باسی هەر تاوانێـك بکـەی، ئـەڵێ ئـەوە مەبەستی منە.

ئەم ناڕەحەتیە لەگەڵ خەڵك دا ڕەگ وڕیشە دادەکوتێت تا وای لـێ دێت دەکەوێتە نێوان خـۆی وخێـزان وخزمەکانیشـی، تەنانـەت لەگـەڵ خـۆی ودەرونیشـیدا دەبێـت لـە خۆیشـی بێـزارە. ئەمـەش لـە زەرەرو وزیانەکانی تاوانە وەك هەندێ لە سەلەف دەفەرمون: «کە تاوان ئەکەم لە مامەڵەی خێزان ومنداڵ وئاژەڵەکەشم هەستی پێ دەکەم»[1].

بە کورتی تا تاوانەکان زۆر بن وەحشـەت وپەڕاگەنـدەیی دڵ زیـاتر ئـەبێت. وتـاڵترینی ژیـان ژیـانی ئەوانەیـە لـە وەحشـەت وترسـدان. وخۆشترین ژیانیش ژیانی ئەوانەیە لە ئونسدان.

---

(١) دەقەکەی: «وَإِنِّي لَأَعْصِي اللهَ فَأَعْرِفُ ذَلِكَ فِي خُلُقِ حِمَارِي وَخَادِمِي [وَامْرَأَتِي وَفَأْرِ بَيْتِي]» أخرجه أبو نعيم في «الحلية» (١٠٩/٨)، وابن الجوزي في «صفة الصفوة» (٤٢٨/١) والزيادة لابن كثير في «البداية والنهاية».

ئەم سزایە ئیبن قەییم بە واتایەکی تر لە (ل١٨٢) دووبارەی دەکاتەوە.

جـا ئەگـەر بـەراورد بکـات لـە نێـوان تـامی تـاوان وئـەو تـرس ووەحشەتەی لێی دەبێتەوە ئەوا بۆی دەردەکـەوێت حـاڵی زۆر خراپـە، وزەرەرێکـی زۆری کـردووە. چونکـە ئـونس ودڵنیـایی وچێـژی تاعـەتی فرۆشتووە بە وەحشەتی تاوان وئەو ترسەی لێی دەکەوێتەوە.

نهێنی ئـەم خاڵـەش ئەوەیـە تاعـەتکردن ئەبێتـە مایـەی نزیکـی لـە خواوە، تا بەندەش نزیك بێت لە خواوە ئونس وخۆشی لە دڵیدا ئەبێت. سەرپێچیش ئەبێتە مایەی دووری لە خواوەوە، بەندەش تا دوور بێت لە خواوە وەحشەت وتەنیایی زیاد ئەکات.

## خاڵی پێنجەم: کارەکانی لەسەر قورس وگران دەبێت

«ومنها: تعسير أموره عليه. فلا يتوجّه لأمر إلا يجده مغلقًـا دونـه، أو متعسّرًا عليه. وهذا كما أنّ من اتقى الله جعل له من أمـره يسرًـا، فمـن عطّل التقوى جعل له من أمره عسرًا».

لە زیانەکانی تاوان ئەوەیە کارەکانی لەسـەر قـورس وگـران دەبێـت، ئیشەکانی بە ئاسان ناڕوات بەڕێوە، دەسـت بـۆ چـی دەبـات، بـۆ هـەر شوێنێك دەڕوات هەست دەکا دەرگاکانی لەسەر داخراوە. بەڕاستی زۆر کەس گلەییم لا دەکات وئەڵێ: سیحرم لێ کراوە! دەست بۆ هـەر شـت وبۆ هەر شوێنێك ئەڕۆم ڕێکی نایـەت. «الـذنوب» تاوانەکانـە بـەڕێزان! نەك سیحر وجادو، جا با وریای تاوانەکان بین.

جا وەکو چۆن تەقوای خوا دەروت لێ دەکاتەوە بـە هـەمان شـێوە تاوان دەرگات لێ دادەخات. کابراش نازانێت لە کوێوە ئەوەی بـە سـەر هاتووە.

## شەشەم: هەست کردن بە تاریکیەکی ڕاستەقینە لە دڵیدا

«ومنها: ظلمة يجدها في قلبه حقيقةً، يحسّ بها كما يحس بظلمة الليل البهيم إذا ادلهمَّ، فتصير ظلمةُ المعصية لقلبه كالظلمة الحسّية لبصره».

هەست کردن بە تاریکیەکی هەقیقی لە دڵ ودەرونی دا وەك چۆن هەست دەکات بە ڕەشی شەوی تاریك، جا تاوان لەسەر دڵی وەك تاریکیە بەرجەستەییە بۆ چاوەکانی. چونکە گوێڕایەڵی خوا ڕوناکیە وسەرپێچیش تاریکیە جا تا تاریکیەکە زیاتر بێت سەرگەردانی ئەویش زیاد دەکات تا وای لێ دێت تووشی بیدعە وخورافیات وگومڕایی وخراپەی زۆر دێت وهەستیش ناکات وەك لە شەوێکی تاریك دا بە تەنها دەر بچێت، ئەم تاریکیە جاری وا هەیە بە هێز دەبێت تا لە ناو چاوانیشی هەستی پێ دەکرێت وهەمو دڵ ساغێك دەیبینێت.

جا پێشتریش وتەکەی عەبدوڵای کوڕی عەباسمان لەم بارەوە هێناوە کە فەرموی: چاکەکردن ڕوناکی ئەخاتە دەم وچاوەوە، ونوور ئەخاتە دڵانەوە، ڕۆزی زیاد دەکات، ولاشە بەهێز دەکات، لە دڵی خەڵك دا خۆشەویستت دەکات. تاوانیش ڕوو ڕەش ئەکات، ودڵ تاریك ئەکات، ولاشە لاواز ئەکات، ڕۆزی ناهێڵێ، ڕقیشت ئەخاتە دڵی خەڵکیەوە».

## حەوتەم: تاوان دڵ ولاشە لاواز دەکات

ومنها: أنّ المعاصي توهن القلب والبدن. أما وهنها للقلب، فأمر ظاهر بل لا تزال توهنه حتى تزيل حياته وأما وهنها للبدن، فإنّ المؤمن قوته من قلبه، وكلّما قوي قلبه قوي بدنه».

تاوان دڵ ولاشە لاواز دەکات، ئەم خاڵە بەکەم مەزانن:

سەبارەت بە یەکەم ئەوە حاشا هەڵنەگرە وئاشکرایە کە بەردەوام لاوازی دەکات تا ژیانی تێدا ناهێڵێت.

سەبارەت بە دووەم: بڕوادار هێزی لە دڵیەوەیەتی، جا تا دڵی بەهێزتر بێت لاشەشی بەهێزتر دەبێت.

بەڵام مرۆڤی خراپەکار ئەگەر لاشەشی بەهێز بێت لە حەقیقەت دا لاوازە، دڵی لاوازە، هەر بۆیە ئەوکاتەی کە پێویستی بە لاشەیەتی پێویستی بە دڵیەتی ناچنە دادیەوە چونکە تاوانەکان بێ هێزیان کردوە لاوازیان کردوە. تەماشای هێزی لاشەی فارس وڕۆم بکە ئەو کاتەی لەو پەڕی پێویستی دا بوون پێی چۆن پشتی بەردان ونەچووە دادیانەوە. بەڵکو ئەهلی ئیمان بە هێزی دڵ ولاشەیان زاڵ بوون بە سەریاندا.

## هەشتەم: بێبەش بوون لە تاعەتی خوای میهرەبان

«ومنها: حرمان الطاعة. فلو لم يكن للذنب عقوبة إلا أنّه يصدّ عن طاعة تكون بدَلَه، ويقطع طريق طاعة أخرى، فينقطع عليه طريقُ ثالثةٍ، ثم رابعةٍ، وهلمّ جرًّا. فينقطع عليه بالذنب طاعات كثيرة، كل واحدة منها خير له من الدنيا وما عليها. وهذا كرجل أكل أكلةً أوجَبَتْ له مرضة طويلةً منعته من عدة أكَلات أطيب منها، فالله المستعان».

بێبەش بوون لە عیبادەت کردن:

تاوان خاوەنەکەی لە عیبادەت کردنی پەروەردگار مەحروم دەکات، جا ئەگەر تەنها ئەم زیانەی بێت هەقە کەسی ژیر لە تاوان دوور بکەوێتەوە.

هیچ تاوانێکیش ئەنجام نەدراوە مەگەر لە جێگەی چاکەیەکدایە، وڕێ دەگرێت لە عیبادەتێکی تر، جا بەهۆی تاوانەوە چاکە

وعیبـادەتێکی زۆری لـە دەسـت دەچێـت هـەر یـەکێکیان لـە دونیـا وئەوەشی تێیدایە بۆ ئەو باشترە. ئەمـەش وەك کەسێك وایـە بـە هـۆی خواردنی خۆراکێکەوە لە چەندین جۆرەها خۆراکی تـری خـۆش بێبـەش بێت.

جا تاوان تاوانێکی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، زۆر وریای ئەمە بن! با ئەمە واتان لێ بکات تاوان نەکەن.

چونکە هەر تاوانێك تاوانێکی تـر بـەدوای خۆیـدا دەهێنێـت، یـانی هەر ئەوە نیە بڵێی: تاوانێکە وتەواو ڕزگارم ئەبێت، بەڵکو تـاوانێکی تـر بەدوای خۆیدا دەهێنێت تاوەکوو دڵ رەش ئەبێت خوا پەنامان بدات.

هەر لە نمونەکانی بێ بەش بوون لە عیبادەت کـردن: پێشـتر نـوێژی سـوننەتی ئـەکرد، ڕۆژوی سـوننەتی ئـەگرت، شـەو نـوێژی ئـەکرد، زۆر ئاسان بوو بەلایەوە، بەڵام ئێستا ئەڵێی شاخە لەسەری، ئەگەر هەستێت بۆ شـەو نـوێژ ئـەڵێی بەسـەر شـاخدا سـەر دەکـەوێت. ئەگـەر قورئـان بخوێنێ بە هەمان شێوە.

## نۆیەم: تاوان تەمەن کورتدەکاتەوە وبەرەکەتی ناهێڵێت

«ومنها: أن المعاصي تقصّر العمر، وتمحق بركته، ولابـدّ؛ فـإنّ الـبرّ كـما يزيد في العمر، فالفجور يقصّر العمر... وسرّ المسألة أنّ عمر الإنسان مدة حياته، ولا حياة له إلا بإقبالـه عـلى ربـه، والتـنعم بحبـه وذكـره، وإيثـار مرضاته».

تاوان کردن تەمەن کورت دەکاتەوە وبەرەکەت وفەڕی ناهێڵێت: کە تاوان تاوانێکی تر بە دوای خۆیدا بهێنێت، ئەوسا ژیانی تاوانکار کـورت

دەبێتـەوە وبریتـی ئـەبێت لـە تـاوان، دەی ژیـان وتەمـەنی ڕاسـتەقینە ئەوەیە لەگەڵ خوادا بێت کەواتە ئەم کەسە تەمەنی بە فیڕۆ چووە.

جا ئەوەی گرنگە بزانرێت: گومـانی تێـدا نیـە تـاوان تەمـەن کـورت دەکاتەوە وبەرەکەتی ناهێڵێـت، جـا چـۆن چاکـە کـردن وەك پەیامبـەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفـەرموێ: «لـە تەمــەن زیــادە دەکــات»[1]. کەواتــە خراپەکاریش تەمەن کورت دەکاتەوە.

زانایانیش لەم بارەوە -واتە لەبارەی ئەوە چـۆن تەمـەن زیـاد وکـەم دەکات لە کاتێکدا نوسراوە- ڕاجیاوازن:

هەندێك ئەڵێن: بریتیە لە نەمانی بەرەکەت وفەڕی تەمـەنی وپیـت وقوتی ئەڕوات.

وتراویشە: بەڵکو بە ڕاستەقینەیی لێـی کـەم دەکاتـەوە، وەك چـۆن ڕۆزی کۆمەڵێك هۆکاری هەیە، بە گـوێرەی ئـەوە کـەم وزیـاد دەکـات. تەمەنیش ئاوهایە.

وتراویشــە: هەقیقــەتی ژیــان وتەمــەن، ژیــانی دڵــە، هــەر بۆیــە پەروەردگار، بێبـاوەڕ بـە مـردوو وەسـف دەکـات: {أَمْوَاتٌ غَيْرُ أَحْيَاءٍ} [النحل: ٢١]، جا ژیانی هەقیقی ژیانی دڵە، تەمەنی مرۆڤیش ڕۆژەکانی ژیانیەتی، بۆیە تەمەنی بریتیە لەو کاتانەی بۆ خوا بووە.

بە گشتی بەنـدە کـە ڕووی لـە خـوا وەرگێـڕا وسـەرقاڵی تـاوان بـوو ڕۆژەکانی ژیانی لێ زایە دەبێت ولە ناو دەچێ.

## دەیەم: تاوانی تر بە دوای خۆیدا دەهێنێت

«ومنها: أنّ المعاصي تزرع أمثالَها ويولّد بعضها بعضًا».

---

(١) کە هەر بە شێکە لە فەرمودەی: «إن العبد ليحرم الرزق بالذنب يصيبه».

تاوان کردن تاوانی تر بە دوای خۆیدا دەهێنێت وەی تری لێ دەبێتەوە، تا وای لێ دێت کابرا ناتوانێت وازی لێ بهێنێت. هەندێك لە پێشینان ئەفەرموون: «لە سزای تاوان کردن ئەوەیە: تاوانی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. ولە پاداشتی چاکەکردن ئەوەیە چاکە بە دوای خۆی دا دەهێنێت»[١]. هەربۆیە پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەفەرموێت: «وَأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا»[٢]. «بە دوای خراپە چاکە بکە. بۆ؟ تا کۆنەبێتەوە ولە ناوی بەرن»، وەك پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەفەرمویّ[٣].

جا بەندە کە چاکە دەکات، چاکەیەکی تر دێت ئەڵێ: منیش ئەنجام بدە، ئەویشی ئەنجامدا سێیەمیش ئەڵێ منیش، ئیتر هەروەها. خراپەکانیش بە هەمان شێوە. تا ئەوەندە زۆر دووبارە دەبێتەوە لە گیانی کەسەکەدا ڕەگ دادەکوتێت وئەبێتە مەلەکە وسیفەتێکی چەسپاو لە گیانیدا.

پەرستش دەکات بەڕادەیەك شەوێ هەڵنەستێت بۆ شەو نوێژ، یا نوێژێکی لە دەست بڕوات ئەڵێی دونیای لەسەر سەرە، ناڕەحەت ئەبێت، ئارامی نامێنێت، دڵی تەنگ ئەبێت، فرمێسك ئەڕێژێت، بەڵام کە لەسەر تاوان کردن ڕاهات ئەو کاتە هەر گوێی پێ نادات.

---

(١) دەقەکەی: «الذَّنب بعد الذَّنب عُقُوبَة الذَّنب والحسنة بعد الْحَسَنَة ثَوَاب الْحَسَنَة» أخرجه السلمي في «طبقات الصوفية» (ص ٢٨٩)، الكتب العلمية، عن: أَبي الْحسن عَليّ بن مُحَمَّد المزيِّن (ت ٣٢٨). بڕوانە: «مجموع الفتاوى» (١٠/ ١١)، و«تفسير ابن كثير» (١٤٦/٢).

(٢) دەقەکەی: «فَإِنَّهُنَّ يَجْتَمِعْنَ عَلَى الرَّجُلِ حَتَّى يُهْلِكْنَهُ».

(٣) دەقەکەی: «إِيَّاكُمْ وَمُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبِ، فَإِنَّهُنَّ يَجْتَمِعْنَ عَلَى الرَّجُلِ حَتَّى يُهْلِكْنَهُ» أخرجه أحمد في «مسنده» (٣٨٩٥)، والحميدي في «مسنده» (٩٨)، وابن أبي شيبة في «مصنفه» (٣٥٦٧٠).

# خاڵی یانزەهەم: ویستی دڵ لاواز دەکات

«ومنها: وهو من أخوفها على العبد- أنها تُضعِف القلبَ عن إرادته، فتقوى إرادة المعصية ».

لە ترسناکترین زیانەکانی تری تاوان ئەوەیە: ویستی دڵ لاواز دەکات، جا ویستی تاوان بە هێز دەبێت تێیدا، ویستی تەوبەش لاواز دەبێت تا بە یەکجاری نامێنێت. تەنانەت ئەگەر لایەکی بمرێت تەوبە ناکات مەگەر هەندێك «أستغفر الله»ی درۆینە بە دەم بکات، ودڵیشی سورە لەسەر تاوان. ئەمەش لە گەورەترین نەخۆشیەکانی ونزیکترینیانە لە تیاچوونەوە.

واتە: ئیرادەی خێری نامێنێ یان لاواز دەبێت.

جا بشزانن: هەرچی کارێك هەیە ویست وئیرادە دروستی ئەکات، بە ئیرادە هەموو کارێك دروست دەبێت، وهیچ کەسێکیش توشی تاوان نایەت مەگەر لە ئیرادەوە دەست پێ ئەکات، پاشان بە چەند قۆناغێك تێدەپەڕێت وئەبێتە کردەوە.

چۆن قوتویەکی موعەللەب ئەبینی لە کارگەیەکدا بە هەندێ قۆناغ تێپەر ئەبێت تا ئەبێتە قوتویەکی تەواو. کردەوەش بریتیە بە کۆمەڵێك قۆناغ تێپەڕ دەبێت تا ئەبێتە ئەو کردەوە.

جا ئاممان برایان خوشکان وریای ئیرادەتان بن، ئیرادە وویستی تاوان وبیرکردنەوە لێی سەرەتا ویەکەم قۆناغی تاوانە. جارێك ودوان دێت بەسەر دڵتاندا تا ڕەگ دادەکوتێ، ئەوسا لە ناختەوە نەخشەی کردنی دادەڕێژێ ودواجار جێ بەجێی دەکەی.

هەر بۆیە لە سودەکانی سەرقاڵ بوون بە تاعەتەوە، لە سودەکانی ئەوەیە: بیر لە تاوان ناکەیتەوە وئیرادەشی بۆ تاوان دروست نابێت.

لەوانەیە موسڵمان هەبێت، یەکەمین جار لە تەمەنیدا لە نامەیەکەوە وەڵامی ئافرەتێکی دابێتەوە بە شێوەیەك، شەوێ تا بەیانی شەو نوێژی کردبێ وگریا بێت؛ ئەی خوای پەروەردگار چۆن ئەم هەڵەم کرد؟ چۆن ئەو قسانە لە منەوە دەرچوو. بەڵام بەردەوام بوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وێنەیشی بۆ دەنێرێ، وەڵاهی ناشڵێ: «أستغفر اللّه» بۆیە ئەفەرموێ: «حتى صار يألفها» خوی پێوە ئەگرێت وڕا دێت پەنا بە خوا.

## دوانزەهەم: ناشیرینی تاوان لە دڵ دا ناهێڵێت

«ومنها: أنه ينسلخ من القلب استقباحُها، فتصير له عادةً، فلا يَستقبح من نفسه رؤيةَ الناس له، ولا كلامَهم فيه. وهذا عند أرباب الفسوق هو غاية التهتّك وتمام اللذة».

زیانێکی تری تاوان کردن ئەوەیە: ناشیرینی تاوان لە دڵ دا ناهێڵێت، ووەك خووی لێ دەکات. تا وای لێ دەکات گوێ لە بینینی خەڵك وقسەیان نادات. بەڵکو جاری واش هەیە بە خۆشحاڵی وکەیفەوە بە خراپەکارەکەی هاوڕێی ئەڵێت: وا ووام کرد!

جا تاوان کردن وا دەکات خراپەکاری وخراپەکارانت لا جوان بێت، تەنها ئەمەش بەس بێت وا لە موسڵمان بکات لە تاوان دوور بکەوێتەوە.

ئەمانەش زۆر جار تەوبە ناکەن ودەرگای تەوبەیان لێ دادەخرێت. وپەروەردگاریش لە هەموو تاوانکارێك خۆش دەوێت ئەمانە نەبێت وەك لەفەرمودەدا هاتووە[1].

(١) «كُلُّ أُمَّتِي مُعَافًى إِلَّا الْمُجَاهِرِينَ» متفق عليه: البخاري (٦٠٦٩)، ومسلم (٢٩٩٠).

## سیانزەهەم: هەموو تاوانێك میراتی گەلێكی سزا دراوە

«ومنها: أنّ كل معصية من المعاصي فهي ميراث عن أمة من الأمم التي أهلكها الله عز وجل».

هەموو تاوانێك میراتی گەلێکە لە گەلانی پێشوو کە خوا سزای داون:

جا ئەبێت بزانیت هەموو چاکەیەك لە کۆمەڵێك خەڵك بە جێ ماوە، تۆش میراتگری ئەوانیت وەك پەیامبەر ﷺ وبراکانی، وهاوەڵان وپیاو چاکان وهاوشێوەکانیان. جا کە چاکەیەك دەکەیت خەڵکێك هەبوە پێش تۆ ئەم چاکەیان کردوە وتۆ میراتگری ئەوانی.

بۆ خراپەیش هەر وایە؛ کۆمەلێك خەڵك کردویانە تۆش میراتگری ئەوانی، کاتێك چاکە دەکەیت میراتگری چاکانی، کاتێکیش خراپەی کرد میراتگری شەیتان ودار ودەستەکانیەتی. هەر بۆیە با ئاگامان لەمە بێت.

نێربازی میراتی گەلی لوطە.

وخواردنی مافی خەڵك بە زیاترەوە میراتی گەلی شوعەیبە.

خۆ بەرز کردنەوە بە سەر زەوی دا وخراپەکاری میراتی فیرعەون وگەلەکەیەتی.

وخۆ بەگەورە زانین وسەرکەشی میراتی گەلی هودە... هتد

جا سەرپێچیکار بێگومان میراتی گەلانێکی پێش خۆی وەر گرتووە کە دوژمنی خوا بوون وخوای مەزنیش سزای داون.

## چواردەهەم: تاوان بەندە لەبەر چاوی خوا دەخات

«ومنها: أن المعصية سبب لهوانِ العبد على ربه، وسقوطِه من عينه».

تاوان کردن هۆکارە بۆ ئەوەی تاوانکار سووك بێت لەلای خوا، ولەبەر چاوی بکەوێت:

بەندە کاتێك ڕوو ئەکاتە خوای میهرەبان لای خوای دانا زۆر بەڕێز ئەبێت، کاتێك دووعا دەکات خوای باڵا وەڵامی ئەداتەوە، هەر بۆیە سەیری دەکەی شێوەی زۆر جوانە، نور وڕوناکی لە چاوی ئەبارێ.

بەڵام کە دەستی کرد بە تاوانکاری سەرنج دەدەیت لای خوای گەورە، ولای خەڵکیش ڕێز وقەدرەکەی پێشووی نامێنێت، ولەبەر چاوی خوا ئەکەوێ -خوای میهرەبان پەنامان بدات بە فەزل وبەزەیی خۆی. خوایە! لەبەر چاوی تۆ نەکەوین-.

سوێند بە خوا گەورەترین زەرەرمەندی ئەوەیە بەندە لەبەر چاوی خوا بکەوێت.

ودەگێڕنەوە لە ئەبو سولەیمانی دارانیەوە ئەڵێت[1]: «إنما هانوا علیه فترکهم ومعاصیه، ولو کرموا علیه لمنعهم عنها» «سوك وکەم بوون لەلای خوا بۆیە وێڵی کردن تا تاوانەکان بکەن. ئەگەر لای خوا بەڕێز ببوایەن ڕێگری لێ دەکردن».

پەروەرینیش ئەفەرموێ: {وَمَنْ يُهِنِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ مُكْرِمٍ} [الحج: ١٨]. ئەوەی خوا بێ ڕێزی بکات هەر وا دەمێنێتەوە وکەس ناتوانێت ڕێزی لێ بگرێت.

هەر کاتیش بەندە سوك بوو لەبەر چاو خوا، ئیتر لە ناو خەڵکیش بێ ڕێز دەبێت.

---

(١) أخرجه أبونعيم في «الحلية» (٢٦١/٩)، والبيهقي في «الشعب» (٦٨٦٣).

ئەگەریش ڕێزێکی لێ بگیرێ ئەوا بە هـۆی تـرس وئـیش پـێ بـوون وهاوشێوەکانیەتی. ئەگەرنا ئەمانە سوکترینن لە دڵی ئەوان دا.

## پانزەهەم: تاوانکردنت لا سوك وئاسان دەکات

«ومنها: أن العبد لا يزال يرتكب الذنب، حتّى يهون عليه، ويصـغر في قلبه. وذلك علامة الهلاك، فإنّ الذنب كلّما صغُر في عين العبد عظُم عنـد الله.».

هەروەها بەندە هەر تاوان دەکات تا وای لێ دێت تـاوانی لا سـوك وئاسان دەکاتەوە، ولە دڵیشی بچوك دەبێتەوە. کەییش گەیشـتە ئەمـە، ئەوە نیشانەی تیاچوونیەتی -خوا پەنا بـدات-. جـا تـاوان تـا لـە چـاوی بەندە بچوك بێتەوە لای خوا گەورە ئەبێتەوە وهەتا لای گـەورە بێتـەوە لای خوای مەزن بچوك دەبێتەوە وەك سەلەف دەرفەمون.

ئیـبن مەسـعود ئەفـەرموێت: «بـڕوادار تاوانـەکانی وەك شـاخێك دەبینێت، ئەڵێت ئێستا بەر دەبێتەوە بـە سـەرم دا. بـەڵام پیـاو خـراپ، تاوانەکانی بە مێش دێتە پێش چاوی، لەسەر لووتی بنیشێتەوە وئەویش بە دەستی ئاوهایەکی لێ بکات»[١].

جا با ئەم خاڵە وامان لێ بکات تاوان نەکەین.

گەنج هەیە ئەڵێت: کاتێك یەکەم جار ڕۆیشتم ئیشـی دەسـتم کـرد. ئەڵێ: هـەتا یـەك هەفتـە بـەس دەگریـام وناڵـەم بـوو؛ خوایـە! تەوبـە، خوایە! هەڵەم کرد.

(١) أخرجه البخاري (٦٣٠٨) ولفظه: «إِنَّ الْمُؤْمِنَ يَرَى ذُنُوبَهُ كَأَنَّهُ قَاعِدٌ تَحْتَ جَبَلٍ يَخَافُ أَنْ يَقَعَ عَلَيْهِ ، وَإِنَّ الْفَاجِرَ يَرَى ذُنُوبَهُ كَذُبَابٍ مَرَّ عَلَى أَنْفِهِ ، فَقَالَ بِهِ هَكَذَا». قَالَ أَبُو شِـهَابٍ بِيَـدِهِ فَوْقَ أَنْفِهِ.

جاری دووەم: هەم تۆزێ دەگری، جاری سێیەمیش.
ئیتر جاری چوارەم وپێنجەم بێ تاقەتی بێ گریان
پاشان دڵ تەنگیەکەشی لاواز دەبێت.

پاشان دەبێت بە شتێکی ئاسایی وداوای لێ بووردنیشی لەسەر ناکات، بیشی کات تەنها بەدەمە -پەنا بەخوا وخۆیشی باشترین پەنایە-.

ئا ئەمەیە دۆڕان، تاوان لە دوای تاوان هەڵە لە دوای هەڵە کەڵەکە ئەکات. تا ڕۆژێك بەر دەبنەوە ودەدەن بە سەریدا.

## شانزەهەم: شومیەکەی دەگەڕێتە بۆسەر خۆی وخەڵك وئاژەڵانیش

«ومنها: أنّ غيره من الناس والدوابّ يعود عليه شؤم ذنوبه، فيحترق هو وغيره بشؤم الذنوب والظلم».

شومی وغەڕی تاوانەکەی دەگەڕێتە بۆسەر خۆی وجگە لە خۆیشی لە خەڵك وئاژەڵان جا هەر خۆی نا جگە لە خۆیشی بە هۆی تاوانەکەیەوە دەسوتێت.

پیاوێك ڕۆژێك بە ئەبو هورەیرەی وت: «تاوانبار تەنها زیان بە خۆی دەگەیەنێت! ئەبو هورەیرەش فەرمووی: نە بەخوا. بەڵکو ئاژەڵی چێرگ لە هێلانەکەی خۆیدا دەمرێت بە هۆی ستەمی ستەم کارەوە»[1].

---

(١) أخرجه الطبري في «تفسيره» (١٤/ ١٢٦) والبيهقي في «الشعب» (٧٠٧٥). وسنده محتمل للتحسين. وأخرجه ابن أبي الدنيا في «العقوبات» (٢٦٩) من طريق أخرى. وانظر: «العقوبات» (٢٧٢). «حباری = چێرگ»یش یەکێکە لە باڵندە ناسراوەکان لە کوردستان، مل وقاچی درێژە، باڵ ودەنووکی پانە، وتووکی ڕەنگاوڕەنگە.

موجاهـدیش ئەفـەرموێت[١]: «ئەگـەر وشـکە سـاڵی بێـت وبـاران نـەبارێت ئـاژەڵان نـەفرەت دەکـەن لـە ئـادەمیزادە سـەرپێچیکارەکان وئەڵێن: ئەمە بە هۆی شوومی تاوانی ئادەمیزادەوەیە».

عیکریمەوە دەفەرموێ: «ئاژەڵەکانی سـەر ئـەرز ومـار ومێـرو ودوو پشکەکانیش ئەڵێن: بەهۆی تاوانی ئادەمیزادەوە بـارانی ئاسـمانمان لـێ گیراوەتەوە»[٢].

کاتێـك تاوانـت کـرد وا مەزانـە هـەر تاوانـە وتـەنها خـۆت تێیـدا زەرەرمەند دەبیت. نەخێر تەنانەت ئاژەڵانیش بەهۆی ئەو تاوانەی تۆوە زەرەرمەند دەبن.

وەك بینیتان بەهۆی تاوانەوە بارانی ئاسـمان دەگیرێتـەوە. بەمـەش ئاژەڵەکان زەرەرمەند دەبن، دارەکان وشك دەبنەوە...

ئەم سەبەبەش بەدەر نیە لە سەبەبی کەونی، چۆن هەمووتان پێتان وایە کەسێك ڕوحی بکێشرێ وبمرێ خوای باڵا دەست ڕووحـی کێشـاوە. ئەمە کەونیە ولە ڕوی کەونیەوە خوا ڕووحی کێشـاوە. بـەڵام ئایـا ئێـوە بڕواتان وایە ئەگەر کەسێك گولە لێی ئـەدات یـان بـە ڕوداوی هـاتوچۆ ئەمرێت، بڕواتان وایە خوا نەیکردبێت؟! پەنا بەخوا.

دەی ئەو بارانەش ئەبارێ سەبەبی کەونی هەیـە، ئەمـەش سـەبەبە شەرعیەکەتی.

(١) أخرجه ابن أبي حاتم في «تفسيره» (١٤٤٨، ١٤٤٦، ١٤٤٧)، والطبري (٥٤/٢ - ٥٥) وابـن أبي الدنيا في «العقوبـات» (٢٧١) وأبـو نعـيم في «الحليـة» (٣/ ٢٨٦ - ٢٨٧). وهـو صـحيح عـن مجاهد.

(٢) أخرجه الطبري في «تفسيره» (٢/ ٥٥) بسند لا بأس به.

## حەڤدەهەم: مرۆڤ زەلیل وسەر کز وسەر شۆڕ دەکات

«ومنها: أنّ المعصية تورث الذلَّ، ولابدّ؛ فإنّ العزّ كلّ العزّ في طاعة الله تعالى».

تاوان کردن مرۆڤ سەر شۆڕ وزەلیل وسەر کز دەکات چونکە هەموو سەربەرزیەك لە گوێڕایەڵی کردنی خوادایە وەك پەروەرین ئەفەرموێ: {مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا} [فاطر:١٠] واتە: «کێ سەربەرزی وشکۆمەندی ئەوێت با بە گوێڕایەڵی خوا بیخوازێت». وهەندێك لە پێشینان کاتێك دەپاڕایەوە ئەیفەرموو: «اللهم أعِزَّني بطاعتك، ولا تُخْزِني بمعصيتك»[1]. واتە: «خوایە بە پەرستش کردنت سەر بەرزم بکە، وبە سەرپێچی کردنت سەر شۆڕم مەکە».

عەبدوڵای کوڕێ موبارەکیش ئەفەرموێ:

سەیری تاوانکە، دڵ مرێنەرە ... خو پێگرتنیشی، سەرکزکەرە
ژینی دڵانە، وازی لێ بێنی ... بۆ خۆت باشترە، لە قسە دەرچونی
بۆ کێ خراپی، کردوە دینەکان ... مەگەر پادشا و، زانا وعابدەکان

## هەژدەهەم: عەقڵی مرۆڤ تێك دەدات، بیر وهۆشی لای خۆی ناهێڵێت

«ومنها: أنّ المعاصي تفسد العقل. فإنّ للعقل نورًا، والمعصية تطفئ نور العقل، ولابدَّ؛ وإذا طفِئ نورُه ضعُفَ ونقَصَ».

---

(١) دوعای جەعفەری صادقە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-. بڕوانە: «الحلية» (٢٢٨/٣).

تاوان کردن عـەقڵی مـرۆڤ تێـك دەدات، بیـر وهۆشـی ئەشـێوێنێ، چونکـە عـەقل ڕووناکیـەکی تێدایـە، تـاوان ئـەو نـور (ڕوناکیـ)ـە ئەکوژێنێتەوە. کە کوژاشەوە لاواز دەبێت وکەم دەکات.

مەبەستمان ئەو عەقڵەیـە هـەقی پـێ ببینیـت. بۆیـە کـابرا دەبینـی ئەڕواتە سە رمانگ بەڵام مشك وجرج دەپەرەستێت، ئاوەزانی نیـە بڵـێ ئەوە کێ دروستی کردوە، بە دوای هۆکاری ووردترین شتدا دەگـەڕێت، چۆن بوە؟ کەچی ناگەڕێت بە دوای خۆیـدا چـۆن دروسـت بـووە؟ جـا خۆی لێ وون بووە.

لە ئەبولعالیە وموجاهیدەوە هاتووە دەفەرمون: «کـەس سـەرپێچی ناکات مەگەر لەو کاتەی عەقڵی لای خۆی نەمابێت»[1].

ئاخر تۆ لە مشتی خوادایت، ولە ژێر دەسـەڵاتی ئـەودایت، وئاگـای لێتە ودەتبینێت، ولە ناو ئەرز وماڵی ئەودایت، ولەسەر فەرشـی ئـەوی، وفریشتەکانیشی شاهیدن بەسەرتەوە، ئاگر ومردن دەیترسێنێ، قورئـان وئیمان ڕێگری لێ دەکەن، کەچی هەر سەرپێچی دەکات؟!

جا ئەوەی بە هۆی تاوانکردنەوە لە دەستی دەچێـت زۆر زۆر لـەوە زیاتر وچەندەها قاتی ئەوەیە کە دەستی دەکەوێت لـە خۆشـی وچێـژ، جا ئایا کەسی ژیری تەواو بە سوك تەماشای ئەمە دەکات؟!

## نۆزدەهەم: ئەبێتە مایەی مۆردان بەسەر دڵ

«ومنها: أنّ الذنوب إذا تكاثرت طُبِعَ عـلى قلـب صـاحبها، فكـان مـن الغافلين».

(١) أخرجه ابن حبان في «الثقات» (٧/ ٦٥٨) عن أبي العالية.

تاوان کە زۆر بوو، ئەبێتە مایەی مۆردان بەسەر دڵی خاوەنەکەیدا -خوا پەنامان بدات-، وەك خوای دانا ئەفەرموێ: {كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ} [المطففين:١٤] واتە: «نەخێر ئەوانە مۆر دراوە بەسەر دڵیاندا، بە هۆی ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە».

ئیبن عەبباس ئەڵێ: ئەمە بریتیە لە تاوان کردن لە دوای تاوان کردن بێ هیچ داوای لێخۆشبوون کردنێك. بێ ئەوەی بڵێ: خوایە هەڵەم کرد کرد! لێم ببورە!

جا تاوان لە دوای تاوان دەکات تا دڵی کوێر دەبێتەوە ودەمرێت ومۆر دەدرێت بەسەری دا، وەك حەسەنی بەصری ئەڵێ.

تاوانکردن لە دوای تاوانکردن دڵ دەمرێنێت. وەك موحەممەدی کوڕی واسع دەڵێ -خوا پەنامان بدات-[1].

فەڕاء لە تەفەسیرەکەی دا ئەڵێت: «کاتێك تاوان و سەرپێچیەکانیان زۆر بوو دەوری دڵیانی گرتووە بۆیە مۆردراوە بە سەری دا».

بنەڕەتی ئەمەش لە چیەوە دروست ئەبێت؟ لەوەوە کە دڵ بە هۆی تاوانەوە ژەنگ دەگرێت، کاتێك ژەنگەکە زیاد دەکات دەبێتە پەردەیەکی ئەستوور، پاشان زیاد دەکات تا مۆر وقوفڵی لێ دەدرێت -خوا پەنا بدات-.

---

(١) وتەکەی ئیبن عەبباس: «هو الذنب بعد الذنب يغطي القلب حتى يصير كالرّان عليه». أخرجه البيهقي في «الشعب» (٦٨١٢).

وتەکەی حەسەن: «تدرون ما الإرانة؟ الذنب بعد الذنب حتى يموت القلب». أخرجه ابن أبي الدنيا في التوبة (١٩٦).

وتەکەی موحەممەد: «الذنب على الذنب يميت القلب». أخرجه في «العقوبات» (٧٠).

جـاری واش هەیـە هەڵدەگەڕێتـەوە، وچـاك بـە خراپـە دەبینێـت وخراپەش بە چاکە ئەمەش ئەوپەڕی خراپ بوونە -خوا پەنا بدات-.

## بیستهەم: بەندە تووشی نەفرەتی خوا دەکەن

«ومنها: أنّ الذنوب تدخل العبد تحت لعنة رسول اللـه ﷺ. فإنّه لعن على معاصٍ، وغيرُها أكبرُ منها، فهي أولى بدخول فاعلها تحت اللعنة».

هەروەها ئەبێت بزانرێت: تاوانەکان بەنـدە تووشـی نـەفرەتی خـوا دەکەن. لە شەرعیشدا نەفرەت لە کۆمەڵێك کار کـراوە. هەنـدێك کـاری تـریش هەیـە، لـەو نـەفرەت لێکراوانـە لـە پێشـترە کـە نەفرەتکردنەکـە بیگرێتەوە، جا لەو کار وکەسانەی نەفرەتی لێکراوە:

١- دز.

٢. ئەوەی مارە بە جاش دەکا.

٣. ئەوەشی بۆی دەکرێ.

٤- وێنەگران.

٥- ئەوەی سەربڕین بۆ جگە لە خوا دەکات.

٦- ئەوەی نەفرەت لە دایك وباوکی خۆی دەکا.

٧- ئەوەی ئاژەڵێك بکاتە نیشانەشکێن.

٨- ئەوەی نیشانە وسنوری ئەرزەکان دەگۆڕێت.

٩- ئەوەی ئیشی نێربازی بکات.

١٠- ئەوەی جنێو بە دایك وباوکی خۆی بدات.

١١- ئەوەی ناوچەوانی ئاژەڵ داخ بکات.

١٢- ئەوەی ژنێك لە پیاوێك هەڵگەڕێنێتەوە.

١٣- ئەوەی لە کۆمەوە بڕواتە لای ژنەکەی.

١٤، ١٥- خاڵ کوت وئەوەشی داوای بکات.

١٦، ١٧- ئەوەی قژی دەستکرد دابنێ ئەوەشی داوای دانانی بکات.

١٨، ١٩- حەفەکەر وئەوەشی داوای کردنی دەکات.

٢٠، ٢١- ئەوەی دان تەنك وشاش دەکات وئەوەشی داوایکردنی دەکات.

٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥- سوو خۆر ووەکیلەکەی ونووسەرەکەی وشاهیدەکانیشی.

٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥- مەی خۆر، وساقیەکەی، وگوشێنەرەکەی، وئەوەشی داوای دەکات، وکڕیارەکەی، وفرۆشیارەکەی، وئەوەشی بۆی دەکڕدرێت (وئەوەشی بۆی دەفرۆشرێت)، وئەوەی نرخەکەی دەخوات، وئەوەشی باری دەکات، وئەوەشی بۆی بار دەکرێت.

٣٦، ٣٧- ئەو ئافرەتەی خۆی ئەچوێنێت بە پیاوان وبە پێچەوانەشەوە.

٣٨- ئەوەی فەرتەنەیەك دەنێتەوە یان ئەوەی فەرتەنە چیەك ئەگرێتە خۆی (مَنْ أحدث حدَثًا أو آوى مُحدِثًا».

٣٩- ئەوەی کوێرێك لە ڕێگادا وێڵ دەکات.

٤٠- ئەوەی لەگەڵ ئاژەڵ جووت ببێت.

٤١- ئەوەی زیان لە موسڵمانێك بدات یا فێڵی لێبکات.

٤٢- ئەو ئافرتەی زۆر ئەڕواتە سەر قەبران وئەوەی مزگەوت لەسەر قەبران دروست دەکات، وچرای لەسەر دادەگیرسێنێت.

٤٣- ئەو ئافرەتەی شەوێك تا بەیانی پشت لە پیاوەکەی بکات.

٤٤- ئەوەی خۆی بداتە پاڵ غەیرە باوکی.
٤٥- ئەوەی ئاسنێك بە ڕوی موسڵمانێکدا بەرز بکاتەوە.
٤٦- ئەوەی جوێن بدات بە هاوەڵانی.
٤٧، ٤٨، ٤٩- ئەوەی خراپەکاری بکات لەسەر زەوی، وسیلەی ڕەحم بپچڕێنێت. وئازاری پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بدات.
٥٠- ئەوەی بەڵگەکانی دین دەشارێتەوە.
٥١- ئەوەی تۆمەتی زینا بداتە پاڵ ئافرەتێکی داوێن پاکی بێئاگا.
٥٢- ئەوەی ڕێبازی بێباوەڕانی لە ڕێبازی بڕوادارانی پێ باشتر بێت.
٥٣- بەرتیل خۆر، ووەرگرەکەی، وواسیتەکەشی.

ئەمانە هەر هەمووی نەعلەتی لەسەر هاتووە، شتانێکی تری جگە لە مانەش نەفرەتی لێکراوە.

جا ئەگەر لە کردنی ئەمانە هیچ زیانێك نەبێت جگە لەوەی، خوا ﷻ وپەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وفریشتەکان نەفرەت لە خاوەنەکەی دەکەن ئەوە بەسە بۆ کەسی ژیر لێی دوور بکەوێتەوە.

## بیست ویەکەم: بێبەش بوون لە دوعای پەیامبەر ﷺ وفریشتەکانیش

«حرمان دعوة رسول الله ﷺ ودعوة الملائكة».

بێبەش بوون لە دوعا بۆ کردنی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وفریشتەکانیشن.

لە قورئان وسوننەت دا هاتووە فریشتە دووعا بۆ موسڵمانان دەکەن، جا بەندە ئەگەر لەسەر تاواندا، ڕاهات ئەوجا دووعای

فریشتەکان نایگرێتەوە. پەروەرینی مەزن ئەفەرموێ: {الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَحْمَةً وَعِلْمًا فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ * رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدْتَهُمْ وَمَنْ صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ * وَقِهِمُ السَّيِّئَاتِ} [غافر:٧ - ٩]. واتە: «هەڵگرانی عەرش وئەوانەی دەوربەریشی هەموویان «سبحان الله وبحمده» دەکەن وخوا پاك ڕادەگرن لە هەموو کورتیەك وبڕوای تەواویان بە خوا هەیە وداوای لێخۆشبوون دەکەن بۆ بڕواداران وئەڵێن: پەروەردگارا! زانست وبەزەیی تۆ هەموو شتیکی گرتۆتەوە سا پەروەرین وپەروەردەکارمان خۆشبە لەوانەی تەوبەیان کرد وشوێنی ڕێگای تۆ کەوتن ولە سزای دۆزەخ بیان پارێزە * پەروەردگارا! وبیانخە نێو بەهەشتە هەمیشەییەکانتەوە کە بەڵێنت پێداون. هەروەها لەگەڵ ئەوانەی باش بوون لە دونیادا لە باوکانیان وژنەکانیان ومنداڵ ونەوەکانیان وبە هۆی تاوانەکانیانەوە سزایان مەدە وبیان بەخشە بە بەخشندەیی خۆت».

جا سەرنج بدە ئەمە دوعای فریشتەیە بۆ تۆبەکاران، ئەوانەی شوێنی ڕیگای خوا کەوتوون وڕێگای تری جگە لە ڕێگای خوایان نیە. جا با کەسی تری جگە لەوان بە تەمای ئەم پاڕانەوەیە نەبێت، پەنا بەخوا.

## بیست دووەم: ئەو سزایانەی تری تاوان کە لە شەوی ئیسرا ومیعراجدا پیشانی پەیامبەری خوا ﷺ درا

لە سزا وزیانەکانی تری تاوان کردن ئەوەیە کە پەیامبەری خوا ﷺ لە فەرمودەی ئیسرا ومیعراج دا باسی کۆمەڵێك خەڵکی تاوانبارمان بۆ ئەکات کە بینیونی چۆن سزا دەدرێن:

جا لەوانەی پەیامبەر ﷺ بینی:

١. پیاوێکی بینی ڕاکشا بوو، کەسێکیش لەسەرەوە ڕاوەستا بوو، بەردێکی گەورەی بەدەستەوە بوو، لەو بەرزیەوە بەری دەدایەوە وسەری پان دەکردەوە. پاشان دەچوو بەردەکە بهێنێتەوە ودووبارە لێی بداتەوە، تا دەگەڕایەوە دووبارە سەری چاك دەبوویەوە. ئەویش دووبارە بۆی بەر دەدایەوە. دواجار هەواڵیان پێدا کە ئەمە کەسێکە قورئانی لەبەر کردووە ودواجار وازی لێهێناوە ولە کاتی نوێژە فەرزەکاندا خەوتووە.

٢. کەسێکی تری بینی بەسەر دەموچاویدا ڕاکشێنراوە، کەسێکی تریش لەسەر سەری بە قولابێکی ئاسنینەوە ڕاوەستاوە، بە قولابەکە لای دەمی دەگرت هەتا پشتی سەری دەیدڕی. ئینجا لای لووتی هەتا پشت سەری بە هەمان شێوە هەڵی دەدڕی. پاشان ئەولاکەی تریشی وا لێدەکرد. جا لەولایە نەدەبوویەوە تا لاکەی تر چاك دەبوویەوە. دواجار هەواڵی پێدەدەن کە ئەمە کەسێکە درۆ دەکات ودیعایە بڵاو دەکاتەوە بە هەموو دونیا بڵاو دەبێتەوە.

٣. پاشان شتێکی تەنوور ئاسای بینی دەنگە دەنگ وغەڵبەغەڵبی لێوە دەهات، سەیری ناوەوەیان کرد، تەماشا دەکەن پیاو وژنی ڕووتی تێدایە، ئاگریان لە ژێرەوە بۆ دێت، کە تینیان بۆ دێت هات وهاوار دەکەن. دواجار هەواڵی پێدەدەن کە ئەمە داوێن پیسەکانن.

٤. پاشان ڕووبارێکی سووری بینی وەك خوێن، تەماشا دەکات کەسێك تێیدا مەلەوانی دەکات، لە کناری ڕووبارەکەشەوە پیاوێکی لێیە بەردێکی زۆری کۆکردۆتەوە، دوای مەلەکردنەکەی دەڕوا بۆلای ئەو پیاوەی بەردەکانی لایە، ئەویش دەمی دەکاتەوە وبەردێکی تێدەخات، پاشان دەڕوات ودوای مەلەکردن دەگەڕێتەوە بۆ لای وهەر جارێك دەگەڕێتەوە دەمی دادەچەقێنێت، وئەویش بەردێکی تێدەخات. ئەمەش خزمەتیان کرد کە ڕیبا (سوو) خۆرەکانن.

## بیست وسێ: تاوانکردن جۆرەها خراپەی لە ئاو وهەوا وکشتوکاڵ وبەروبوومی لێ دەکەوێتەوە

«أنها تُحدِث في الأرض أنواعًا من الفساد في المياه، والهواء، والزروع، والثمار، والمساكن».

تاوان لەسەر زەوی دا جۆرەها خراپی لە ئاو وهەوا وکشتوکاڵ وبەروبوومی لێ دەبێتەوە. خوای پەروەردگار ئەفەرموێت: {ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ} [الروم:٤١]. «خراپە لە دەریا ووشکانی دا دەرکەوتووە بەهۆی تاوانی دەستی خەڵکیەوە». موجاهید ئەڵێت: کە دەسەڵاتداری ستەمکار ستەم وخراپە دەکات، بە هۆیەوە خوا باران دەگرێتەوە ودەغڵ ودان وکشتوکاڵ ووەچە لە ناو دەدات، خوای گەورەش خراپەکاری پێ خۆش نیە، پاشان ئەو ئایەتەی پێشووی خوێند. وئینجا ووتی: والله مەبەست لە دەریا ئەو دەریا نیە ئێوە دەیزانن، بەڵکو

هەموو شارێك لەسەر ئاو بێت ئەوە دەریایە[1]. ئەبو زەیدیش ئەڵێت: {فەساد دەرکەوتووە}. واتە: تاوان. یانی: تاوانەکان هۆکاری ئەو تێکچوونەیە کە دەرکەوتووە.

## بیست چوار: هۆکاری ڕۆچوون وزەویلەرزە ونەمانی فەڕ وهاوشێوەکانی

«ما يحِل بالأرض من الخسف، والزلازل، ومَحْقِ بركتِها».

وله کاریگەریەکانی تاوانەکان: ئەو شتانەیە کە بە سەر زەوی دا دێت لە ڕۆچوون وزەوی لەرزە ونەمانی بەرەکەتی زەوی وهاوشێوەکانی.

نمونەیەکت بۆ دێنمەوە: پەیامبەر ﷺ کاتێك تێپەڕ دەبێت بەلای شارەکەی گەلی ثەموددا ڕێگری کرد لە هاوەڵەکانی بڕۆنە نێو شارەکەیان، ولە ئاوەکەیان بخۆنەوە ولە بیرەکانیان ئاو دەر بکەن، تەنانەت فەرمانی کرد ئەو هەویرەشی بە ئاوی ئەوان گیراوەتەوە بیرێژن، هەموو ئەمە بە هۆی کاریگەری تاوانەکانەوە بوو. سەبارەت بە نەهێشتنی بەرەکەت لەسەر زەوی دا، بریتیە لەو بێبەرەکەتیەی هەمووتان هەستی پێ دەکەن، کە خەڵك دەبینیت ڕۆژانە ئەڵێن: ئەوسا فلان میوە تامدارتر بوو، رەنگی خۆشتر بوو، بۆنی زیاتر بوو... هتد. کە هەمووتان ڕۆژانە دەیبیستن. ئەڵێن: لە خەزێنەکانی بەنی ئومەییەدا گەنمێك بینراوە ئەوەندەی ناوکی خورمایەك بووە ولەسەری نوسراوە: لەسەردەمی دادگەری دا ئەمە سەوز دەبوو.

(١) أخرجه الطبري في «تفسيره» (١٨/ ٥١٠). وسنده صحيح.

ئێمەش هەمووومان هەست بەم بێ بەرەکەتیە دەکەین وەك وتم.

بۆیە ئیبن قەییم باسی ئەوە دەکات کە لە پیاوە بە تەمەنەکانی دەشتی بیستووە کە ووتوویانە ئەوسا (یانی سەردەمی خۆیان) بەروبومەکانیان لەوەی ئێستا گەورەتر بووە، وزۆرێك لەو ئافاتانەی ئێستا تووشی بەروبوومەکان دێن ئەوسا نەیان بینیووە.

## بیست وپێنجەم: کاریگەریەکانی تاوان لەسەر دەموچاو وشێوە ودیمەن

«...تأثير الذنوب في الصور والخلق».

وله کاریگەریەکانی تاوانەکان لەسەر دەم وچاو وشێوەی کەسەکان، ئەو فەرمودەیەی پەیامبەرە صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە ئەفەرموێ: «ئادەم کە خوای گەورە دروستی کرد باڵای شەست باڵ درێژ بوو ئیتر بەردەوام وەچەکانی باڵایان کورت دەبووەوە تا ئەمڕۆ».

هەر بۆیە کاتێك پەروەرین زەوی لە دەسەڵاتدارە ستەمکار وخراپەکار وخائینەکان پاك دەکاتەوە دەبینی پیاوێك دەنێرێت کە لە ئالوبەیتی پەیامبەرە صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، زەوی پڕ دەکات لە دادگەری، وئاشتی بەرقەرار دەکات وەك چۆن پێش ئەم پڕی بووە لەستەم، ودینی ڕاستەقینەی خوا بەرپا دەکات، ئەوسا زەوی بەرەکەت وپیتی خۆی دەردەکات ووەك پێشووتری خۆی لێدێتەوە. تەنانەت یەك هەنار بەشی نزیك نۆ کەسێك دەکات، وتوێکڵەکەی دەکەن بە سێبەر بۆ خۆیان. ویەك دنکە ترێ بارە وشترێك ئەبێت. ووشترێك بەشی کۆمەڵێکی زۆر

دەکـات[1]. هــەموو ئەمانــەش لەبــەر ئــەوەی زەوی بەرکــەتی خــۆی دەردەکات وئەو شوێنەوارانەی بە هۆی تاوانەوە لەسەری دەرکـەوتوون نامێنن.

## بیست وشەشەم: تینی غیرەت لە دڵدا دادەمرکێنێتەوە

«ومن عقوبات الذنوب: أنّها تطفئ من القلب نارَ المغيرة التـي هـي لحياته وصلاحه كالحرارة الغريزية لحياة جميع البدن...».

لە زیانەکانی تری تاوان: ئاگری غیرەت لـە دڵـدا دەکوژێنێتـەوە. کـە ژیان وچاکی دڵ بە بە غیرەتـەوە بەنـدە. غیـرەت (غـەیرە) کـردن تـین وئاگری لاشەیە کە پیسی وگەرد وسیفەتە خراپەکان ناهێڵێت، وەك چۆن تینی کورە پیسی وگەردی زێڕ وزیو وئاسن دەردەکات.

جا بەڕێزترین خەڵك بەغەیرەتترینە هەر بۆیە پەیامبەر ﷺ بە غیرەتترین کەس بووە. خـوای گـەورەش لـە هـەمووی بـە غـەیرەترە، هەر بۆیە غەیرە دەکات کاتێـك بەندەکـەی زینـا دەکـات. هـەر لەبـەر ئەوەشە خوای دانا خراپەکاری بە هەموو جۆرەکانیەوە حەرام کردووە.

جا مەبەست ئەوەبوو زۆر تاوان کردن غەیرە لە دڵدا لاواز دەکات تا نایهێڵێت جاری واش هەیە وا لە دڵ دەکات خراپی پـێ خـراپ نـەبێت. هەندێکیشیان سنووری ئەمەش دەبەزێنێت بەڵکو خراپە وسـتەم جـوان دەکاتەوە وبانگەشەی بۆ لا دەکات.

کەواتە دەتوانین بڵێین: بنـەڕەتـی دینـداری بـوونی غەیرەتـە، هـەر کەس هیچ غەیرەتی نەبێت دینیشی نیە.

(١) أخرجه مسلم في كتاب الفتن، باب ذكر الدجال (٢٩٣٧).

جا غەیرە دڵ دەپارێزێت، دڵیش لاشە دەپارێزێت بەمەش خراپە دوور دەکەوێتەوە. ئەگەریش غەیرە نەبوو، دڵ دەمرێت، ئەوسا لاشەش دەمرێت، ئیتر هیچ خراپەك رەد ناکاتەوە.

## بیست وحەوتەم: شەرم وحەیا ناهێڵێت

«ومن عقوباتها: ذهاب الحياء الذي هو مادة الحياة للقلب، وهو أصل كل خير، وذهابُه ذهابُ الخير أجمعه».

لە زیانەکانی تری تاوان: شەرم وحەیا ناهێڵێت کە بنەمان بۆ ژیانی دڵ، شەرمیش بنەڕەتی هەرچی خێرە، ونەمانی، نەمانی هەموو خێرێکە.

هەر بۆیە پەیامبەر صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ ئەفەرموێ -ئیتر هەڕەشە بێت یان ئیزندان-: «ئەگەر شەرمت نەکرد چی دەکەیت بیکە». جا تاوان کردن شەرم لاواز دەکات تا بە یەك جاری بەندە لە خۆی دایدەماڵێت، وتەنانەت گرنگ نیە بە لایەوە خەڵك ببینن وخۆیشی باسی خراپەکانی خۆیان بۆ دەکات. تاکە هۆکاری ئەمەش داڕمانە لە شەرم وحەیا.

حەیاش لە حەیاتەوە هاتووە کێ حەیای نەبێ حەیاتیشی نیە.

## بیست وهەشت: گەورەیی خوا لە دڵ دا لاواز دەکات

«ومن عقوبات الذنوب: أنّها تُضْعِف في القلب تعظيمَ الربّ جل جلاله، وتُضْعِف وقارَه في قلب العبد، ولابدّ، شاء أم أبى. ولو تمكّن وقارُ الله وعظمتُه في قلب العبد لما تجرّأ على معاصيه».

لە زیانەکانی تری تاوان: گەورەیی خوا لە دڵ دا لاواز دەکات. موسڵمان خوای زۆر لا گەورەیە، جا تاوان وا دەکات خوای لە دڵ دا لاواز بێت. جا ئەگەر بەندە خوای لە دڵ دا گەورە بێت جەسارەت

(جورئەت) ناکات سەرپێچی بکات. بۆیە تەوەری دووەمی باسەکە تەرخان دەکرێت بۆ ئەو هۆکارانەی لە تاوان دوورت دەخەنە ولێی ڕزگارت دەکەن. لە سەرووی هەموو خاڵەکان گەورەیی خوایە لە دڵدا.

هەشە ئەڵێت من لەبەر لاوازی گەورەیی خوا نیە تاوان دەکەم، بەڵکو لەبەر گەورەیی ڕەحمەتی خوا! لە ڕاستیدا ئەمەش لە فڕوفێڵی نەفسە. چونکە گەورەیی خوا لە دڵدا ڕێگرە لە تاوان کردن. جا ئەوانەی جەسارەتی تاوانەکان دەکەن باش قەدری خوایان نەگرتووە. ئەکرێت کەسێك خوای لا گەورە بێت ولێی بترسێت وئومێدی بە ڕەحمەتی هەبێت کەچی فەرمان ونەهیەکانی خوای لا سووك بیت!؟ شتی وا مەحاڵە.

جا بەس بۆ تاوانبار گەورەیی خوا وحەرامکراوەکانی لە دڵدا کەم دەبێتەوە ومافی وی لا سوك دەبێت.

لە هەندێك لە سزاکانی ئەمەش ئەوەیە: خوای مەزن، سام وهەیبەتی ئەم لە دڵی خەڵك لاواز دەکات یان نایهێڵێت. لای ئەوان سووك ئەبێت وەك چۆن ئەم فەرمان وحەرامکراوەکانی خوای لا کەمە.

بۆیە بە گوێرەی خۆشەویستی خوا، خەڵك خۆشیان دەوێت، وبە گوێرەی لێترسانی خەڵك سامی لێدەکەن وهەیبەتی لایان دەبێت. ئاخر بەندەیەك چۆن بە تەمایە خەڵك گەورەی ڕابگرن وحورمەتی بگرن ئەو حورمەتی خوا وحەرام کراوەکانی ناگرێت؟! یان چۆن مافی خوای لا کەم دەبێت، خوا لای خەڵك کەمی ناکات؟!

قورئانیش ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە لە باسی سزاکانی تاواندا، کە بێ ڕێزی کردوون وەك چۆن بێ ڕێزیان بەو کردووە. لەبەر ئەمەشە دەبینن خوای بەرز ومەزن لە باسی سوژدە بردنی هەموو دروستکراوەکاندا

ئەفەرموێت: {وَمَنْ يُهِنِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ مُكْرِمٍ} [الحج:١٨]، «کاتێك پێیان کەم بوو سوژدەی بۆ ببەن ونەیان برد، خواش ئیهانەی کردن» -پەنا بە پەروەردگار-.

## بیست ونۆیەم: ئەبێتە مایەی فەرامۆشکردن وواز لێهێنانی لەلایەن خواوە ودەیداتە دەست نەفسی وشەیتان

«ومن عقوباتها: أنّها تستدعي نسيانَ الله لعبده، وتركَه، وتخليتَه بينه وبيّن نفسه وشيطانه. وهناك الهلاك الذي لا يرجى معه نجاة».

لە زیانەکانی تری تاوان: ئەبێتە مایەی ئەوەی خوا بەندە فەرامۆش[١] بکات، ووازی لێ بهێنێت وبیداتە دەست نەفسی خۆی وشەیتانەوە. ئەمەش ئەو تیاچوونەیە کە ئومێدی ڕزگار بوونی تێدا نیە. خوای دانا ئەفەرموێ: {وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنْسَاهُمْ أَنْفُسَهُمْ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ} [الحشر:١٩]. واتە: «وەکو ئەوانە مەبن کە خوایان لە بیر کرد. خواش سزای دان وخۆیانی لە بیر خۆیان بردەوە». ئەمەش دوای ئەوە بوو کە فەرمانی کرد بە تەقواکردن. واتە: هەرکەس خوا لە بیر بکات وتەقوای نەکات ئەوا خۆی لەبیر دەباتەوە، بەو واتایەی: بەرژەوندیەکانی خۆی وئەوەی لە سزا ڕزگاری دەکات وئەوەی ئەبێتە مایەی کامەرانی هەمیشەیی بۆی لە بیری دەباتەوە. هەموو ئەمانەی لە بیر دەباتەوە لە پاداشتی لە بیرکردنی گەورەیی وترسان لێی وهەستان بە مافەکانی وی تبارك وتعالی.

---

(١) ئەوەی هەندێك ئەڵێن: خوا لە بیری دەکات. کە ئەمە دروست نیە بۆ خوا بە کار بهێنرێت.

بەڕاستی لە گەورەترین سزاکان ئەوەیە بەنـدە خـۆی لـە بیـر بکـات وئیهمالی بکات، وبەشی خوا نەدات وبڕوات بیگۆڕێتەوە وبیفرۆشێتەوە بە نرخێکی کەم. ئەڕوا ئەوە لە دەست دەدات کە هیچ کات لێی بێنیاز نیـە وکـەس جێـی ئـەوی بـۆ پـڕ ناکاتـەوە، ئەیگۆڕێتـەوە بـەوەی هـیچ پێویستی پێی نیە ولێی بێنیازە:

هەرچی لە دەستچێ جێی پڕ ئەبێتۆ تەنها خوا نەبێت جێی پـڕ نـابێتۆ
چـی زایـە ئـەبێت ببێـت ئاسـانە جگـە لـە اللـە قـورس وگرانـە

جا خوا هەموو شتێکە بـۆت، بـەڵام هـیچ نابێتـە خـوا بـۆت. وجێـی هەموو شتێکیشت بۆ پڕ دەکاتەوە، وکەس جێی ئەوت پڕ ناکاتەوە، ولە هەمووان بێنیازت دەکات، بەڵام کەسیش لـەو بێنیـاز نابێـت وکەسـیش لەو بێنیازت ناکات، ڕێگرە لە هەموو زیانێـك، بـەڵام هـیچ نابێتـە ڕێگـر بەرامبەر ئەو. وپـەنات لـە هـەموو شـتێك دەدات، بـەڵام هـیچ پـەنات نادات لەو. جا توخوا بەنـدە بـۆ چـاو تروکانـدنیش بێنیـاز ئـەبێت بـە زاتێك ئاوها بێت؟!

## سیهەم: لە بازنەی چاکەکاران ئەیباتە دەرەوە

«ومن عقوباتها: أنّها تُخرِجُ العبدَ من دائرة «الإحسان» وتمنعه ثـوابَ المحسنين».

لـە زیانـەکانی تـری تـاوان: تاوانکـار لـە بازنـەی چاکـەکاران ئەباتـە دەرەوە وپاداشتی ئەوانیشی دەسـت ناکـەوێت. بەنـدەش کـە گەیشـتە پلـەی ئیحسـان، ئەبێتـە ڕێگـر لەبـەردەم ویسـتی تـاوانکردن، چ جـای ئەنجامدانی.

جا بەندە بە تاوانكردن لە هاوەڵێتی باوەڕداران دەردەكرێت وئەو هەموو فەزڵ وخێر وچاكانەی لە دەست دەچێت كە لەسەر ئیمان بونیادنراوە ونزیكەی سەد دانە دەبێت، هەر دانەیەكیشی لە دونیا وئەوەشی تێیدایە باشترە.

## سی ویەكەم: نیعمەت وخۆشیەكان ناهێڵێ وسزا دێنێت

«ومن عقوبات الذنوب أنها تُزيل النعم وتُحِلّ النِّقَم. فما زالت عن العبد نعمة إلا بذنب، ولا حلّت به نقمة إلا بذنب»[١].

تاوان نیعمەت وخۆشیەكان ناهێڵێت وتورەیی وسزای خوا دێنێت. بشزانە هیچ نیعمەت وخۆشیەك لە دەست بەندە ناچێت مەگەر بە هۆی تاوانێكەوە، وهەرگیز تووشی هیچ سزایەك نابێت مەگەر بە هۆی تاوانێكەوە. وەك عەبباسی كوڕی عەبدولموتەللیب فەرموی: هیچ بەڵایەك دانابەزێت مەگەر بە هۆی تاوانەوە، ولاش ناچێت مەگەر بە تەوبە كردن[٢]. پەروەردگاریش ئەفەرموێت: {وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ} [الشورى:٣٠]. واتە: «هیچ موسیبەتێكتان بەسەردا نایەت مەگەر بە هۆی تاوانی دەستی خۆتانەوە». هەروەها ئەفەرموێ: {إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ وَالٍ} [الرعد:١١]. هەروەها ئەفەرموێ: {ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَى قَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ} [الأنفال:٥٣]. خوای زانا باسی

(١) دواجار ئیبن قەییم بە واتایەكی تری نزیك لەمە ئەم خاڵە دووبارە دەكاتەوە. بۆیە ئێمە تێهەڵكێشمان كرد.

(٢) أخرجه ابن عساكر في «تاريخه» (٢٦/ ٣٥٩) بسند ضعيف جدًا.

ئەوەمان بۆ دەکات کە هیچ نیعمەتێك لا نادات ونایگۆڕێت تا کەسەکە خۆی هۆکار نەبیت وبیگۆڕێت، کـە تاعـەتی خـوا دەگۆڕێـت بـە تـاوان کـردن وشـوکرانە بـە کوفرانـە، کـە گـۆڕێ ئـەویش دەیگۆڕێـت. خـوای گەورەش ستەم لە بەندەکانی ناکات.

جـوان بیپـارێزە نیعمەتـەکان خـوا تاوانـەکانت سـەر نیعمـەت ئـەخوا

تاعەت خوا کردن قەڵغان نیعمەتن گەرنا سزای خـوا زۆر خێـرا وتونـدن

ئامـان دورکـەوە لـە زوڵـم وسـتەم چونکـە سـەرەنجام بـە هیلاکتەبـەن

هەر بۆیە پەیامبەری خوا ﷺ دوعـای ئـەکرد وئەیفـەرموو: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ زَوَالِ نِعْمَتِكَ، وَتَحَوُّلِ عَافِيَتِـكَ، وَفُجَـاءَةِ نِقْمَتِـكَ، وَجَمِيـعِ سَـخَطِكَ». واتـە: «خوایـە پـەنات پـێ ئـەگرم لـە نـەمانی نیعمەتەکانت، وبێوەیی تۆم بەسەرەوە نەمێنێت، وله پڕدا تووشی سزای تۆ ببم، پەنات پێدەگرم لە سەرجەم ئەو شتانەی ئەبێتە مایەی توڕەیی تۆ».

هەروەها ئیبن قەیم ئەڵێ: «ومن عقوباتها: أنها تُزيل النِّعَمَ الحاضرةَ، وتقطع النعم الواصلة، فتُزيـل الحاصـلَ، وتمنـع الواصـلَ». ولـە سـزاکانی تاوان ئەو نیعمەتانەی ئێستا هەن نایهێڵێت، وئەوەشی دێت ناهێڵێت.

## سی ودووهەمین: ترس ودڵەڕاوکێی بۆ دروست ئەبێت

«ما يلقيه الله ﷻ من الرعب والخوف في قلب العاصي».

لە سزاکانی تاوان: ئەو ترس وبیم ودڵەڕاوکێیەیە لـە دڵـی تاوانکـاردا دروست ئەبێت. هەمیشە ئەیبینیت دەترسێت وڕاڕایە.

بۆیە تاعەتی خواکردن قەڵای هەرە مەزنی خوایە هەر کەس بڕواتـە ناویەوە لە ئەماندا ئـەبێت لـە سـزای دونیـا وداڕۆژ، کێش لێـی بڕواتـە دەرەوە ترس لە هەموو لایەکەوە دەوری دەدات.

جا هەر کەس لە خوا بترسێت، ئەمان ودڵنیایی پێدەدات لە هەموو شتێك. کێش لە خوا نەترسێت لە هەموو شتێك دەیترسێنێت.

قەزای خوا وایە لە ئەزەلەوە ترس وتاوانی وەل[(١)] یەك داناوە

## سی وسێیهەمین: دڵ نەخۆش دەخات

«ومن عقوباتها: أنها تصرِفُ القلبَ عن صحّته واستقامته إلى مرضه وانحرافه، فلا يزال مريضًا معلولًا، لا ينتفع بالأغذية التي بها حياته وصلاحه...».

لە سزاکانی تری تاوان: دڵ نەخۆش دەخات. نەخۆشی چۆن کاریگەرە لەسەر لاشە، تاوانیش ئاوهایە بۆ دڵ. واش نەزانی ئایەتی: {إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ * وَإِنَّ الْفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ} [الانفطار:١٣-١٤] «چاکەکاران لە نێو نیعمەتدان وخراپەکارانیش لە سزا». تەنها بۆ نیعمەتی بەهەشت وسزای دواڕۆژە بە تەنها! نەخێر بەڵکو بۆ هەر سێ قوناغەکە دونیا وبەرزەخ ودواڕۆژ. لە هەر سێ ئەم قۆناغانەدا چاکەکاران لە بەهەشتدان وخراپەکارانیش لە سزا ودۆزەخ دا.

جا هەموو چاکەکارێك پێش بەهەشتەکەی دواڕۆژ، ئەبێت بڕواتە نێو بەهەشتەکەی دونیاوە. بۆیە بیلالی کوڕی سەعد لە سەرەمەرگدا کاتێك ژنەکەی وتی: «وَاوَيْلَاه». فەرمووی: «وَافَرَحَاهُ! غدًا نَلْقَى الأَحِبَّة، مُحمَّدًا وحِزْبَه»[(٢)].

(١) وەل: لەگەڵ.

(٢) أخرجه ابن أبي الدنيا في «المحتضرين» (٢٩٤).

ئەبو سولەیمانی مەغریبی ئەیفەرموو: ئەگەر بەهەشتیان لە حاڵێكی وا خۆشدا بن كە من تێیدام، ئەوە بەڕاستی لە حاڵێكی زۆر خۆشدان[١].

عەبدوڵای كوڕی موبارەك ومالكی كوڕی دیناریش لێیانەوە هاتووە فەرمویانە: «خەڵكی دوونیا هەژارن دونیایان جێهێشت كەچی خۆشترین شتیان تێدا نەچەشت»[٢].

ئیبراهیمی كوڕی ئەدهەمیش ئەیفەرموو: ئەگەر شا وشازادەكان بیانزانیایە لە چ حاڵێكی خۆشداین ئەوا بە شمشێر لەسەری شەڕیان لەگەڵ دەكردین[٣].

ئبن تەیمیەش ئەیفەرموو: لە دونیادا بەهەشتێك هەیە هەركەس نەڕواتە ناویەوە ئەوا لە دواڕۆژیشدا ناڕواتە ناویەوە[٤].

## سی وچوارەمین: بینایی دڵ كوێر دەكاتەوە، ڕووناكیەكەی خامۆش دەكاتەوە

«ومن عقوباتها: أنّها تُعمي بصيرَة القلب، وتطمس نوره، وتسدّ طرق العلم، وتحجب موادّ الهداية».

لە سزاكانی تری تاوان: بینایی دڵ كوێر دەكاتەوە، ڕووناكیەكەی خامۆش دەكاتەوە، وڕێگای زانست دەگرێت وبەر ڕێنمایی دەگرێت. هەر بۆیە مالك بە شافعی وت: هەست دەكەم خوا ڕووناكی خستۆتە

(١) أخرجه ابن الجوزى فى «صفة الصفوة» (٢/ ٣٦٩).

(٢) أخرجه أبو نعيم فى «الحلية (٨/ ١٧٧)، «قيل له: وما أطيب ما فيها؟ قال: المعرفة بالله عز وجل». وأخرجه أيضًا عن مالك بن دينار (٢/ ٣٥٨)، وابن عساكر في تاريخه (٥٦/ ٤٢١، ٤٢٧).

(٣) أخرجه ابن عساكر في «تاريخه» (٦/ ٣٠٣، ٣٦٦).

(٤) سمعه منه ابن القيم كما في «المدارج» (١/ ٥٣٦)، والوابل الصيب (١٠٩).

دڵتەوە بە تاوان خامۆشی نەکەیتەوە. ئەم ڕووناکیەش بەرە بەرە لاواز دەبێت تا دڵ وەك شەوی تاریکی لێدەکات، ئیتر زیاد دەکات زیاد دەکات تا دێتە دەرەوە، ولاشەش دەگرێتەوە، وڕووش رەش دەکات پەنا بە خوا. کە مردیش گۆڕەکەی لەگەڵدا تاریك دەبێت[1]، کە زیندوویش بوویەوە لە قیامەت تاریکیەکە هەر بە دەم چاویەوەیە.

## سی وپێنجەمین: نەفسی تاوانکار بچوك دەکاتەوە تا ئەیکاتە بچوکترین شت

«ومن عقوباتها: أنّها تصغّر النفس، وتقمَعها، وتدسّيها، وتحقّرها، حتى تصير أصغر شيء وأحقره، كما أنّ الطاعة تنمّيها وتزكّيها وتكبّرها».

لە سزاکانی تری تاوان: نەفسی تاوانکار بچوك دەکاتەوە تا ئەیکاتە بچوکترین شت. جا چۆن تاعەت پاك وگەورەی دەکاتەوە وگەشەی پێدەدات. تاوانیش ئاوها بەڵام بە پێچەوانەوە. بۆیە پەروەردگار دەفەرموێت: {قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا * وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا} [الشمس:٩-١٠]. واتە: «سەرفراز بووە ئەوەی دەرونی پاك دەکاتەوە وگەورە ڕای دەگرێت وبەرزی دەکاتەوە بە تاعەتی خوا، وزەرەرمەندیش بووە ئەوەی پیسی دەکات ودەیشارێتەوە وبچوکی دەکاتەوە بە تاوان کردن».

## سی وشەشەمین: خاوەنەکەی دەکاتە دیلی شەیتان

«أنّ العاصي دائمًا في أسْر شيطانه، وسجن شهواته،».

(١) بڕوانە: «صحيح مسلم» في الجنائز، باب الصلاة على القبر (٩٥٦)..

لە سزاكانی تری تاوان: خاوەنەكەی دەكاتە دیلی شەیتان، سا توخخوا كامتان ڕازی دەبن بن بە دیلی مرۆڤێك چ جای شەیتانی دوژمنی سەرسەختان؟! كۆت وبەندتان بكات ولە بەندیخانەیەك دا بتبەستێتەوە!

جا مەبەست ئەوەیە سەرپێچیكار هەمیشە لە دیلی شەیتان وبەندی ئارەزوو وكۆتی حەزەكانی بەستراوەتەوە، جا حاڵ خراپتر هەیە لەوەی دیلی سەرسەخترین دوژمنی خۆی بێت؟! لە سجنی شەیتان تەسكتر ولە بەندی ئارەزوو سەختتر، ولە كۆتی حەز ناڕەحەتتر هەیە؟!

ئەی دڵێك دیل وبەندكراو بێت چۆن ئەڕوات بەرەو خوا؟!

وەك دەڵێن شەیتان گورگی مرۆڤە[1]. جا چۆن مەڕ پارێزەرێكی نەبێت گورگ دەوری دابێت هەر زوو تیا چووە، مرۆڤیش ئاوهایە، ئەگەر پارێزەرێكی خوایی لەگەڵدا نەبیت گورگەكەی خێرا دێت وڕاوی دەكات. بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

بنەڕەتی هەموو ئەمانەش یەك شتە: ئەویش ئەوەیە بەندە تا لە خواوە دوورتر بێت ئافات زووتر كاری تێدەكات ودەیبات، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

دووریش جۆراو جۆرە؛ دووری بێئاگایی كەمترە تا دووریی سەرپێچیكردن، دووریی ئەمەش كەمترە تا دووریی بیدعە، دووری ئەمەش كەمترە تا دووریی نیفاق وشیرك.

(١) أخرجه أحمد (٥/ ٢٣٣) (٢٢٠٢٩)، والطبراني (٢٠/ ١٦٤ – ١٦٥) (٣٤٤، ٣٤٥)، وأبو نعيم في الحلية (٢/ ٢٤٧) وغيرهم مرفوعًا، ولا يصح.

## سی وحەوتەمین: کەسایەتی وپایە وپلە ورێزی کەسەکە دەخات

«ومن عقوباتها: سقوط الجاه والمنزلة والكرامة عند الله وعند خلقه...».

لە سزاکانی تری تاوان: کەسایەتی وپایە وپلە ورێزی کەسەکە دەخات هەم لای خوا وهەم لای خەڵکیش. جا بەڕێزترین لای خوا تەقواکارترینە جا تا تاعەتی زیاتر لای خوا پلە وپایەدارترە، کە تاوان وسەرپێچیشی کرد لە پێش چاوی خوا دەکەوێت ولە پێش چاوی خەڵکیشی دەخات.

جا ئەگەر قەدری لای خەڵك نەما ڕێزی پێشتری لێناگرن. وبە بێناوی وبێقەدری لەناویاندا دەمێنێتەوە. جا با بڕوا بەراوردی ئەم ئازار ونارەحەتیە بکات بەو تۆزە چێژەی تاوان، ئەگەر سەرخۆشی ئارەزوو ڕێگەیدا؟!

## سی وهەشتەمین: ناوە بەڕێزەکانی لێدادەماڵێ وناوی نابەڕێزی بە بەردا دەکا

«ومن عقوباتها: أنّها تسلب صاحبها أسماء المدح والشرف، وتكسوه أسماء الذمّ والصَّغار».

لە سزاکانی تری تاوان: ناوە بەڕێز وشەرەفمەند وشکۆدارەکان لە خاوەنەکەی دادەماڵێت وناوی خراپ وبچوك وبێڕێزی بە بەردا دەکات.

جا ناوی ئیماندار وپیاو چاك وچاكەكار وتەقواكار وگوێڕایەڵ وگەڕاوە ووەلی ودونیا نەویست وچاكەخواز وخواناس وخواپەرست ولە خوا ترس وهاوشێوەكانیانی لێ دادەماڵێت، وناوی پیاو خراپ وخراپەكار وسەرپێچیكار وگەندەڵ وپیس وخوا غەزەب لێگرتوو، وشەڕواڵ پیس ودز وپیاو كوژ ودرۆزن وخیانەتكار وناپاك ونێرباز وغەدركار وهاوشێوەكانیانی بەبەریدا دەكات. ئەمانەش ناوەكانی فیسقن كە خوا باسی دەكات وئەفەرموێت: {بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ} [الحجرات:١١]. ئەمانەش ئەو ناوانەن كە ئەبنە مایەی سەر شۆڕی وتووڕەیی خوا وچوونە ئاگرەوە. جا ئەگەر تاوان كردن تەنها ئەمەی تێدا بێت بەس بێت بۆی دەستبەرداری تاوان كردن ببێت.

## سی ونۆهەمین: ئەبێتە مایەی پچڕانی پەیوەندی نێوان بەندە وخوا

«أنها توجب القطيعة بين العبد وبيّن ربه تبارك وتعالى».

وله گەورەترین سزاكانی تری تاوان: ئەبێتە مایەی پچڕانی پەیوەندی نێوان بەندە وخوا. كە پچڕانیش دروست بوو هۆكارەكانی خێر وخۆشی لێدەبڕیت، وهەرچی هۆكاری خراپە وشەڕە دێت بە سەریدا. ئیتر چاوەڕێی چ خێرێكی، لە كەسێك، هۆكارەكانی خێری لێپچڕا بێت وپەیوەندی نێوان ئەو ودۆستەكەی پچڕا بیت؟! كە بۆ چاو تروكاندنێك لێی بێنیاز نیە وهەمیشە پێویستی پێیەتی!

لەبەرامبەردا پەیوەندی نێوان ئەو ودوژمنەکەی توند بووە وئێستا بە فەرمانی ئەو دەسوڕێت؟! مەگەر بەس خوا بزانێت ئەم پچڕانی پەیوەندیەی نێوان بەندە وخوا چەند زەرەری تێدایە وچەند ناڕەحەتە.

موتەڕریفی کوڕی عەبدوڵای کوڕی شیخخیر ئەفەرموێ: «سەرنجی بەندەمدا تەماشا دەکەم لەبەردەستی خوا، وشەیتانە، ئەگەر خوا بینی دڵی خێری تێدایە بەرەو خۆی ڕادەکێشێت، ئەگەرنا ئەیداتە دەست نەفسی خۆیەوە، کێش بداتە دەست نەفسی خۆیەوە تیا چووە»[1].

خوایە نەماندەیت بە دەست نەفسی خۆمانەوە.

هەروەها خوای گەورە ئەفەرموێت: {وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ أَفَتَتَّخِذُونَهُ وَذُرِّيَّتَهُ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِي وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ بِئْسَ لِلظَّالِمِينَ بَدَلًا} [الكهف:٥٠]. واتە: «من ڕێزم لە باوکتان گرت وقەدریم گرت وفەزڵمدا بەسەر جگە لە خۆیدا وفەرمانیشم بە فریشتەکان کرد هەر هەموویان سوژدەی ڕێزی بۆ ببەن. جا دووژمنەکەی من وئەویش گوێڕایەڵ نەبوو وسەرپێچی کرد. ئیتر چۆن گونجاوە بۆ ئێوە ئەو ونەوەکانی بکەن بە دۆستی خۆتان لە بری من لە کاتێکدا ئەوان سەرسەخترین دوژمنی ئێوەن؟! سا من لەبەر باوکی ئێوە سزامدا وکردمە دوژمنی خۆم، کەچی ئێوە ئەو دەکەن بە دۆستی خۆتان ومن دەکەن بە دوژمنی خۆتان؟!».

---

(١) أخرجه أحمد في «الزهد» (١٣٥٣)، وسنده حسن. وابن المبارك في «الزهد» (٢٩٨)، وأبو نعيم في «الحلية» (٢٠١/٢) وسنده صحيح.

# چلهەمین: بەرەکەتی تەمەن ورۆزی وزانست وکار وتاعەت ناهێڵێت

«ومن عقوباتها: أنها تمحق بركة العمر، وبركة الرزق، وبركة العلم، وبركة العمل، وبركة الطاعة».

وله گەورەترین سزاکانی تری تاوان: ئەوەیە پیت وقوت وبەرەکەتی تەمەن ورۆزی وزانست وکار وتاعەت ناهێڵێت.

به گردی: بەرەکەتی دین وژین ئەبڕێتەوە؛ له تەمەن ودین وژینی سەرپێچیکار بێبەرەکەتتر هەرگیز نابینی.

بەرەکەتیش کەمی نەکردوه مەگەر بەهۆی تاوانەوە وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، پەروەردگار ئەفەرموێ: {وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَرَكَاتٍ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ} [الأعراف:٩٦]. هەروەها ئەفەرموێت: {وَأَلَّوِ اسْتَقَامُوا عَلَى الطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَاهُمْ مَاءً غَدَقًا} [الجن:١٦]. فراوانی ڕۆزی وکاریش بە زۆری نیە وتەمەن درێژی بە زۆری مانگ وساڵەکان نیە بەڵکو بە بەرەکەتە.

بەرامبەری بەرەکەتیش نەفرەتە. جا هەر شتێك نەفرەتی خوای لێکرا بێت دوورترینە لە خێر وبەرەکەت. هەر بۆیە هیچ بە ئەندازەی ئیلیس بێبەرەکەت وبێخێر نیە چونکە خوا نەفرەتی لێکردووە.

بۆیە هەیە سەد ساڵ ونزیك لەوە ئەژی بەڵام تەمەنی بایی دە ساڵ نیە. وەك چۆن هەیە پارە وماڵێکی بێژمارەی هەیە وبایی بیست مسقاڵ ئاڵتون نابێت.

ئەی نەتبیستووە: کەسی وایە دوو ملیۆن دیناری عێراقی یان زیاتر یان تۆزێ کەمتر موچەکەیەتی، هەر ئەگری وئەڵێ بەشم ناکات.

هەشە مانگانەکەی ٤٠٠ یان ٥٠٠ هەزار دیناره خێریشی لێ دەکات.

ئەمە بریتیە لە بەرەکەت، بەرەکەتیش بەس لای خوایە هیچ کەس نیە دەسەڵاتی بەرەکەتی هەبێت تەنها خوای گەورە نەبێت.

## چل ویەکەمین: ئەوەی پێشتر پێی نەدەوێرا ئێستا پێی دەوێرێ

«ومن عقوباتها: أنّها تُجرّئ على العبد من لم يكن يجترئ عليه من أصناف المخلوقات».

وله سزاکانی تری تاوان: ئەوەی پێشتر جورئەتی نەکردۆتە سەری، دوای تاوانکردن پێی دەوێرن.

بۆیە شەیتانەکانی بەسەردا زاڵ دەکات، بە ئازاردان وگومڕاکردن ولەخشتەبردن ووەسوەسە بۆ دروست کردن وترساندن وتۆقاندن وبێتاقەتکردن ولەبیربردنەوەی بەرژەوەندیەکانی خۆی.

ئەمە جگە لە زاڵکردنی شەیتانە مرۆییەکان بە غەیبەتکردن وبە ڕووبەڕوو وهەموو جۆرەکانی ناڕەحەتکردنەوە. هەروەها پێوێرانی خاوخێزانی ومنداڵەکانی، تەنانەت لە ئاژەڵانیش دا هەستی پێدەکات. تەنانەت نەفسی خۆیشی زاڵ دەکات بەسەریدا وئەبێتە شێر بە سەریەوە وتوانای ناشکێت بە سەریدا کە بیەوێت خێرێکی پێبکات بە گوێی ناکات وئاو بە شوێن بێڵیەوە نایەت.

## چل ودووهەمین: لە کاتی ئەوپەڕی پێویستیدا تاوانەکان خیانەتی لێدەکەن

«أنّها تخون العبدَ أحوجَ ما يكون إلى نفسه».

وله سزاکانی تری تاوان: کاتێك بەندە ئەوپەڕی پێویستی هەیە بە خۆی تاوانەکان خیانەتی لێدەکەن وپشتی بەردەدەن وناچنە هانایەوە.

بۆ نمونە کە دەکەوێتە ناڕەحەتیەکەوە وپێویستی بەوە بێت لێی ڕزگاری بێت. دڵ ودەرون وئەندامەکانی هەمووی خیانەتی لێدەکەن. وەك شمشێرێك ژەنگ گرتبێتی ونوسا بێت بە شمشێر دانەکەوە، کاتێك خاوەنەکەی دەیکێشێت بە دەستیەوە نایەت جا دوژمنێکی ڕێی پێدەگرێت وئەمیش شمشێرەکەی دەکێشێت هەرچی دەکات سوودی نیە تا ئەم لە هەوڵدانە ئەو پەلاماری دەدات وزەفەری پێدەبات.

## چل وسێهەمین: دڵ کوێر دەکات

«أنّها تعمي القلب فإن لم تُعْمِه أضعفَتْ بصيرتَه ولابدَّ».

وله سزاکانی تری تاوان: دڵ کوێر دەکات، ئەگەریش نەگەیشتە ئەو ڕادەیە ئەوا بینایی (بصیره)تی دڵ لاواز دەکات بێگومان وەك پێشتر باسمان لێوە کرد.

جا ئەگەر سەرنج بدەن تا ئێستا زۆرترین باسمان لەبارەی دڵەوە کردووە، چونکە دڵ سەنگی مەحەکە.

هەروەها دڵ خاڵێکی جەوهەریە لە پرسی عەقیدە وبیروباوەڕدا، جا ئەوانەی پێیان وایە کارەکانی دڵ «أعمال القلوب» لە عەقیدە نیە، ئەوە لە عەقیدە حاڵی نەبوون، کرۆکی عەقیدە لە دڵدایە، ئەوانە دیارە «أصول الثلاثة»شیان نەخوێندوە یان لێی تێنەگەیشتوون، هەندێك لە ئەهلی عیلمم بینی کتێب لەسەر عەقیدە دەنوسن یەکەم خاڵ بە کارەکانی دڵ دەست پێدەکەن.

بۆیە لە سەرەتاوە کۆمەڵێ ووتارم هەبوو لـەبارەی کارەکـانی دڵـەوە بە فیتی هەندێك، خەڵکێك دەیوت: ئەو بابەتانـە بابـەتی عەقیـدە نیـە وبابەتی تەزکیەیە!

ئەمە سەرباری ئەوەی کێشە نیە لە وتـاردا باسـی تەزکیـەش بکـەی، بەڵام بەڵگەی ڕوونە کە ئەم جـۆرە کەسـانە لـە ڕوح وکـرۆك ونـاوەڕکی عەقیدە بە جوانی ووەك خۆی نەگەیشتوون، عەقیدە لای هـەر ئەوەیـە بە تەنها بڵێی نابێت هاوار بکەیتە جگە لە خوا، ئەو کەسـانە بـێ هـیچ گومانێك سوێند بە خوا لە عەقیدە وەك خۆی وبـە گشـتگیریەکەی لێـی حاڵی نەبوون... بـەڵێ ئـەو باسـە بـە شـێکە لـە عەقیـدە نـەك هـەموو عەقیدە. ئەم جۆرەش لەم ڕوانگەوە هیچ جیـاوازی نیـە لەگـەڵ ئـەوەی تەوحید کورت هەڵدێنێت لە تەوحیدی حاکمیەت!

تەنانەت تەماشای شێخ عوثەیمین وجگە لـەویش لـە ئـەهلی عـیلم بکەن مۆخ وکرۆکی تەوحید ئەبەستنەوە بە کارەکـانی دڵـەوە. تەوحیـد وعەقیدەش هەردوکیان لەسەر پشتی دڵ وەستاون.

بێینەوە بۆ سەر باسەکەی خۆمان:

بۆیە ئاگاتان لە تاوان بێت چونکە دڵ کوێر دەکات کە دڵ کوێر بوو تەوحید وعەقیدەش لاواز ئەکات. هەر بۆیە زانایان دەفـەرمون: ئەگـەر ورد ببیتەوە لە تاوان دژی تەوحیدە، بەڵام بە ڕەحمی خوا تاوانەکان بـە دژی تەوحید هەژمار نەکراون، لەلایەن خواوە. واتـە کەسـێك تـاوانێکی کرد پێی کـافر دەبـوو. خـەوارجیش لەسـەر ڕووکەشـی ئەمـە ڕۆیشـتن؛ ئەڵێن: هەر تاوانێکی گەورە کوفرە. بۆ نمونە: ئـەڵێن: مـرۆڤ کـە تـاوان ئەکات بێگومان لاوازی موڕاقەبەی خوایە، موڕاقەبەی خواش پەیوەستی بە تەوحیدەوە هەیە لە بەشی: «الأسماء والصفات» کەواتە ئـەم بەنـدە

لاوازە لە چاودێری خوادا. ئایا بڕوا نەبوون بە سیفەتێك لە سـیفەتەکانی خوا کوفر نیە؟! گومان لە سیفەتێك لە سیفەتەکانی خوا دژی تەوحیدە. بـەڵام ئـەهلی سـوننە لازمـی ئـەم بۆچوونـەیان وەرنـەگرت، ولەسـەری نەڕۆیشتنە ڕێوە.

## چل وچوارەمین: یارمەتیدانێکە پێشکەشی شەیتانی دەکات لەدژی خۆی

«أنّها مددٌ من الإنسان يُمِدّ به عـدوَّه عليـه، وجـيشٌ يقوّيـه بـه عـلى حربه.».

تاوانکردن یارمەتیدانێکە، مرۆڤ پێشکەشی شەیتانی دوژمنـی خـۆی دەکات لەدژی خۆی.

چونکە خوای گەورە دوژمنێکـی بـۆ ئـەم مرۆڤـە دانـاوە لێـی جـودا نابێتەوە بـۆ چاوتروکانـدنێك، دەخـەوێت بـەڵام ئـەو ناخـەوێت، بێئاگـا ئـەبێت بـەڵام ئـەو بێئاگـا نابێـت. ئـەو ئـەم دەبینێـت بـەڵام ئـەم ئـەو نابینێت. هەمو هەوڵێکی خۆی دەدات بۆ دژایەتیکردنی ئەم. وپشتیش دەبەستێت بە هاوکارەکانی خۆی لە جنۆکە ومرۆڤە شەیتانیەکان

## چل وپێنجهەمین: تاوان کردن بەندە لە بیری خۆی دەباتەوە

«ومن عقوباتها: أَنَّها تنسيـ العبـد نفسَـه، فـإذا نَسِيـ نفسَـه أَهملهـا وأَفسدها وأَهلكها».

ولە سزاکانی تری تاوان: بەندە لە بیری خۆی دەباتەوە، جا کە خۆی لە بیر کرد، ئەوسا ئیهمالی دەکات وخراپی دەکات وسەر لە لەناچوونەوە دەردەکات.

بەڵێ بەندە خۆی لەبیر دەکات، گەورەترین خۆ لەبیر چوونەوەش. {وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنْسَاهُمْ أَنْفُسَهُمْ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ} [الحشر:١٩]. وەکو پێشتریش باسمان کرد بەرژەوەندیەکانی خۆی لەبیر دەچێتەوە وتەنانەت بە مێشکیشیدا نایەت. هەروەها نەخۆشیەکانی دڵی خۆی لە بیر دەباتەوە. ڕێگاکانی کامەرانی وسەرفرازی خۆی لەبیر دەباتەوە.

## چل وشەشەمین وکۆتایی: دووری دەخاتەوە لە فریشتە هاوەڵەکەی

«أنها تباعد عن العبد وليَّه، وأنفعَ الخلقِ له، وأنصحَهم له، ومَن سعادتُه في قربه منه، وهو الملَك الموكّلُ به. وتُدني منه عدوَّه، وأغشَّ الخلق له وأعظمَهم ضررًا له، وهو الشيطان».

لە سزاکانی تری تاوان: وەك چۆن لە خوا دووری خستەوە، ئاوهاش بەندە دوور دەخاتەوە لە دۆست وبە سوودترین ودڵسۆزترین کەس بۆی، کە فریشتە هاوەڵەکەیەتی، کە کامەرانی بەندە لە نزیك بوونەوەیەتی لەوەوە.

ودوژمنە غەشبازەکە لە خۆی نزیك دەکاتەوە کە زەرەرمەندترین کەسە بۆ ئەم کە شەیتانە.

هەر بۆیە ئەڵێن: بەندە کاتێك درۆ دەکات فریشتە میلێك لێی دوور دەکەوێتەوە بە هۆی گەنی بۆنی درۆکەوە.

کە چاکەشی کرد بە پێچەوانەوە لێی نزیـك دەبێتـەوە ولەگەڵیدایـە، وازیشی لێناهێنێت تـا کـاتی گیـان کێشـان ولـەوەو دوا وتـا گـۆڕەپـانی مەحشەر، تا ئەیباتە بەهەشتەوە. جا ئەوەندە لێـی نزیـك دەبێتـەوە تـا ئەبێتە چاو ودەست وقاچی. هەر بۆیـە کـابرا قسـەیەکی جـوان وچـاك وڕێك دەکات ئەڵێن: ئەوە فریشتە خستیە سەر زاری. بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

ئەمە گوزەرێك بوو بە بەشـێك لـەوەی ئیـبن قـەییم باسـی دەکـات، بەوەی خوا ڕۆژیدا شەرح وڕاڤەمان کرد، هەرکەسـیش زیـاتری دەوێـت دەتوانێت بگەڕێتـەوە بـۆ شـەرحەکەی کـە لـە سـەرەتای ئـەم کتێبـەدا لینکەکەی دانراوە.

۞ ۞ ۞

# خۆپاراستن لە

# تاوان

## چۆنێتی خۆپاراستن لە تاوان

پێم وایە دووای ئەو گەشتە دوور ودرێژە، کە زانـرا تـاوان ئەوەنـدە زیانبەخشــە، وئەوەنــدە کاریگــەری خراپــی هەیــە بــۆ خــۆی ودەور وبەرەکــەی، ئیــتر هــەموو دڵ ســاغێك وحــەز لــە خێرێــك ئــاواتی دوورکەوتنەوە لە تاوان دەخوازێـت، جـا ئێسـتا کـاتی خۆیـەتی ئـاواتی دۆستان بە دیبهێنین، ووەڵامی پرسیاری: چار چیە؟ بۆ کوێ بچین؟ ڕزگار بوون لە کوێیە؟ بدەینەوە بە پشتیوان ویارمەتی وکار ئاسانی خوا:

پشتیوان بەخوای گەورە لێرەدا باسی ئەو هاندەرانە دەکـەین کـە وا دەکات بەندە تاوان ئەنجام نـەدات، باسـی ئـەو ڕێگایانـە دەکـەین کـە بەندە دوور دەخاتەوە لە سەرپێچی...

بەڕێزان! هەمووومان پێویستمان بەم ئامۆژگاریانە هەیە، جا داواکارم لە خوای پەروەردگار بە فەزڵ ومننەتی خـۆی سـودمان پـێ بگەیـەنێت بەوەی کە دەیڵێین، ووامان لێ بکات شوێنی قسـە چاکـەکان بکـەوین، ولە گیانی خۆماندا جێبەجێی بکەین وڕەنگ بداتەوە.

بۆ ئەم باسەش دیسانەوە دەچینە خزمەتی زانای خواناس وپزیشکی دڵان؛ ئیبن قەییمی جەوزیە -ڕەحمەت وبەرەکەتی خـوا بـڕژێن بەسـەر ڕوح وگۆڕەکەیدا وپلەی لە بەهەشـتەکاندا بـەرز بکاتـەوە ولێـی خـۆش بێت-، لە کتێبی: «عُدَّةُ الصَّابِرين»، بە جوانی باسـی ئـەم پرسـەی ڕوون کردۆتەوە، کە دینی بەندە بە چی توند وتۆڵ وقایم وبـە هێـز دەبێـت؟ جا هەندێك هاندەر وپاڵنەری باس کردووە، لێـرەدا بـە ئاسـانکاری خـوا دەیخەینە ڕوو لەگەڵ هەندێك ڕوون کردنەوە وڕاڤەکردندا:

دەفەرموێت -ڕەحمەتی خوای لێبێت-:

## یەكەم: گەورەیی ومەزنی خوا ﷻ

«أحدهما: إجلال الله تبارك وتعالى أن يعصى وهو يرى ويسمع ومن قام بقلبه مشهد إجلاله لم يطاوعه قلبه لذلك البتة».

گەورە ڕاگرتنی خوای باڵا لەوەی سەرپێچی بكەیت لە كاتێكدا دەتبینێت ودەتبیستێت. جا هەر كەس ئەم گەورەییەی خوای لە دڵدا بێت، وببینێت وئاگاداری بێت، هەرگیز دڵی بەرایی نادات تاوان بكات.

ئەمەش بەوە دەبێت موسڵمان ئاگای لە جەلالەت ومەزنی وگەورەیی خوا بێت لە دڵیدا، كە خوا بینەرە ودەیبینێت، بیستەرە ئەیبیستێت. وەك پەروەردگار ئەفەرموێت: {وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ} [الزمر:٦٧]. هەروەها ئەفەرموێ: {مَا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا * وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا} [نوح:١٣-١٤]. واتە -وەك ڕاڤەكاری قورئان ئەفەرموێ-: «ئەوە چیتانە بۆ خوا بە گەورە ڕاناگرن وقەدری ناگرن وەك شیاوی ویە؟!»[١].

خەڵكیش كاتێك قەدری خوای گەورەیان گرت ئەگەڕێنەوە بۆلای، كەییش خوایان لا گەورە نەبوو، ئەوسا ناگەڕێنەوە لای وسەرپێچی دەكەن. جا هەر كات بیری تاوان هات بە دڵی بەندەدا، با بیری مەزنی ودەسەڵاتی خوای گەورە بكاتەوە، كە خوا ئاگای لە هەموو شتێك هەیە.

بۆیە هەر كەس گەورەیی خوای باڵای لە دڵدا هەبێت، دڵی بەرایی نادات سەرپێچی بكات. كە سەرپێچیشی كرد، گەورەیی خوا ئاگر لە ناخی بەردەدات وخەم دایدەگرێت ودەگیرێت وفرمێسكی چۆڕەی

(١) أخرجه الطبري في «تفسيره» (٢٣/٢٩٦).

دێت. ئیستەغفیرۆڵا دەکات وداوای لێخۆشبون دەکات وناڵە ونوزەی دێت ودەکرۆزێتەوە تا لێی ببورێ.

بەڵام کاتێك گەورەیی پادشای مەزنی لە دڵدا نەبێت؛ تاوانیش بکات تەوبەی نیە، تەوبەشی کرد هەر دەمە -خوا پەنا بدات-.

بیشری کوڕی حارثی حافی ئەفەرموێ: «ئەگەر خەڵك بیریان بکردایەتەوە لە گەورەیی خوا سەرپێچیان نەدەکرد»(١).

## دووەم: خۆشویستنی خوا ﷻ

«مشهد محبته سبحانه؛ فيترك معصيته محبة له، فإن المحب لمن يحب مطيع، وأفضل الترك ترك المحبين كما أن أفضل الطاعة طاعة المحبين، فبين ترك المحب وطاعته وترك من يخاف العذاب وطاعته بون بعيد».

کە وا دەکات لە تاوان دوور بیت: بریتیە لە: بینینی خۆشویستنی خوای میهرەبان. کە خواشی خۆشەویست ئەوسا واز لە تاوان دێنێت لەبەر خۆشەویستی وی. چونکە خۆشەویست گوێڕایەڵی خۆشەویستە. جا باشترین وازلێهێنان، وازلێهێنانی خۆشەویستانە، وەك چۆن چاکترین گوێڕایەڵی، گوێڕایەڵی خۆشەویستانە، جا جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان وازهێنان وگوێڕایەڵی خۆشەویست لەگەڵ وازهێنان وگوێڕایەڵی کەسێك لە ترسی سزای بێت.

جا مرۆڤ هەمیشە وایە کەسێکی خۆش بوێت بێ دڵی ناکات، ولە قسەی دەرناچێت. بۆیە پەروەردگار دەفەرموێت: {وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ

(١) أخرجه أبو نعيم في «الحلية» (٨/ ٣٣٧). وجميع من رأيتهم نسبوه لابن كثير في «تفسيره» (تفسير الآية ١٩٠ من سورة آل عمران).

مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ} [البقرة:١٦٥]، واتە: «ئەوانەی ئیمانداری ڕاستەقینەن خۆشەویستیان بۆ خوای گەورە زۆر زۆر زیاترە وەك لە خۆشەویستی موشریكان بۆ ئەو هاوبەشانەی قەراریان داوە».

هەر لەبەر ئەوەی خۆشەویستی دژی سەرپێچیە، پەروەردگاری هەق ئەفەرموێت: {قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ} [آل عمران:٣١]. «ئەگەر ئێوە ڕاست دەكەن خواتان خۆش دەوێت ئەوا شوێنی من بكەون بۆ سەلماندنی بانگەشەكەتان».

سەرپێچی دەكەی وئەشلێی خۆشمەوێ ئەمە مەحاڵە وقەت شت وا نابێ
ڕاستگۆ ببوایەی گوێڕایەڵ دەبووی لەقسەی دۆستەكەت وەدەرنەدەچووی

## سێیەم: نیعمەت وفەزڵ وچاكیەكانی خوا ﷻ

«الثالث: مشهد النعمة والإحسان: فإن الكريم لا يقابل بالإساءة من أحسن إليه، وإنما يفعل هذا لئام الناس».

كە وا دەكات لە تاوان دوور بێت: بیر كردنەوەیە لەو هەموو نیعمەتانەی خوای گەورە كە ڕژاندویەتی بەسەریدا. چونكە كەسی بەڕێز خراپە ناكات لەگەڵ كەسێكدا كە چاكەی لەگەڵدا كردووە، كەسی نامەرد ونارەسەن وادەكات.

بۆیە با بینینی چاكەكان ونیعمەتەكانی خوا بەسەریەوە، ببنە ڕێگر لەبەردەم سەرپێچكی كردن. پەرستراوی هەق ئەفەرموێ: {وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا} [النحل:١٨]. «ئەگەر نیعمەتەكانی خوا بژمێرن بە

سەرتانەوە ئەوا لە ژماردن نایەت ئەوەندە زۆر وهەمە جۆر وهەمە چەشن وبەردەوام ونەبڕاوەیە».

بەڕێزان! سەرنج بدەن وووردبینەوە ئەتوانن ئەو نیعمەتانەی خوا بژمێرن کە هەیەتی بەسەرتانەوە؟! لە ئەثەرێك هاتووە ئەڵێ[١]: عابدێکی بەنی ئیسرائیل پێنج سەد ساڵ عیبادەتی خوا دەکات، وتەنانەت عابدەکە لە سوژدەدا دەمرێت. پەروەردگار دەفەرموێ: بەندەکەم بخەنە بەهەشتەوە بە ڕەحمەتی خۆم «أَدْخِلُوا عَبْدِي الْجَنَّةَ بِرَحْمَتِي». بەندەکە ئەفەرموێت: «رَبِّ بَلْ بِعَمَلِي» پەروەردگارا بە کردەوەی خۆم بمخە بەهەشتەوە. لەبەر ئەوەی کردەوەی زۆرە، وا دەزانێت بەوە هەقی خوای داوە، ترسی نیە لە خۆی، پەروەدگار تەنها نیعمەتی چاوەکانی ئەیخاتە سەر تای تەرازوو، کردەوەی هەر پێنجسەد ساڵەکەی دەباتە هەوا. پاشان داوا دەکات بە بەزەیی خوا، پەروەدگاریش بە ڕەحمەتی خۆی ئەیخاتە بەهەشتەوە.

پەیامبەری خواش ﷺ ئەفەموێ: کەس بە کردەوەی خۆی ناڕواتە بەهەشتەوە، ووتیان: قوربان تەنانەت جەنابیشت؟! فەرمووی: تەنانەت منیش، مەگەر خوای گەورە بە ڕەحمی خۆی دامبپۆشێت.

من وتۆش بەتەماین بە کردەوەی خۆمان بڕۆینە بەهەشتەوە!!

(١) أخرجه الحاكم في «المستدرك»، كتاب التوبة والإنابة، حكاية عابد عبد الله خمسمائة سنة فتوفي ساجدًا. وقال: «هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ؛ فَإِنَّ سُلَيْمَانَ بْنَ هَرِمٍ الْعَابِدَ مِنْ زُهَّادِ أَهْلِ الشَّامِ، وَاللَّيْثَ بْنَ سَعْدٍ لَا يَرْوِي عَنِ الْمَجْهُولِينَ». وتبعه ابن القيم، أما الذهبي فقد: «لا والله وسليمان غير معتمد» وقال أيضًا: «لم يصح هذا، والله تعالى يقول: {ادخلوا الجنة بما كنتم تعملون} ولكن لا ينجي أحدًا عمله من عذاب الله كما صح، بل أعمالنا الصالحة هي من فضل الله علينا ومن نعمه لا بحول منا ولا بقوة، فله الحمد على الحمد له»، وهو في «ضعيف الترغيب والترهيب» (٢٠٩٩).

ئەمەش بە واتای وازهێنان نایەت. بەڵکو زۆری ئەو نیعمەتانە دەخوازێت عیبادەتی زیاتر بکرێت. تەنانەت پەیامبەری خوا ﷺ عیبادەتی ئەکرد تا پێکانی شەقیان ئەبرد.

سەرباری ئەو ئیخلاص وخۆشەویستی وگەورەییەی خوا کە لە دڵی پەیامبەر دا هەیە ﷺ، کە ئەم جۆرە کارانەی دڵ وهاوشێوەکانی، گەورەترین عیبادەتن ولە عیبادەتی ڕووکەشی وئەندامەکانی لاشە گەورەترن. کە پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «من لە هەمووتان زیاتر خواناسترم ولە هەمووشتان لە خواترسترم».

جا با شەرمی خوا بیگرێت خێر وفەزڵ وچاکە ونیعمەتی وستر وداپۆشینی خوای بۆ دابەزێت ولە بەرامبەردا تاوان وسەرپێچی وئەم بۆ ئەو خوا نیعمەت بەخشە چاکەکارە بەرز ببێتەوە. فریشتەیەك ئەوە دابەزێنێت بۆ تۆ، وفریشتەیەکیش ئەمە بەرز بکاتەوە لە تۆوە بۆ خوا، بەڕاستی وەڵامدانەوەیەکی زۆر ناشیرین ونا لایقە.

بەڕێز، وەڵامی چاکە بە چاکە ئەداتەوە: {هَلْ جَزَاءُ الْإِحْسَانِ إِلَّا الْإِحْسَانُ} [الرحمن:٦٠]، «وەڵامی چاکە بە خراپە نادرێتەوە، بەڵکو لە جۆری خۆی ئەبێت».

هەروەها نابێت نیعمەتەکانی خوا بەکار بهێنرێت لە سەرپێچی کردنی؛ نابێت بەو پارەی پێت دەدات، لە تاوان بە کاری بهێنیت، وەك لە کارتێکی ئەنتەرنێتدا خەرجی بکەیت وتەماشای شتی ناشەرعی پێ بکەیت. جا ئەبێت بەندە شەرم بیگرێ ماڵ وسامانەکەی خوا بۆ سەرپێچی وی بەکار بهێنێت.

دەگێڕنەوە[١] پیاوێك هاتۆتە لای یەکێك لە پیاو چاکێك وپێی ئەڵێت: ئەی من تاوانی زۆرم کردووە، جا شتێکم پێ بڵێ پێشی پێ بگرێت ودڵم ڕزگار بکات، سود وکەڵکم پێ بگەیەنێت

ئەویش ئامۆژگاری دەکات ودەفەرموێت:

ئەگەر پێنج خەسڵەتم لێ وەر بگریت وبتوانیت ئەنجامی بدەیت ئەوا تاوانەکانت زیانت پێ ناگەیەنێت:

**وتی:** بێنە بزانم چین؟

**فەرمووی:** یەکەمیان ئەوەیە ئەگەر ویستت سەرپێچی بکەیت، لە ڕۆزی خوا مەخۆ! چونکە ناکرێت ڕۆزی ئەو بخۆیت وسەرپێچیشی بکەیت.

**وتی:** باشە هەرچی ئەیخۆین ڕۆزی خوا نیە؟! ئەی لە کوێ ولەچی بخۆم وهەر چیش لەم زەویەدا هەیە هی خوایە!؟

نابێت بە ڕۆزی خوا سەرپێچی خوا بکەی {وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ} [الواقعة:٨٢].

**فەرمووی:** ئەی ئەکرێ ڕۆزیەکەی بخۆی وسەرپێچیشی بکەیت؟!

**وتی:** دووەم!

**فەرمووی:** ئەگەر ویستت سەرپێچی بکەیت لەسەر ئەرز وموڵکی خوادا دامەنیشە.

**وتی:** ئەمە لە یەکەم قورسترە! ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا وئەوەی نێوانیشیان هەمووی هی خوایە. دەی لە کوێ دابنیشم؟! **واتە:** مرۆڤ

---

(١) أخرجه ابن قدامة (٥٤١-٦٢٠ هـ) في «كتاب التوابين» (ص: ٢٨٥) عن إبراهيم بن أدهم. وهو أقدم من عثرت عليه أخرج القصة. وبينه وبين ابن أدهم قرون.

بۆ کوێ بڕوات ڕۆژ هەڵات یان ڕۆژ ئاوا، باکور یا باشور، هەر ئەرزی خوایە ومولْکی خوایە.

**فەرمووی:** تۆ ئەتەوێت ڕۆزی ئەو بخۆیت ولەسەر ئەرزی ئەویش دابنیشیت وسەرپێچیشی بکەیت؟!

**وتی:** سێیەم!

**فەرمووی:** ئەگەر ویستت بە ڕۆزی خوا ولەسەر خاك وزەوی خوا سەرپێچی بکەیت، لە شوێنێکدا بیکە خوات لێوە دیار نەبێت.

**وتی:** ئەی چۆن شتی وا ئەبێت لە کاتێکدا خوا دەشزانێت چی لە دڵاندایە!؟

**فەرمووی:** دەی دەگونجێت ڕۆزی ئەو بخۆیت، ولەسەر ئەرزی ئەو دابنیشیت، سەرپێچیشی بکەی بە پێش چاویەوە.

**وتی:** چوارەم!

**فەرمووی:** ئەگەر فریشتەی گیان کێشان هات بۆ ڕوح کێشانت پێی بڵێ: چاوەڕێم بکە، تۆزێك سەبرم لێ بگرە تا تەوبەیەکی ڕاستەقینە دەکەم! ئەوجا وەرە ڕووحم بکێشە.

**وتی:** قسەی وام لێ وەرناگرێت!

**فەرمووی:** ئەی کابرا! ئەگەر نەتوانی مردن لە خۆت دوور بخەیتەوە تا تەوبە دەکەیت، ئیتر تا کەی تەوبەکەت دوا دەخەیت؟! چۆن ئەتەوێ ڕزگارت بێت؟ **واتە:** ڕزگار بوون ئەوەیە هەر لە ئێستاوە دەست بکەیت بە تەوبە وگەڕانەوە.

**وتی:** پێنجەم؟

**فەرمووی:** ئەگەر فریشتەکانی دۆزەخ -خوای میهرەبان پەنای منیش وئێوەش بدات لە ئاگری دۆزەخ- هاتن بۆ بردنت بەرەو دۆزەخ لەگەڵیاندا مەڕۆ.

**وتی**: ناهێڵن، دەسەڵاتی ئەوانم نیە، وچاریشیان ناکەم.

**فەرمووی**: ئیتر چۆن بە تەمای ڕزگار بوونی!؟

**کابرا وتی**: بەسمە! خوایە تەوبە، گەڕامەوە بۆ لات. ودەستی کرد بە خواپەرستی لەگەڵیدا تا مردن لەیەکی جیا کردنەوە.

## چوارەم: تووڕە بوون وتۆڵەکردنەوەی خوا ﷻ

«الرابع: مشهد الغضب والانتقام: فإن الرب تعالى إذا تمادى العبد في معصيته غضب، وإذا غضب لم يقم لغضبه شيء، فضلًا عن هذا العبد الضعيف».

ئاگات لە تۆڵە وتوڕەیی خوای مەزن بێت. کە بەندە ڕۆچوو لە تاواندا پەروەردگار تووڕە ئەبێت، کە توڕەش بێت هیچ بەرگەی توڕەیی وی ناگرێت چ جای بەندەیەکی لاوازی بێدەسەڵات وئاتاج.

جا کەس هەیە بەرگەی توڕەیی خوا بگرێت؟! نا بەخوا. {فَلَمَّا آسَفُونَا انْتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ أَجْمَعِينَ * فَجَعَلْنَاهُمْ سَلَفًا وَمَثَلًا لِلْآخِرِينَ} [الزخرف:٥٥-٥٦]. «کە ئێمەیان توڕە کرد تۆڵەمان لێ کردنەوە وکردمانن بە پەند وعیبرەت».

پەروەردگاریش مۆڵەتی ستەمکار دەدات تا ئەوکاتەی ئەوەندە ڕۆ ئەچێت لە تاوان ولێی دەگرێت وسزایدا، کە سزایدا ئیتر لە دەستی خوا قوتاری نابێت. پاشان پەیامبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێند: {وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ} [هود:١٠٢]، سزای خوای گەورە زۆر بە ئازار وبە ئێشە. هەروەها خوای مەزن دەفەرموێت: {وَمَنْ يَحْلِلْ عَلَيْهِ غَضَبِي فَقَدْ هَوَى} [طه:٨١]. «لە هەر کەسیش تووڕە ببم ئەوە تیا چووە وبەدبەخت بووە لە دونیا ودوارۆژ».

بە کورتی بەندە هەر کات ویستی تاوان بکات با بیری تورەیی خوای گەورە بکاتەوە.

## پێنجەم: ئەو شتانەی بەهۆی تاوانکردنەوە لە دەستی دەچێت

«الخامس: مشهد الفوات: وهو ما يفوته بالمعصية من خير الدنيا والآخرة، وما يحدث له بها من كل اسم مذموم عقلًا وشرعًا وعرفًا، ويزول عنه من الأسماء الممدوحة شرعًا وعقلًا وعرفًا».

خاڵێکی تر: تەماشاکردنی لە دەست چوونە: واتە: ئاگای لەوە بێت بە سەرپێچی کردن چی لە دەست دەچێت؛ لە نیعمەت وخێر وچێژ وخۆشیەکانی دونیا ودوارۆژ. لەگەڵ لە دەست چوونی ناوە جوان وچاك وخێر وباشەکان، وبە بەردا برانی ناوە خراپەکان.

لە هەموویشی کاریگەرتر: ئاگا بوونە لە نەمانی ئیمان کە مسقاڵە گەردێکی لە هەموو دونیا وئەوەشی تێیدایە باشترە، ئیتر چۆن دەیفرۆشیتەوە بە حەز وئارەزوویەکی چەند ساتی، کە تامەکەی دەڕوات، بەڵام خەفەت وئازار وناڕەحەتیەکانی بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە. پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی شەڕواڵ پیس دەکات دەفەرموێت(١): «لَا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلَا يَشْرَبُ الْخَمْرَ

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢٤٧٥،...)، ومسلم (٥٧): قوله: «يَنْتَهِبُ نُهْبَةً»: هُوَ الْمَالُ الْمَنْهُوبُ، وَالْمُرَادُ بِهِ الْمَأْخُوذُ جَهْرًا قَهْرًا. وَأَشَارَ بِرَفْعِ الْبَصَرِ إِلَى حَالَةِ الْمَنْهُوبِينَ فَإِنَّهُمْ يَنْظُرُونَ إِلَى مَنْ يَنْهَبُهُمْ وَلَا يَقْدِرُونَ عَلَى دَفْعِهِ وَلَوْ تَضَرَّعُوا إِلَيْهِ، وَيَحْتَمِلُ أَنْ يَكُونَ كِنَايَةً عَنْ عَدَمِ التَّسَتُّرِ بِذَلِكَ فَيَكُونَ صِفَةً لَازِمَةً لِلنَّهْبِ، بِخِلَافِ السَّرِقَةِ وَالِاخْتِلَاسِ فَإِنَّهُ يَكُونُ فِي خُفْيَةٍ، وَالِانْتِهَابُ أَشَدُّ لِمَا فِيهِ مِنْ مَزِيدِ الْجَرَاءَةِ وَعَدَمِ الْمُبَالَاةِ، ذَاتَ شَرَفٍ أَيْ ذَاتَ قَدْرٍ حَيْثُ يُشْرِفُ النَّاسُ لَهَا نَاظِرِينَ إِلَيْهَا.

حِينَ يَشْرَبُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلَا يَسْرِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلَا يَنْتَهِبُ نُهْبَةً، يَرْفَعُ النَّاسُ إِلَيْهِ فِيهَا أَبْصَارَهُمْ، حِينَ يَنْتَهِبُهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ». واتە: «زیناکار ئەو کاتەی زینا دەکات ئیماندار نیە، مەیخۆریش کاتێك مەیەکە دەخوات ئیماندار نیە، دزیش کاتێك دزی دەکات ئیماندار نیە. وتاڵانکەر کاتێك بە ئاشکرا تاڵانی دەکات ئیمانی نیە».

هەندێك لە هاوەڵان دەفەرموون: «ئیمانەکەی لەسەر سەری وەك سێبەر ڕادەوەستێت، ئەگەر تەوبەی کرد ئیمانەکەی بۆ دەگەڕێتەوە».

هەندێك لە تابعینیش دەفەرموون: «وەك قەمیس ئیمانەکەی لێ دادەکەندرێت ئەگەر تەوبەی کرد دەیپۆشێتەوە»، هەر بۆیە پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کاتێك زیناکەرەکانی بینی لە دواڕۆژدا، تەماشا دەکات ڕووتن لە ناو تەنوورێکی ئاگریندا، چونکە بەرگی ئیمانیان پێوە نەماوە وتەنوورە ئاگرینەکەی شەهوەتیان لە قیامەتدا بووە بە تەنوورێکی ڕاستەقینە ودەیان سووتێنێت.

جا مەبەست ئەوە بوو: ئەوەی بەندە لە تاوان دوور دەخاتەوە: بریتیە لە ئاگا بوون لەوەی چی لە دەست دەچێت ئەگەر تاوان بکات، کە بیری لەمە کردەوە وا دەکات بەندە خۆی لە تاوان بپارێزێت، چونکە ئەمە ئیمانی قایم دەکات.

ئینجا سەرباری ئەمەش بەندە کۆمەڵێك ناوی خراپی پێوە دەلکێت، کە لە شەرع وعەقڵدا خراپن، لەگەڵ لە دەست چوونی ناوە چاکەکان.

یانی: بەس بێت کابرا کە تاوان ئەکات پێی ناوترێت ئیماندار، ئیمانداریکی کامڵ وتەواو، بەڵکوو پێی ئەوترێت: باوەڕدار بە باوەڕەکەی، وفاسیق، بە فیسق وخراپەکەی: «مؤمن بإیمانە وفاسق بکبیرتە». کابرا کە زینا ئەکات، یان کە مەی ئەخواتەوە، یا کە لەگەڵ

دایك وباوکی خراپە، شایستە نیە پێی بڵێی ئیماندار! بەڵکو فاسق، فاجر، زاڵم وستەمکارە، هاوشێوەکانی ئەم سیفەتە خراپانە.

سەرنج بدەن چۆن لە ناوی چاکی مؤمن وئیمانـدارەوە کەوتە خوارەوە بۆ ناوی فاسق. خوای گەورەش دەفەرموێ: {بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ} [الحجرات:١١]، «ئای کە ناوێکی خراپە، لە موئمنەوە ببن بە فاسق، بەهۆی تاوان وسەرپێچیەوە».

هەروەها لەو لە دەست چونانە: لە دەست چوونی چاکە وحەسەناتە بە هۆی تاوانەوە، وەك پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێت[١]: «لَأَعْلَمَنَّ أَقْوَامًا مِنْ أُمَّتِي يَأْتُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِحَسَنَاتٍ أَمْثَالِ جِبَالِ تِهَامَةَ بِيضًا، فَيَجْعَلُهَا اللهُ عَزَّ وَجَلَّ هَبَاءً مَنْثُورًا. قَالَ ثَوْبَانُ: يَا رَسُولَ اللهِ، صِفْهُمْ لَنَا، جَلِّهِمْ لَنَا؛ أَنْ لَا نَكُونَ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَا نَعْلَمُ. قَالَ: أَمَا إِنَّهُمْ إِخْوَانُكُمْ، وَمِنْ جِلْدَتِكُمْ، وَيَأْخُذُونَ مِنَ اللَّيْلِ كَمَا تَأْخُذُونَ، وَلَكِنَّهُمْ أَقْوَامٌ إِذَا خَلَوْا بِمَحَارِمِ اللهِ انْتَهَكُوهَا». کابرا لە قیامەتدا دێت، چاکەکانی با دەیبات بە هۆی تاوانەکانیەوە، لەوانە کە لەم فەرمودە باسی دەکات: «کاتێك تەنها کەوتووە تاوانی ئەنجام داوە».

قەتادەش ئەفەرموێت[٢]: «کێ توانی کردەوە چاکەکانی پوچەڵ نەکاتەوە بە تاوان وسەرپێچی ئەوە با وا بکات».

---

(١) أخرجه ابن ماجه (٤٢٤٥)، والطبراني في «الأوسط» (٤٦٣٢)، وفي «الصغير» (٦٦٢). وهو حسن: «صحيح الجامع» (٥٠٢٧).

(٢) أخرجه الطبري في «تفسيره» (٢٢٦/٢١): «مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ لَا يُبْطِلَ عَمَلًا صَالِحًا عَمِلَهُ بِعَمَلٍ سَيِّئٍ فَلْيَفْعَلْ، وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ، فَإِنَّ الْخَيْرَ يَنْسَخُ الشَّرَّ، وَإِنَّ الشَّرَّ يَنْسَخُ الْخَيْرَ، وَإِنَّ مِلَاكَ الْأَعْمَالِ خَوَاتِيمُهَا»

## شەشەم: تام وچێژی ناچارکردنی نەفس وشەیتان

«مشهد القهر والظفر: فإنَّ قهر الشهوة والظفر بالشيطان له حلاوة ومسرة وفرحة عند من ذاق ذلك، أعظم من الظفر بعدوه من الآدميين وأحلى موقعا وأتم فرحة».

لەو شتانەی تر کە لە تاوان کردن دوورت دەخەنەوە وئەمەت لا ئاسان دەکەن، بریتیە لە: بەزاندن وزەفەر پێبردنی شەیتان ونەفس هێنانە پێش چاووی خۆ.

جا دەم کوت کردنی ئارەزوو وزەفەربردن بە شەیتان تام وچێژ وخۆشیەکی تایبەتی هەیە، کە زۆر خۆشتر وبە چێژترە وەك لە زەفەربردن بە ئادەمیە دووژمنەکانت.

سەرەنجامیشی باشترە، وەك سەرەنجامی خواردنی دەرمانی بە سوود، چۆن لە کۆتاییدا دەردەکەی لاشە ناهێڵێت ودەیگێڕێتەوە بۆ تەندروستی وڕێکی خۆی.

جا کە مرۆڤ بیر لەوە دەکاتەوە: کاتێك تاوان ناکات لوتی شەیتانی شکاندووە ولەوی بردۆتەوە وئەوی بەزاندووە، تاوان نەکردنی لا ئاسان ئەبێت.

بشزانە سەرچاوەی تاوان کردن شەیتان ونەفسە. جا تاوان نەکردنت بریتیە لە لوت شکاندنیان وزاڵ بوون بە سەریاندا.

فەرموودەیەکتان بۆ دەگێڕمەوە خوای گەورە بیکاتە مایەی سود بۆ من وبۆ ئێوەش: پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت[1]: «إِنَّ

(١) أخرجه أحمد في «المسند» (٩٠٦٢). انظر: «الصحيحة» (٣٥٨٦). أَيْ: يُهْزِلُهُ وَيَجْعَلُهُ نِضْوًا. وَالنِّضْوُ: الدَّابَّةُ الَّتِي أَهْزَلَتْهَا الْأَسْفَارُ وَأَذْهَبَتْ لَحْمَهَا.

الْمُؤْمِنَ لَيُنْضِي شَيَاطِينَهُ كَمَا يُنْضِي أَحَدُكُمْ بَعِيرَهُ فِي السَّفَرِ» واتە: «ئیماندار شەیتانەکەی لاواز ولەڕ وبێ هێز ئەکات، وەك چۆن ئێوە لەسەفەردا وشترەکەتان بێ هێز دەکەن». ئەمەش بەهۆی چیەوە؟ بێگومان بەهۆی ئیمان ودوور کەوتنەوە لە تاوانەوە. ئەو ئیماندارانەی خەریکی فەرزەکانن، خەریکی سوننەتەکانن، لە فەرمانەکانەوە نزیکن، لە نەهیەکانەوە دوورن.

سا ئەی تۆبەکار! ئەی موسڵمان! بیر لەوە بکەرەوە کە تاوان ناکەیت زەفەر بەشەیتان ئەبەیت ولێی ئەبەیتەوە.

خۆشبەختیش بۆ کەسێك لە شەیتان بباتەوە.

ئەزانی چەند بە چێژە بەسەر شەیتاندا زاڵ ببیت، ئیماندار هەر ئەوەندە پەیوەندی خۆی وخوای چاك کرد، لە شەیتان بردنەوەی زۆر پێ ئاسانە. موسڵمانێك هەبوو چەندین جار ئەیوت وموناقەسەی شەیتانی ئەکرد: شەیتان تاوانێکم پێ بکات کارێکی پێ ئەکەم دوای ئەوە بترسێ جارێکی تر تاوانم پێ بکاتەوە.

موسڵمان ئەبێت ئاوها بێت، نابیت دەست شل بکات بۆ شەیتان، بەڵکو ئەبێت لاوازی بکەیت.

نەتان بیستوە سوننەتە هەر کات ڕۆیشتیتەماڵەوە بڵێی: «بسم الله». بەمە جارێ ئوتێل وشوێنی مانەوەی نامێنێت وئاوارەی دەکەیت وشەو سەرمای دەبێت. کە دەستت کردە نان خواردن ئەڵێیت: «بسم الله» بۆ ئەوەی خواردنیشی نەبێت. جا نە ئوتێلی هەبێت ونە چێشتخانە ومەتعەم، لاواز ئەبێت.

هەروەها پەیامبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەفەرموێ: «کاتێك موسڵمان سوژدەی قورئان خوێندن ئەخوێنیت وسوجدە دەبات، شەیتان پشت

هەڵدەکات ودەگری، ئەڵێت: ماڵوێرانی بە خۆم بەو وتراوە سوژدە ببە وبردی وبە منیش وترا بیبە نەمبرد»[١].

## حەوتەم: بردنەوەی قەرەبووی خوایی ﷻ

«السابع: مشهد العوض: وهو ما وعد الله سبحانه من تعويض؛ من ترك المحارم لأجله ونهي نفسه عن هواها».

ئاگات لە مەشهەدی قەرەبووکردنەوە بێت: سەیری ئەوە بکە کە ئەگەر خۆت لە تاوان بپارێزێت، چیت بۆ هەیە لە بەرامبەردا؟ تەعویزەکەی چیە؟ قەرەبووی واز هێنان لە حەرامەکان وکپ کردنەوەی نەفسی چیە؟ قەرەبووەکەی بریتیە لەو شتانەی خوا بەڵێنی بە موسڵمان داوە لە دونیا ودوارۆژدا.

ئەوسا بەراورد بکە لە نێوان ئەمە، لەگەڵ ئەوەی بەڵێنت پێدراوە، بزانە تەنانەت لە بەراوردیش دێت؟!

پەیامبەری خۆشەویست ﷺ دەفەرموێت[٢]: «هەرکەس واز لە شتێك بهێنێت لەبەر خوا ئەوە خوای گەورە بۆی قەرەبوو ئەکاتەوە بە لەوە باشتر». بەڵام سەرنج بدەن: «لەبەر خوا» نەك بۆ ناوبانگ یا ڕیا یا باسکردن.

مەی ناخۆا لە دونیادا= لە دوارۆژدا مەی تایبەتی بۆ ئامادە دەکرێت، ڕووبارێکی درێژە بۆ خۆی بە تەنها، وتامیشی نەگۆڕاوە وسەریش خۆش ناکات.

---

(١) أخرجه مسلم في «صحيحه» (٨١).

(٢) أخرجه النسائي في «الكبرى» (٣٩١/١٠)، وأحمد في «مسنده» (٢١٠٧٧): «إِنَّكَ لَنْ تَدَعَ شَيْئًا اتِّقَاءَ اللهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى، إِلَّا آتَاكَ اللهُ خَيْرًا مِنْهُ»

ئیتر نمونەی قەرەبووکردنەوە زۆر زۆرە لە شەرعدا.

پیاوێکی ساحیر هەبوو، تەوبەی کرد وداوای کتێبێکی لێکردم، سەیری کتێبخانەکەمم کرد، کتێبی: «ریاض الصالحین»م پێدا کە زۆر لە دڵمدا شیرین بوو. دوای ماوەیەك «ریاض الصالحین»ێکیان بەدیاری پێدام لەوەی خۆم باشتر. ئەویشم بەخشیەوە، کەچی چاپێکی لەوە باشتریان بۆ هێنام. ئەگەرچی من لەوانەیە نیەتم بۆ خواش نەبوو بێت جا لێرەدا باسی لوتفی خوا دەکەم نەك نیەتی تێکەڵاوی بەندەکان.

موسڵمانێك پێی وتم: بەو دەستەم ئەیبەخشم خوای گەورە بەو دەستەی تر پێم ئەداتەوە.

بیهێننە بەرچاوی خۆتان: کەسێکی بەرێز وچاك وبە حورمەت، چاکەیەکی لەگەڵدا بکەیت، یان لەبەر ئەو واز لە کارێك بهێنیت، چۆن وەڵامت دەداتەوە؟ تواناشی هەیە بە باشترین شێواز وەڵامت بداتەوە؟! دەی تۆ لەگەڵ «رب العالمین» مامەڵە ئەکەی! کێ لە خوای بەبەزەیی بە ڕەحمترە، وکێ لە خوا بە وەفاترە؟!

## هەشتەم: لەگەڵ بوونی تایبەتی خوا ﷻ

«الثامن: مشهد المعیة».

ئاگات لە مەشهەدی لەگەڵ بووندا بێت: لەگەڵ بوونیش چەند جۆرێکی هەیە: تایبەت وگشتی.

جۆرە تایبەتەکەی کە لێرەدا مەبەستە وەك ئەو فەرمایشتەی خوایە کە ئەفەرموێت: {إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ} [البقرة:١٥٣]، «خوا لەگەڵ خۆ ڕاگرەکانە». کاتێك ئەفەرموێت: «خوا لەگەڵ بە سەبرەکانە». واتە: کە ئارام دەگری وسەرپێچی ناکەی وگوێڕایەڵی پەروەردگار دەکەیت

وفەرمان شکێنی ناکەیت، کە موصیبەتێکت بەسەردا دێت وئارام دەگریت، لە پاداشتی ئەوەدا خوای گەورەت لەگەڵتدا ئەبێت. دەی موژدە بۆ ئەو کەسەی کە خوای گەورەی لەگەڵدا بێت. هەروەها ئەفەرموێ: {إِنَّ اللَّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوْا وَالَّذِينَ هُمْ مُحْسِنُونَ} [النحل:١٢٨] هەروەها ئەفەرموێ: {وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ} [العنكبوت:٦٩]. جا مەبەست ئەوەیە بەندە کاتێك خۆی لە سەرپێچی دەپارێزێت خوای لەگەڵ دەبێت ولەگەڵ بوونی وی بۆ خۆی دەباتەوە.

پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی چیرۆکی سێ کەسمان بۆ دەکات لە گەلانی پێشتر، کە باران ناچاریان دەکات بچنە ئەشکەوتێکەوە وبەهۆی خێرایی بارانەکەوە بەردێکی گەورە ئەکەوێتە بەر دەرگای ئەشکەوتەکەیان، ئەوانیش چونکە چاکەکارن بۆیە خوایان لەگەڵدایە، ولەو نارەحەتیە ڕزگاریان دەکات.

مەبەست لەوە بوو: ئاگات لەوە بێت خوای گەورەت لەگەڵدایە کاتێك واز لە تاوان دێنیت، خۆشبەختیش بۆ ئەو کەسەی خوای لەگەڵ بێت.

## نۆیەم: ترسان لە لەپڕهاتنی ئەجەل

«التاسع: مشهد المُغَافَصَة والمعاجلة: وهو أن يخاف أن يغافصه الأجل فيأخذه الله على غرة فيحال بينه وبين ما يشتهى من لذات الآخرة».

ئاگات لە پڕ مردن بێت: واتە: بترسێت لە پڕدا ئەجەلی بێت وبمرێت وئەوسا خۆشیەکانی دوارۆژی لە دەست دەچێت، ئای چەند خەفەتی هەیە ئەو لە پڕا مردنە.

سا ئەی ئەوەی بۆ چاو تروكاندێك لە خۆت دڵنیا نیت وهەرگیز هیچ خۆشیەكی دونیات تا سەر نیە، وریابە وریا!

هەموو كەسێكیش ئەجەلێكی هەیە ودیاری كراوە، وپاش وپێش خستنی بۆ نیە، وەك خوای مەزن ئەفەرموێت: {وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ بِظُلْمِهِمْ مَا تَرَكَ عَلَيْهَا مِنْ دَابَّةٍ وَلَكِنْ يُؤَخِّرُهُمْ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ} [النحل:٦١]. جا مرۆڤ نازانێت ئەو كاتەی دیاری كراوە كەیە؟ كەی یەخەی پێدەگرێت.

بۆیە ئاگات لەوە بێت لە پڕ وناكاو هێرش بكاتە سەرت، بەندە هەیە -پەنا بەخوا- دەستی لەناو تاوانە ودەمرێت.

ئیبن عومەر ئەیفەرموو: كە بەیانیت كردەوە چاوەڕێی ئێوارە مەكە وئێوارەشت كردەوە چاوەڕێی بەیانی مەكە.

## دەیەم: بزانە چی بەڵای هەقیقی وچیش بێوەیی ڕاستەقینەیە؟

«العاشر: مشهد البلاء والعافية؛ فان البلاء في الحقيقة ليس إلا الذنوب وعواقبها، والعافية المطلقة هي الطاعات وعواقبها».

ئاگات لە مەشهەدی بەڵا وبێوەیی بێت.

بەڕاستی بەڵای هەقیقی وڕاستەقینە نیە مەگەر لە تاوانەكان وسەرەنجامەكانی نەبێت، وبێوەیی تەواوەتیش بریتیە لە تاعەت وسەرەنجامەكانی. واتە: ئەگەر واز لە تاوانەكان بهێنیت توشی بێوەیی دێیت، ئەگەریش دەست بۆ تاوان بەری توشی بەڵا دێیت.

پێشتریش ئەثەرێكمان خوێند: «خوای گەورە لە قورئاندا دەرد ودەرمانەكەی بۆ دیاری كردون، دەردەكەتان تاوانە ودەرمانەكەشتان

تەوبە وئیستیغفار کردن وگەڕانەوەیە بۆ لای خوای میهرەبان». جا دەرد وبەڵا بریتیە لە دەست بردن بۆ تاوان.

دەبێت بشزانرێ دەست بردن بۆ تاوان یانی توشی بەڵا وناڕەحـەتی هاتن. پێشتریش باسکرا: «بەندە بەهۆی تاوانەکەیەوە لەو ڕۆزیەی بۆی دانراوە بێبەش دەبێت». ڕۆزیەکەی بۆ نوسراوە، بەڵام ئەگەر تاوانی کرد ئەو ڕۆزیەی لێ دەبڕدرێت، بەهۆی تاوانەوە لێی بێبەش دەبێت.

هەروەها بەهۆی تاوانەوە تەمەن کورت دەبێتەوە.

کەواتە تاوان توشی دەرد وبەڵات دەکات، ولـێ دوور کەوتنەوەشـی بێوەیت دەکات.

مرۆڤیش با لاشەشی ساغ بێت بەڵام دەستی بـۆ تـاوان بـرد تووشـی بـەڵای دەکـات. وتاعـەتکاران بـا لاشەشـیان نـەخۆش بێـت بـەڵام لـە بێوەییەکی گەورەدان.

هەندێك لە سـەلەف ئەفـەرموون: «بـەڵادار وتوشـبوەکان ئەوانـەن سەرپێچی خوا دەکەن ولێی بێ ئاگان».

بە کورتی ئەم خاڵە ئەڵێت: گەورەترین مەترسی وبـەڵا ونـاڕەحـەتی ودەرد بریتیە لە سەرپێچی خوا.

ئەوپەڕی بێوەییش تاعەتی خوا کردن، ولە تـاوان دوور بوونـە. هـەر بۆیە لە چەندین فەرمووده جەخت لە بێوەیی دین ودونیا کراوەتەوە.

## یازدەهەم: خۆ توندوتۆڵکردن بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی خراپەخوازی

«أن يُعـوّد باعـث الـدين ودواعيـه مصـارعةَ الهـوَىَ ومقاومتـه عـلى التدريج قليلًا قليلًا حتى يدرك لَذَّةَ الظَّفَر، فَتَقْوى حِينَئِذٍ هِمَّتُهُ».

خـۆی ڕا بهێنێـت لەسـەر دینـداری وجـێ بـەجێكردنی فەرمانـەكان ودووركەوتنەوە لە قەدەغە كراوەكان وململانـێ بكـات لەگـەڵ شـەیتان وحـەز وئارەزوەكـانی خۆیـدا، بـەرە بـەرە تـا دەگاتـە چێـژی بردنـەوە وسەركەوتن، ئەوسا ئیتر هیممەتی بەهێزتر دەبێت وبەرگری ومەناعەی زیاتر دەبێت. چونكە هەر كەس تامی خۆشی شـتێك بكـات هیممـەتی بەرزتر دەبێتەوە بۆ بەدیهێنانی.

ڕاهاتنیش لەگەڵ كاری قورس وگراندا، هێزی زیـاتر دەبەخشـێت بـە خاوەنەكەی. هـەر بۆیـە دەبینیـت، كرێكـار وحـەماڵ وئەوانـەی كـاری قـورس دەكـەن، هێزیـان زیـاتر دەبێـت بـە پێچەوانـەی كوتـاڵفرۆش وبەرگدوور وهاوشێوەكانیان.

ئەوەشی هەر یەكجارەكی هەوڵدانی نیە، پاڵنـەری دینـی تێـدا لاواز دەبێت وپاڵنەری ئارەزووی تێدا بـەهێز دەبێـت. كـەییش خـۆی ڕاهێنـا لەسەر دژ وەستانەوەی شەهوەت، ئەوا بە ئاسانی زاڵ دەبێ بەسەریدا.

بە كورتی: هەوڵدان بـۆ پێچەوانـەكردنی نـەفس وشـەیتان، بـەرگری كەسەكە بەهێز دەكات، وئەم بەرگریەش حەزی بۆ تاوان لاواز دەكـات. خوای گەورەش ئەفەرموێت: {وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ} [العنكبـوت: ٦٩]، هـەروەها ئەفـەرموێت: {وَيَزِيدُ اللَّهُ الَّذِينَ اهْتَدَوْا هُدًى} [مريم:٧٦]. ئیبن قەییم ئەفەرموێت: «ئەوە لـە هـەموو كـەس زیـاتر هیدایەتـدراوترە كـە لـە هەمـەموو كـەس زیـاتر تێكۆشەر ترە».

هەبوە لە سەلەف فەرمویەتی: ئەوەندە ساڵ مەینەتیم كێشا لەگەڵ شەو نوێژدا تا هەستم بە لەززەتەكەی كرد.

بەندەی وا هەیـە تەمـەنی ٩٠ سـاڵە، ئێسـتاش دوو شـەممە وپێـنج شـەممان بـەرۆژو ئـەبێت. مەوسـمی تاعـەت بێـت، پێـی بڵـێ: ئەمـە

شەعبانە خێری وایە، ئەوە شەشەڵانە پاداشتی ئەوەیـە، تێـی ناپـەڕێنێ، لەزەتی لێئەبینێت.

## دوازدەهەم: ڕێگەنەدان بە ختورە خراپەکانی نەفس

«كفُّ الباطل عن حديث الـنَّفس، وإذا مـرَّت بـه الخـواطر نفَاهـا ولا يُؤْويها ويساكنُها فإنها تصير مُنًى وهي رؤوس أموال المفاليس».

واز هێنان لە ختورەی نەفس. ڕێگا نەدەیت بیـر وخـەیاڵت بـڕوا بـۆ تاوان، مەهێڵـە بیرۆکـەی خـراپ نیشـتەجێ ببێـت لـە مێشـکتدا، هـەر ئەوەندە بیرت پێدا، شوێنێك بۆ خۆی تەرخان دەکات وداگیری دەکـات. کە شوێنێکی داگیرکرد دەرنجامەکەی ئەبێتە کردەوە وتاوانەکـە ئـەنجام دەدەیت چونکە مێشکی تۆی داگیر کردووە.

ئەمەش خاڵێکی زۆر زۆر گرنگە ولە ناملیکەی یەکەمیش دیسـانەوە ئامـاژەی بـۆ کـرا، ئـەویش ئەوەیـە: هـەموو تاوانێـك لـە بیرکردنـەوەوە دروست دەبێت.

کاتێك بە بیرتدا دێت پەیوەندی لەگەڵ فلان ئـافرەت ببەسـتی، یـان لەگەڵ فلان کوڕ ببەستی وئەم خـەیاڵ وختـورە پـاڵ نانێیـت ودەهێڵـی شـوێنی خـۆی لـە مێشـکتدا بکاتـەوە، سـەرنجامەکەی ئـەو هـەزارەها پەیوەندیە ناشەرعیەیە کە دروست بووە ودروست ئەبێت.

برام، خوشکم! کاتێك خراپە دێت بە مێشکتدا، بیبڕە -خوا موەفقـت بکات-، ئەگەر نەتبڕی وئەویش کەندڕی کرد، ئـەبێت بـاجی ئـەو چاڵـە بدەیت. چونکە ئاواتەکان دەبن بە کردەوە ئەگەر بڕەخسێن.

لـە سەرەتاشـەوە ئاسـانترە دووری بخەیتـەوە وەك ئـەوەی ڕیشـە دابکوتێت، دوایی هەمیشە بە پـێش چاوتـدا دێـت ودەڕوات، جـاری وا هەیە نوێژەکەشت لێ تێك دەدات، ئەگەر زۆر ڕەگی داکوتابێت.

## سیازدەهەم: گۆڕینی هەوا وئارەزوو بۆ ئەوەی خوا پێی خۆشە

«الثالث عشر: قطع العلائق والأسباب التي تدعوه إلى موافقة الهوى، وليس المراد ألَّا يكون له هوى بل المـراد أن يصرـف هـواه إلى مـا ينفعـه ويستعمله في تنفيذ مراد الرب تعالى».

هـەموو ئـەو پەیوەنـدی وهۆکارانـە ببڕێـت کـە بـەرەو بەدەمـەوە چوونی هەوا وئارەزووی دەبەن، نەك حەز وئـارەزووی نـەبێت، نـەخێر، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بەرەو ئـەو ئاراسـتە ببیـات کـە سـوودی خـۆی تێدایە وبـەکاری بهێنێـت لـە جیبـەجێکردنی فەرمانـەکان ونەهیـەکانی خوادا.

کەواتـە بڕینـی هـەر پەتێکـە، کـە بـە بەدەمـەوە چـوونی هـەوا وئارەزووەوە ئەیبەستێتەوە، ئـەیپچڕێنێت ولای دەدات. بـەو واتایـە نـا هەرچی هەوا وئارەزوت هەیە ببڕی، وئەمـەش لـە دەسـەڵاتی مرۆڤـدا نیە، بەڵکو ئەو هەوا وئارەزوانەی کـە بـەرەو تاوانـت دەبـەن دەیبـڕی، هـەروەها ئارەزوەکانـت ئەقوازیـەوە[1]. لـەوەی سـودی خـۆتی تێدایـە بەکاری دێنیت، وای لێ دەکەیت حەز لە نوێژ، ڕۆژوو، صـەدەقە وهتـد بکا. جا پەیامبەری خـوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ لـە حەدیثێکـدا دەفـەرموێ: «مَـنْ

(١) قواستنەوە: قوازتنەوە. بڕوانە: «هەنبانەبۆرینە» ل٥٦٥، چاپی سروش، تاران.

سَرَّتْـهُ حَسَـنَتُهُ وَسَـاءَتْهُ سَـيِّئَتُهُ فَـذَلِكَ الْمُـؤْمِنُ» واتـە: «هـەر کەسـێك تاوانەکانی بـێ تاقـەتی کـردن، چاکەکانیشـی دڵ خۆشـی کـردن، ئـەوە ئیمانداره».

جا دەبێت ئیماندار ئاوها بێت.

بـۆ نمونـە: کەسـێك هاوڕێیـەکی هەیـە، ئـەم هاوڕێیـە هۆکـارە بـۆ تاوانکردن، ئەڵێت: با بڕۆین بۆ ماڵی فـڵان ئـافرەت، یـان فـڵان ئـافرەت کارمان لەگەڵدا دەکات... هتد ئەو قسانەی ڕۆژانە دەیبیستین.

جا ناکرێ ئەم بەندە پەیوەندی لەگەڵ ئەم جۆرە هۆکار وهاوڕێیانـە بهێڵێتەوە وبشیەوێ ئیمانی قایم بێت! بێگومان ناتوانێت، هـەر ڕۆژێـك لە ڕۆژان بێت وەڵامی ئەم داواکاریە ئەداتەوە مەگەر رەحمی خوا.

کەواتە سەرەتا وەك لە خاڵی پێشو باسکرا، ئەگەر داواکاریە هات بە مێشـکتدا ئـەبێت بیبڕیـت، ودووری بخەیـەوە لـە خـۆت، ئەگـەریش هاوڕێیەکە تازەی دەکاتەوە لە مێشکتدا ئەبێت لێـی دوور بکەویتـەوە، چونکە پێت دەڵێت: ئەی بۆ نەچین کـەس نامـان بینێـت، کـەس نامـان ناسێت، ئەوسا شەیتان یان نەفست ئەڵێت: ئەم کوڕە هۆکـارە خـۆ مـن سەبەبکار نیم، ئەو قسانەت لە مێشکتدا هێنات وبـردت شـوێنی خـۆی دەگرێت. ئەوسا ماوەیەك خۆت دەپارێزی وتەقالا دەکەیت بەڵام دواتـر دەبێتە کردەوە مەگەر ڕەحمی خوا.

بە کـورتی بنـەڕەتـی ئـەم خاڵـە ئەوەیـە: ڕێگاکـانی ڕۆیشـتن بـەرەو بەدەمەوە چوونی تاوان بگریت.

## چواردەهەم: بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی خوا ﴿تبارك وتعالى﴾

«الرابع عشر: صرف الفكر إلى عجائب آيات الله التي ندب عباده إلى التفكر فيها، وهي آياته المتلوَّة وآياته المجلوة فإذا استولى ذلك على قلبـه دفع عنه محاظرة الشيطان ومحادثته ووسواسه».

هەموو بیری بخاتە لای ئایەت ونیشانە سەیرەكانی خوای مەزن كە هانی بەندەكانی بۆ فەرمووە تا بیری لێ بكەنەوە.

ئەم نیشانانەش دوو جۆرن: خوێنراو ودروستكراو، جا كە ئەم بیرە باڵی كێشا بەسەر دڵیدا ئەوسا وەسوەسە وورت ووتەی شەیتانی لێ دوور دەخاتەوە. ئایەتی خوێنراوی خواش بریتیە لە قورئان. ئایەتی بینراویش بریتیە لەم گەردونە فراوانە بە ئاسمان وزەویەوە بە خۆر ومانگ وئەستێرە وهەسارەكان، وبە دار وشاخ وكێو ودەریا وئاوەكانەوە...

كە بیری لەم ئایەتانە كردەوە وخوێندیەوە، پەیوەندی بە خوا توندوتۆڵ دەكات، ئەمەش لە تاوان دووری دەخاتەوە. هەر وەك چۆن ئەم بیركردنەوانە وەسوەسەی شەیتان وگومانیش دوور دەخەنەوە، وەك خوای مەزن دەفەرموێت: {إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ * الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ} [آل عمران:١٩٠-١٩١]. ئەبو سولەیمانی دارانی ئەڵێت: من لە ماڵ دەردەچم، جا چاوم بەر هیچ ناكەوێت مەگەر هەست دەكەم خوا لەوەدا نیعمەتێكی هەیە بەسەرمەوە، یان پەندی تێدایە بۆ من[١].

قورئانی مەزن هانمان دەدات بیر لە دەریا بكەینەوە، هەروەها كەشتیەكان چۆن بەناو دەریادا دەڕۆن. بیر لە ئاسمان بكەینەوە، بیر لە زەوی بكەیەوە، بیر لە درەخت بكەینەوە، بیر لە شاخەكان بكەینەوە چەند توند وتۆڵن، بیر لە ئاسۆ بكەینەوە. خوای میهرەبان ئەفەرموێ:

(١) أخرجه ابن أبي الدنيا في «التفكر والاعتبار». قاله ابن كثير في «تفسيره» في تلك الآية.

{أَوَلَمْ يَنْظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِنْ شَيْءٍ} [الأعراف:١٨٥]، هەروەها ئەفەرمویّ: {سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ} [فصلت: ٥٣] ئافاق یانی ئاسۆ، سەر هەڵبڕە، ئەوەی ئەیبینی لە پێشت لەو گەردونە فراوانە ئەوە ئاسۆیە. دەفەرموێت: چاو بدەن بیربکەنەوە، ئەمەش وات لێ ئەکات بۆ خوای گەورە بصوڵحێیت وئیمانت قایم بێت ولە تاوانەوە دوور بیت.

## پانزەهەم: دونیا بێنرخ وفانیە وخێرا تەواو دەبێت

«التفكر في الدنيا وسرعة زوالها وقرب انقضائها».

بیرکردنەوە لە بێ قەدری دونیا، کە خێرا تەواو دەبێت. ئەمەش زۆر بەسودە، بەندە بیری لێ بکاتەوە وای لێ دەکات لە تاوانەوە دوور بێت وباوەڕی قایم بێت. پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت: «مَا لِي وَلِلدُّنْيَا، مَا أَنَا فِي الدُّنْيَا إِلَّا كَرَاكِبٍ اسْتَظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا». «من چیمداوە لە دونیا، حەزم بە دونیا نیە، من لەم دونیا وەکو ڕێبوارێك وام لە ژێر سێبەری دارێکدا لا بدات دوای ماندوو دەرچوونی جێی بهێڵێت وبڕوات». هەروەها ئەفەرموێت ﷺ: «كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ». «لەم دونیا وەك ڕێبوار یان وەك نامۆ بژی». ئەمەش لەبەر ئەوەی کەسی ڕێبوار ونامۆ دڵی ناچێتە سەر شتەکانی ئەو جێگایە لەبەر ئەوەی جێی دەهێڵێت، خەمی ئەوەیە ئیشەکەی تەواو بێت وبگەڕێتەوە نیشتمانەکەی.

ئەی ئەوەی خۆشەویستی دونیا وای لێکردوویت لێوت گەورە دەکەیتەوە، ولووتت بچوك دەکەیتەوە، بیر لەوە بکەوە دونیا کورتە

وبـەیانی خـۆڵ ئـەیخوات، لەوانەیـە بـەیانی تووشـی ڕووداوێـك ببیـت وبمریت، یا لەوانەیە لە ژێر دەستی پزیشکەکە هەر هەڵنەستیتەوە.

ئەی گەنج کە بـە داوی ناموسـی خەڵکـەوەی تـا کـەی؟ بـە تـەمای چەندێك بژیت؟

ئەی گەنج! ئەی پیاو! ئەی ژن! تا کەی سنورەکانی خوا دەبـەزێنن؟! تا کەی خیانەت دەکەیت؟!

تا کەی ڕیبا خواردن؟! تا کەی بەرتیل خـواردن؟! تـا کـەی ئـازاردانی دایك وباوك؟!

دونیا بێ نرخە دونیا زوو تەواو دەبێـت.

ئەی تاوانکار بیرت لەوە کردۆتەوە: کێ زەمانەتت دەکات نـەمریت وتەمەنت درێژ بێت تا تەوبە دەکەیت. دونیا کورتە، بڵـێ: ئـەی نـەفس سەبر بگرە بـەیانی لەگـەڵ حۆریەکانـدا لـە بەهەشـت شـاد دەبیتـەوە، خۆڕاگربـە دیـداری خـوای گـەورە نزیکـە. {فَمَـنْ كَـانَ يَرْجُـو لِقَـاءَ رَبِّـهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّـهِ أَحَـدًا} [الكهـف:١١٠]، «کـێ ئەیەوێ بگاتەوە لقائی خوا با کردەوەی چاك بکات، ئەوە دیداری خوای باڵا نزیکە». جا مرۆڤ زانـی دونیـا کورتـە، ڕازی نابێـت کـەمترین شـتی دونیا وبـێ کـەڵکترینی لەگـەڵ خۆیـدا ببـات بـۆ دواڕۆژ، اللهـم مەگـەر کەسێکی بێورە ونەفس نزم ودۆڕاو وڕووخاو ودڵ مردوو.

## شانزەهەم: پاڕانەوە وکڕوزانەوە لەوەی هەموو شتێکی لە دەستە

«السادس عشر: تعرضه إلى من القلوب بـين أصـبعيه، وأزمـة الأمـور بيديه، وانتهاء كل شيء إليه على الدوام».

بپاڕێتەوە وبکڕوزێتەوە لەو خوایەی کە دڵەکان لە نێوان پەنجەکانی ئەودایە، وکارەکان هەمووی لە دەستی ئەودایە، وهەمیشە ئەو بڕیار لە شتەکان دەدات. بەشکو نزاکانی بەر کاتی دابەزینی بەزەیی خوا کەوت، بەر ساتی گیرابوونی دوعا کەوت، بەر ئەو وەختە کەوت کە داوای هەرچی لە خوا بکرێت دەیبەخشێت، جا هەر کەس خوا سەرکەوتووی کرد بۆ دوعا پێشی دەبەخشێت وەك ئەڵێن: خوایە! ئەگەر ویستی پێبەخشینت نەبوایە پێم، داوات نەدەکر لێت بپارێمەوە.

جا بێتاقەت نەبی لە درەنگ گەیشتن، جاری وا هەیە خوا بێبەشت ناکات مەگەر بۆ ئەوەی پێت ببەخشێت، نەخۆشت ناکات مەگەر بۆ ئەوە شیفات بدات، هەژارت ناخات مەگەر بۆ ئەوەی دەوڵەمەندت بکات، ناتمرێنێت مەگەر بۆ ئەوەی زیندووت بکاتەوە، لە بەهەشت باوکمانی دەرنەکردووە مەگەر بۆ ئەوەی هەموومان پێکەوە بگەڕێنێتەوە.

لە ئەثەرێکدا هاتووە، هەندێك شاهێدیشی هەیە با بەم لەفزەش نەبێت کە ئەفەرموێت: «خوای گەورە لە ڕۆژەکانیدا نەفەحات وڕەحمەتی هەیە جا خۆتان بدەنە بەر نەفەحاتی خوا»، سا خۆتان بدەنە بەر بای ڕەحمەتی خوا.

جا لەوانەیە ساتێك لەو ساتانەی خۆت لە تاوان دوور دەخەیتەوە بەر ڕەحمەتی خوای میهرەبان بکەویت، یان ساتێك بێت لەو ساتانەی کە دووعای تێدا گیرایە. بپاڕێیتەوە وبڵێی: خوایە لەبەر تۆ تاوان ناکەم، خوای گەورەش لەبەر ئەو ڕستەیە وەڵامت بداتەوە وبۆ هەتا هەتایە کامەرانت بکات. ئەی خۆزگە بەو بەندەی خوای گەورە کامەرانی بۆ دەنوسێت بۆ هەتا هەتایە.

## حەڤدەهەم: وریای هەر دوو ڕاکێشەرەکە بە؛ هەم خێر وهەم شەڕ

«السابع عشر: أن يعلم العبد بأن فيه جاذبين متضادين، ومحنته بين الجاذبين: جاذب يجذبه إلى الرفيق الأعلى من أهل عليين، وجاذب يجذبه إلى أسفل سافلين».

ئەبێ بەندە بزانێت دوو ڕاکێشەر (جاذب)ی دژ بە یەکی هەیە، تاقیکردنەوەی ئەویش لەو نێوەندەدایە، ڕاکێشەرێك بەرەو بەرزی وبەزەیی وچاکەی دەبەن، ڕاکێشەرێکیش بەرەو هەرە نزمەکان ونەهامەتی وتاوان وسەرپێچی وشەیتانی دەبەن. جا هەتا دەرەجەیەك بەرز بێتەوە، پلەیەکی زیاتر لە نزمایی دوور دەکەوێتەوە، تاوەکوش دەرەکەیەکیش نزم بێتەوە، پلەیەك لە بەرزی لە دەست دەچێت، جا تاوان کردن بەرەو خوارت دەبات، بەرەو شەیتانت دەبات، بەرەو بەدبەختیت دەبات. ئەگەر ویستیشی بزانێ لەگەڵ ئەهلی ئاسمانەکانە یان لەگەڵ شەیتان وئەهلی ئەسفەلوئەسسافلین؟ با تەماشای ڕۆحی خۆی بکات لەم جیهانەدا لەکوێیە؟ ئەوا دڵنیا بێ دوای مردنیشی هەر لەوێیە.

## هەژدەهەم: چۆڵکردن پێش ڕازانەوە

«تفريغ المحل شرط لنزول غيث الرحمة».

یاسایەکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە: چۆڵکردنی لە گەردی شیرك وبیدعە وتاوان مەرجە بۆ ئەوەی خێر وبەرەکەت بڕژێت بەسەر دڵدا.

نمونەی ئەمە وەك کشتوکاڵکردن وایە:

ئەبێ بەندە بزانێت کە چۆڵکردنی شوێنەکە مەرجە بۆ دابەزینی بارانی ڕەحمەت، وخاوێن کردنەوەی لە دەغەڵ ومرۆر مەرجە بۆ زەرعاتێکی ڕێك وتەواو. یانی ئەبێت دڵت ئامادە بکەیت، باران لە خاکی بە پیت بێت سودی دەبێت، وبەربەستی لەسەر نەبێت، بۆ نموونە: خاکێك چینکۆیەکی لەسەر بێت باران چەند لێی بدات بێگومان گیا سەوز ناکات، وسودیشی نابێت، جا ئەبێت ئەو ڕێگرانە لابدات، بۆ ئەوەی سەوزایی وبەهار لەناو دڵتدا هەست پێبکەیت، پەیامبەر صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ ئەیفەرموو: «اللهم اجعل القرآن ربيع قلبي» «خوایە قورئان بکەیتە بەهاری دڵم».

جا ئەبێت شوێنەکە ئامادە بکەیت بۆ داباریني بارینی رەحمەت. جا ئەگەر شوێنەکەی چۆڵ نەکرد، ئەبێت چاوەڕێی بەروبومیش نەکات. ئەگەرش چۆڵی کرد بەڵام لە دەغەڵ ومرۆر بژاری نەکرد ئەوا زەرعاتێکی تێکەڵ وخراپی بۆ بەرهەم دێت. جا کە زەویەکی چاکت هەڵبژارد وچۆلت کرد وئامادەت کرد، ئینجا دوای باران بژارت کرد لە ڕۆکە زیانبەخشەکان، ئەوسا ئەبێت چاوەڕێی بەرهەمی چاك بکەیت. واتە: ئەبێت دڵت پاك بکەیتەوە ولە ویست وختورەی خراپ بەتاڵی بکەیەوە، پاشان تۆوی زیکر وخۆشەویستن وئیخلاص تێدا نا، وخۆیدا بەر بای ڕەحمەت، ولە کاتی خۆیدا چاوەڕێی دابەزینی بارانی ڕەحمەتی کرد ئەوە بە ویستی خوا دەگاتە ئامانج.

## نۆزدەهەم: خۆشی وسەربەرزی ڕاستەقینە لە دواڕۆژدایە

«أن يعلم العبد أن الله سبحانه خلقه لبقاء لا فناء له، ولعز لا ذل معه، وأمن لا خوف فيه، وغناء لا فقر معه، ولذة لا ألم معها».

ئەبێ بەندە بزانێت كە خوا ﷻ بۆ مانەوەیەكی هەمیشەیی وا دروستی كردووە كە فەنای بۆ نیە، بۆ سەربەرزیەك سەرشۆڕی تێدا نیە، بۆ ئەمانێك ترسی تێكەڵ نیە، وبۆ بێ نیازیەك نیازمەندی تێدا نیە، وبۆ خۆشی وچێژێك كە ناخۆشی لەگەڵدا نیە.

خوای گەورە دروستی كردوی تا بمێنیتەوە نەك فەنا بیت، جا تاوان لەناوت ئەبات وعومرت كورت دەكات ودوارۆژیشت باش نابێت لەگەڵیدا. خوای گەورە بۆ ئەوە دروستی كردویی تا بڕۆیتە بەهەشتەوە ولەوێدا شاد ببیتەوە، نەك بڕۆیتە دۆزەخەوە، باوكە ئادەمی نەخستە دۆزەخەوە خستیە بەهەشتەوە، دەریشی نەكرد مەگەر بۆ ئەوەی دووبارە بیگەڕێنێتەوە، ئیبن قەییم ئەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| وەرن بۆ بەهەشتەكان | مەنزڵگای یەكەمجارمان |
| ئێمە دیلی دوژمنین | چاوەڕیی زێد خۆمانین |

یانی: ئێستا دیلی شەیتانین ئەبێت خۆمانی لێ ڕزگار بكەین.

لە بنەڕەتدا ئێمە خەڵكی سەر زەوی نین، ئێمە خەڵكی ئاسمانین، ئێمە خەڵكی بەهەشتین، خەڵكی بەهار وسەوزی وڕازاوەیین، هەر بۆیە دڵیشمان بۆ سەوزایی وبەهەشت وباخ وباخات ئەڕوات، بۆیە خوا بۆ ئەوە دروستی كردوین بۆ ئەوەی خۆش بژین، نەك خراپ بژین، خوا بۆ ئەوە دروستی كردوین بۆ ئەوەی كامەران بین نەك بەدبەخت بین، دروستی كردوین بۆ ئەوەی لە ئەماندا بین نەك لە ترسدا. دروستی كردوین تا سەر بەرز بین نەك سەر شۆڕ. دەوڵەمەند بین نەك هەژار، لە تام وچێژدا بین نەك لە ئێش وئازار. لە كەماڵ وتەواویدا بین نەك لە كەموكورتی ونوقسانیدا بین. ئەمەش بریتیە لە بەهەشت: {جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ *

وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ * الَّذِي أَحَلَّنَا دَارَ الْمُقَامَةِ مِنْ فَضْلِهِ لَا يَمَسُّنَا فِيهَا نَصَبٌ وَلَا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٌ}

[فاطر:٣٣-٣٥].

ئەمەشمان بۆ بەدی نایەت تەنها بە تاعەتی خوای گەورە نەبێت. بشزانە ئەی موسڵمان شەیتان زۆر حەسودیت پێدەبات، زۆر سووره لەسەر ئەوەی هیچ خێر وخۆشی وچاکەیەکت پێ نەگات چونکە خۆی نیەتی.

## بیستهەم: هەوڵدان وتێکۆشان وخۆ دوورخستنەوە لە عادەتی خراپ

«العشرون: ألَّا يغتر العبد باعتقاده أن مجرد العلم بما ذكرنا كافٍ في حصول المقصود، بل لا بد أن يضيف إليه بذل الجهد في استعماله واستفراغ الوسع والطاقة فيه وملاك ذلك الخروج عن العوائد فإنها أعداء الكمال والفلاح فلا أفلح من استمر مع عوائده أبدًا».

نابێت بەندە فریو بخوات ووا بزانێت تەنها زانستی بەو خاڵانەی پێشوو هەبێت بەسە بۆ دووركەوتنەوە لە تاوان، بەڵکو ئەبێت لەگەڵ ئەوەدا هەوڵ وتەقالا بکات ئەم خاڵانە جێبەجێ بکات وهەوڵی خۆی بخاتە گەر، سەر هەموو ئەمانەش ئەوەیە واز لە عادەتی خراپ بهێنێت، چونکە خووی خراپ دژی کەماڵ وکامەرانیە، هەرگیز کەس سەرفراز نابێت لەگەڵ خووەکانیدا بەردەوام بێت. ئەمەش (واتە: دووركەوتنەوە لە خووی خراپ) بە ڕاکردن ئەبێت لە شوێنی فیتنە وەك پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «کێ بیستی دەججال هاتووە با لێی دوور بکەوێتەوە». بە کورتی کاتێك بەندە تاوانێك دەکات وخووی پێوە دەگرێت ئەبێت هەوڵ وتەقەلای خۆی بدات بۆ تەرك کردنی ئەو

خووە خراپە، وبەسودترین شتیش بریتیە لە واز هێنان لەو هۆکار وڕێگایانەی بەرەو ئەو خووە خراپەت دەبەن. ئەگەر بەرنامەیەکە، ئامێرێکە، ژمارەیەکە، ئافرەتێکە یا پیاوێکە، هاوڕێیەکە، تۆڕێکی کۆمەڵایەتیە؟ وازی لێبهێنە ئەگەر سەلامەتی خۆتت دەوێت! بەڵگەش بۆ ئەمە چیرۆکی کابرای پیاو کوژە کە سەد دەکوژێت وڕێی تەوبەی پیشان دەدرێ بەوەی شارەکەی خۆی بەجێبهێڵێ. ئیبن حەجەر ئەفەرموێت: ئاماژەی تێدایە لەسەر ئەوەی کە تەوبەکار ئەبێت ئەو حاڵ وبارانە واز لێبهێنێت کە خووی پێوە گرتووە لە کاتی تاوان کردنەکەیدا وهەر هەمووی واز لێبهێنێت بۆ حاڵێکی باشتر.

۞ ۞ ۞

لە کۆتاییدا لە خوای میهرەبان داواکرام ولێی دەپاڕیمەوە کە بە ئیمانەوە بمانگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی، وئاخیرمان خێر بکات وعەفومان بکات، بە لێبوردەیی خۆی لێمان ببورێت. خوایەگیان بە خراپی خۆمان لەگەڵمان نەیکەیت، بەڵکو بە فەزڵ وڕەحمەتی خۆت لەگەڵمان بیکەیت.

# پێڕست

پێشەکی ........................................ ٥
ڕێخۆشکار ........................................ ٧
زیانەکانی تاوان کردن ........................................ ١١
یەکەمیان: بێ بەش بوون لە زانستی شەرعی ........................................ ١٢
دووەم: بێ بەش بوون لە ڕۆزی یان کەمبوونەوەی ........................................ ١٤
سێیەم وچوارەم: هەستکردن بە وەحشەت وناڕەحەتی ........................................ ١٧
خاڵی پێنجەم: کارەکانی لەسەر قورس وگران دەبێت ........................................ ٢٠
شەشەم: هەست کردن بە تاریکیەکی ڕاستەقینە لە دڵیدا ........................................ ٢١
حەوتەم: تاوان دڵ ولاشە لاواز دەکات ........................................ ٢١
هەشتەم: بێبەش بوون لە تاعەتی خوای میهرەبان ........................................ ٢٢
نۆیەم: تاوان تەمەن کورتدەکاتەوە وبەرەکەتی ناهێڵێت ........................................ ٢٣
دەیەم: تاوانی تر بە دوای خۆیدا دەهێنێت ........................................ ٢٤
خاڵی یانزەهەم: ویستی دڵ لاواز دەکات ........................................ ٢٦
دوانزەهەم: ناشیرینی تاوان لە دڵ دا ناهێڵێت ........................................ ٢٧
سیانزەهەم: هەموو تاوانێك میراتی گەلێکی سزا دراوە ........................................ ٢٨
چواردەهەم: تاوان ئەبێتە مایەی ئەوەی بەندە لەبەر چاوی خوا بکەوێت ........................................ ٢٨
پانزەهەم: تاوانکردنت لا سوك وئاسان دەکات ........................................ ٣٠
شانزەهەم: شومیەکەی دەگەڕێتە بۆسەر خۆی وخەڵك وئاژەڵانیش ........................................ ٣١
حەڤدەهەم: مرۆڤ زەلیل وسەر کز وسەر شۆڕ دەکات ........................................ ٣٣
هەژدەهەم: عەقڵی مرۆڤ تێك دەدات، بیر وهۆشی لای خۆی ناهێڵێت. ٣٣
نۆزدەهەم: ئەبێتە مایەی مۆردان بەسەر دڵ ........................................ ٣٤

بیستەم: بەندە تووشی نەفرەتی خوا دەكەن ........................................... ٣٦
بیست ویەكەم: بێبەش بوون لە دوعای پەیامبەر ﷺ وفریشتەكانیش... ٣٨
بیست دووەم: سزایاكانی تر كە لە شەوی میعراجدا پیشاندرا................ ٣٩
بیست وسێ: كاریگەری لەسەر ئاو وهەوا وكشتوكاڵ بەروبووم................ ٤١
بیست چوار: هۆكاری ڕۆچوون وزەویلەرزە ونەمانی فەڕ وهاوشێوەكانی.. ٤٢
بیست وپێنجەم: كاریگەریەكانی تاوان لەسەر دەموچاو وشێوە ودیمەن .. ٤٣
بیست وشەشەم: تینی غیرەت لە دڵدا دادەمركێنێتەوە ......................... ٤٤
بیست وحەوتەم: شەرم وحەیا ناهێڵێت...................................................... ٤٥
بیست وهەشت: گەورەیی خوا لە دڵ دا لاواز دەكات ............................ ٤٥
بیست ونۆیەم: فەرامۆشكردن ووازلێهێنانی لەلایەن خواوە........................ ٤٧
سیهەم: لە بازنەی چاكەكاران ئەیباتە دەرەوە ........................................ ٤٨
سی ویەكەم: نیعمەت وخۆشیەكان ناهێڵێ وسزای خوا دێنێ ................. ٤٩
سی ودووهەمین: ترس ودڵەڕاوكێی بۆ دروست ئەبێت........................... ٥٠
سی وسێیهەمین: دڵ نەخۆش دەخات...................................................... ٥١
سی وچوارەمین: بینایی دڵ كوێر دەكاتەوە .............................................. ٥٢
سی وپێنجەمین: نەفسی تاوانكار بچوك دەكاتەوە.................................... ٥٣
سی وشەشەمین: خاوەنەكەی دەكاتە دیلی شەیتان................................. ٥٣
سی وحەوتەمین: كەسایەتی وپایە وپلە وڕێزی كەسەكە دەخات ............. ٥٥
سی وهەشتەمین: ناوە بەڕێزەكانی لێدادەماڵێ وناوی نابەڕێزی بە بەردا دەكا
............................................................................................................ ٥٥
سی ونۆهەمین: ئەبێتە مایەی پچڕانی پەیوەندی نێوان بەندە وخوا......... ٥٦
چلهەمین: بەرەكەتی تەمەن وڕۆزی وزانست وكار وتاعەت ناهێڵێت ....... ٥٨
چل ویەكەمین: ئەوەی پێشتر پێی نەدەوێرا ئێستا پێی دەوێرێ ................ ٥٩

چل ودووهەمین: لە کاتی ئەوپەڕی پێویستیدا تاوانەکان خیانەتی لێدەکەن ............ ٥٩

چل وسێهەمین: دڵ کوێر دەکات ............ ٦٠

چل وچوارەمین: یارمەتیدانێکە پێشکەشی شەیتانی دەکات لەدژی خۆی ٦٢

چل وپێنجهەمین: تاوان کردن بەندە لە بیری خۆی دەباتەوە............ ٦٢

چل وشەشەمین وکۆتایی: دووری دەخاتەوە لە فریشتە هاوەڵەکەی...... ٦٣

چۆنێتی خۆپاراستن لە تاوان ............ ٦٧

یەکەم: گەورەیی ومەزنی خوا ﷻ............ ٦٨

دووەم: خۆشویستنی خوا ﷻ............ ٦٩

سێیەم: نیعمەت وفەزڵ وچاکیەکانی خوا ﷻ............ ٧٠

چوارەم: تووڕە بوون وتۆڵەکردنەوەی خوا ﷻ............ ٧٥

پێنجەم: ئەو شتانەی بەهۆی تاوانکردنەوە لە دەستی دەچێت............ ٧٦

شەشەم: تام وچێژی ناچارکردنی نەفس وشەیتان............ ٧٩

حەوتەم: بردنەوەی قەرەبووی خوایی ﷻ............ ٨١

هەشتەم: لەگەڵ بوونی تایبەتی خوا ﷻ............ ٨٢

نۆیەم: ترسان لە لەپڕهاتنی ئەجەل............ ٨٣

دەیەم: بزانە چی بەڵای هەقیقی وچیش بێوەیی ڕاستەقینەیە؟............ ٨٤

یازدەهەم: خۆ توندوتۆڵکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خراپەخوازی............ ٨٥

دوازدەهەم: ڕێگەنەدان بە ختورە خراپەکانی نەفس............ ٨٧

سیازدەهەم: گۆڕینی هەوا وئارەزوو بۆ ئەوەی خوا پێی خۆشە............ ٨٨

چواردەهەم: بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی خوا ﷻ............ ٨٩

پانزەهەم: دونیا بێنرخ وفانیە وخێرا تەواو دەبێت............ ٩١

شانزەهەم: پاڕانەوە وکڕوزانەوە لەوەی هەموو شتێکی لە دەستە............ ٩٢

حەڤدەهەم: وریای هەر دوو ڕاکێشەرەکە بە؛ هەم خێر وهەم شەڕ........ ٩٤
هەژدەهەم: چۆڵکردن پێش ڕازانەوە ........................................................ ٩٤
نۆزدەهەم: خۆشی وسەربەرزی ڕاستەقینە لە دوارِژدایە........................... ٩٥
بیستەهەم: هەوڵدان وتێکۆشان وخۆ دوورخستنەوە لە عادەتی خراپ ...... ٩٧
پێڕست ..................................................................................................... ٩٩